هاتنی عەرەب بۆ گۆڕینی ڕەوشی کەرکووک پێچەوانەی دەستووری هەمیشەیی عێراقە

تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

XEBAT

خەبات

ڕۆژنامەیەکی سیاسیی ڕۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە (5795)ی ساڵی شەشەم 23ی تەممووز 2019 «16» لاپەڕە «500» دینار

پرۆسەی تەعریب و بەعەرەبکردنی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەردەوامە و بەرپرسێکی کوردیش لە کەرکووک ئاشکرای کرد، بەپێی هەندێ ئامار تا ئێستا 60 هەزار عەرەبی شۆڤێنی لە ناوچەکانی دیکەی عێراقەوە هاتوونەتە کەرکووک. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**

سەرکردەیەکی سوننەکان: ئەگەر عێراق سەقامگیریی دەوێت پێویستە لەگەڵ حکوومەتی هەرێم ڕێکبکەوێت

سەرکردەیەکی سوننەکان دەڵێ، حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە کۆمەڵێک پێشنیارەوە سەردانی بەغدای کرد بۆ ئەوەی لەبارەی کێشەکانی نێوانیان بگەنە ڕێککەوتن و حکوومەتی عێراقیش گەر بیەوێت وڵاتەکە لە هەموو ڕووەکانەوە سەقامگیر بێت، پێویستە لەگەڵ هەرێم بگاتە ڕێککەوتن و کێشەکان چارەسەر بکات. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**

سەرۆکی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان کرد

یەکڕیزیی لایەنە سیاسییەکانی کوردستان و هاوکارییان ڕۆڵ و پێگەی هەرێمی کوردستان بەهێزتر دەکات



لە دیدارێکی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستاندا لەگەڵ ئەندامانی سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان کە بەمەبەستی پیرۆزباییکردن سەردانی بەڕێزیان کردبوو، شاندی میوان وێڕای پیرۆزباییکردن و دووپاتکردەوەی پالپشتیی خۆیان بۆ بەڕێزیان، ڕۆڵی بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستانیان لە قۆناغە جیاوازەکانی ڕابردوودا لە تێپەڕاندنی قەیرانەکان و چارەسەرکردنی کێشەکان، بەرز نرخاند. هەر لە دیدارەکەدا کە دوێنێ دووشەمە 2019/7/22 لە هەولێر بەڕێوەچوو، بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان سوپاسی پالپشتی و هاوکاریی پارتی دیموکراتی کوردستانی کرد لە ڕووبەڕووبوونەوەی تەحەددی و تێپەڕاندنی قەیرانەکان، هەروەها جەختی لەوە کردەوە کە یەکڕیزیی لایەنە سیاسییەکانی کوردستان و هاوکارییان لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان و عێراق، ڕۆڵ و پێگەی هەرێمی کوردستان بەهێزتر دەکات و لەمبارەیەوە پێداگری لەسەر ڕۆڵی پارتی دیموکراتی کوردستان کرد.

میدیاکانی عێراق دیدگای مەسرور بارزانی بۆ چارەسەری کێشەکان بە کراوەو ئەرێنی دەبینن



وتارەکەی مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان کە لە ڕۆژنامەی بەناوبانگی واشنتن پۆستی ئەمەریکی بڵاوکرایەوە، لە ئاستی ناوخۆی کوردستان و عێراق و دەرەوەشدا بایەخێکی زۆری پێدرا. ڕۆژنامە بەربڵاو و پێگە هەواڵییەکانی عێراق، تیشکی زۆریان خستە سەر وتارەکە و بە ئەرێنی و کرانەوەیەکی گەورە ناویان بردووە. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**

مەسیحییەکان بە بەشداریی لە کابینەی نوێی حکوومەت گەشبینن

مەسیحییەکان خۆشحاڵن بە بەشداریی کارایان لە کابینەی نوێی حکوومەت و پەرلەمانتارێکی مەسیحی دەڵێت: گرنگە مەسیحییەکان وەزیرێکیان هەبێ. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**

نووسەر و ڕۆژنامەنووس و شاعیر فەرید زامدار کۆچی دواییکرد



شەوی یەکشەمە کاتژمێر یانزە و پەنجا خولەک، نووسەر و ڕۆژنامەنووس و شاعیری دیاری کورد، فەرید زامدار، بەهۆی نەخۆشییەوە کۆچی دواییکرد، ناوبراو ئەگەرچی بەهۆی نەخۆشییەکەی ماوەیەک بوو کەمێک لە نووسین و چالاکییە سیاسی و هونەرییەکان دوورکەوتبووەوە، بەڵام خاوەنی قەڵەمێکی دیار و نیشتمانپەر بوو. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

دووەمین کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ئەنجامدرا

لیژنەی هاوبەش لەگەڵ بەغدا بەم زووانە دەست بە گفتوگۆ دەکەن



دوێنێ دووشەمە 22ی تەمووزی 2019 ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بە سەرۆکایەتی مەسرور بارزانی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران دووەمین کۆبوونەوەی خۆی ساز کرد. لە کۆبوونەوەکەدا ئەنجومەنی وەزیران بە تۆندی ڕووداوە تیرۆریستییەکەی تەقەکردن لە ڕێستورانتێکی هەولێر سەرکۆنە کرد و دەستخۆشی لە دەزگاکانی ئاسایشی هەرێمی کوردستان کرد کە لە ماوەیەکی کورتدا توانیان ئەنجامدەرانی کردەوەکە دەستگیربکەن. هەروەها ئەنجومەنی وەزیران هاوخەمیشی لەگەڵ کەسوکاری قوربانییانی ڕووداوەکە دەربڕی. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

لە نیسانی 2020 هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان بە شاری کەرکووکیشەوە بەڕێوەدەچێ



کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق پلانی پێنج ساڵەی لە 2017 بۆ 2022 لە هۆتێل ڕۆتانا لە شاری هەولێر ڕاگەیاند بە ئامادەبوونی ژمارەیەک لە کۆمیسیارانی کۆمیسیۆنەکە و بەڕێوەبەرانی گشتی ئۆفیسەکانی لە پارێزگاکانی عێراق کە تێیدا چەندین پرسی پەیوەست بە هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی عێراقیش باسکران کە بڕیارە لە نیسانی 2020 لە پارێزگاکانی عێراق ئەنجامبدرێت جگە لە سێ پارێزگا نەبێت. **(زیاتر لە ل4 بخوێنەوە)**

بەهۆی خواردنەوەی ئاوی پیس 118 هەزار کەس لە بەسرە ژەهراوی بوون



(زیاتر لە ل4 بخوێنەوە)

ژمارەیەک بازرگانی دەرمانی قاچاغ و ساختە دەستگیر کراون و دراونەتە دادگا

دامەزراوەیەکی گرنگی وەکو کوالیتی کۆنترۆڵی دەرمان لەکوردستان تاڕادەیەکی بەرچاو توانیویەتی خزمەتی هاوواڵتیانی کوردستان بکات لە ڕووی پشکنین و بەدواداچوون لەسەر هەموو جۆرەکانی دەرمان بکات جگە لەوەش توانیویەتی ڕێنمایی گرنگ بە هاوواڵتیان بدات. **(زیاتر لە ل7 بخوێنەوە)**





حکوومەتی هەرێمی کوردستان 700 یەکەی نیشتەجێبوون دابەش دەکات

بڕیکاری وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ کاروباری ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێبوون ڕایدەگەیەنێت، پڕۆژەی خزمەتگوزاری بۆ 700یەکەی نیشتەجێبوون دابین کراوە، دوای تەواوبوونی خزمەتگوزارییەکانی یەکەکەکانی نیشتەجێبوونیش، بەسەر هاوواڵتییاندا دابەش دەکرێن. **(زیاتر لە ل6 بخوێنەوە)**



پرسەنامەی سەرۆک بارزانی بەبۆنەی کۆچی دوایی فەرید زامدار

دوێنێ دووشەممە سەرۆک بارزانی، لە پەیامێکدا بەبۆنەی کۆچی دوایی فەرید زامداری شاعیرەوە، پرسە و سەرەخۆشی لە خانەوادەی خوالێخۆشبوو کرد، ئەمەش دەقی پەیامەکەیە:

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان

بۆ خانەوادەی بەڕێزی خوالێخۆشبوو فەرید زامدار

بە داخەوە هەواڵی کۆچی دوایی پێشمەرگە و نووسەر و ڕۆشنبیر، کاک (فەرید زامدار)م پێ گەیشت.

لەم بۆنە خەمناکەدا، پرسە و سەرەخۆشی ئاراستەی خانەوادە تێکۆشەرەکەتان و هەڤاڵانی کاک فەرید دەکەم و خۆم بە هاوبەشی خەمتان دەزانم.

لە خوای گەورە دەپاڕێمەوە گیانی کاک فەرید زامدار بخاتە بەر دلۆڤانیی خۆی و دڵنەوایی هەموولایەک بدات.

انا لله وانا اليه راجعون

مەسعود بارزانی
22ی7ی2019



سەرۆکی هەرێمی کوردستان:

فەرید زامدار بۆ هەمیشە لە دنیای ئەدەبی کوردیدا بە زیندوویی دەمێنێتەوە

بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، لە پەیامێکدا بەبۆنەی کۆچی دوایی مامۆستا فەرید زامداری شاعیرەوە، پرسە و سەرەخۆشی لە خانەوادە و کەسوکاری کرد، ئەمەش دەقی پەیامەکەیە:

هەواڵی کۆچی دواییی شاعیری دیاری کوردستان خوالێخۆشبوو مامۆستا فەرید زامدارم پێگەیشت. بەم بۆنە خەمناکەوە پرسەو سەرەخۆشی لە خانەوادە و کەسوکار و دۆست و هاوڕێیان و لە شاعیر و نووسەران و ئەدەبدۆستانی کوردستان دەکەم، هاوبەشی خەمیانم. خوای مەزن گیانی خوالێخۆشبوو بە بەهەشت شاد بکات و سەبووری و دڵنەواییی هەمووان بداتەوە.

یادی مامۆستا فەرید زامدار بە بەرهەم و وشە و شیعرە جوان و بەپێزەکانی، بۆ هەمیشە لە دنیای ئەدەبی کوردیدا بە زیندوویی دەمێنێتەوە.

نێچیرڤان بارزانی
سەرۆکی هەرێمی کوردستان
2019/7/22



سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان:

مامۆستا فەرید زامدار نووسەرێکی نیشتمانپەروەری بە هەڵوێست بوو

مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، بە هۆی کۆچی دوایی فەرید زامدار، نووسەر و ڕۆژنامەنووس، پرسەنامەیەکی ئاراستەی بنەماڵە و هاوڕێ و دۆستانی کۆچکردوو کرد. لە پرسەنامەکەدا هاتووە "مامۆستا فەرید زامدار نووسەرێکی نیشتمانپەروەری بە هەڵوێست بوو".

ئەمەش دەقی پرسەنامەکەیە:

بۆ بنەماڵەی نووسەر و ڕۆژنامەنووس فەرید زامدار

بەداخەوە هەواڵی کۆچی دوایی نووسەر و ڕاگەیەندنکاری ناسراوی کوردستان فەرید زامدار مان بیست. پرسە وسەرەخۆشی گەرمی خۆمان ئاراستەی بنەماڵە و هاوڕێ و دۆستەکانی دەکەین. مامۆستا فەرید زامدار نووسەرێکی نیشتمانپەروەری بە هەڵوێست بوو. خوای مەزن بە بەهەشتی شاد بکات و ئارامی و دڵنەواییش بە کەسوکاری ببەخشێت.

مەسرور بارزانی
سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان
2019/7/22

نووسەر و ڕۆژنامەنووس فەرید زامدار کۆچی دواییکرد

خەبات: شەوی یەکشەممە کاتژمێر یانزە و پەنجا خولەک، نووسەر و ڕۆژنامەنووسی دیاری کورد، فەرید زامدار، بەهۆی نەخۆشییەوە کۆچی دواییکرد، ناوبراو ئەگەرچی بەهۆی نەخۆشییەکەی ماوەیەک بوو کەمێک لە نووسین و چالاکییە سیاسی و هونەرییەکان دوورکەوتبووەوە، بەڵام خاوەنی قەڵەمێکی دیار و نیشتمانپەر بوو، بە جۆرێک بۆچوونەکانی جێی سەرنج و بایەخی خوێنەرانی بوون.

فەرید زامدار، لە ساڵی 1952لە شاری هەولێر لە دایکبووە، نووسەر و ڕۆژنامەنووسێکی ناسراوی کوردستان بوو، هەروەها چەندین دیوانی شیعری بە چاپ گەیاندووە و ئەندامی یەکێتیی نووسەرانی کوردیش بوو، بەردەوامیش لە گۆڤار و ڕۆژنامە کوردییەکان دەینووسی. دوو دیوانی بەناوەکانی هەوری بروسکەی مەبەستێک، ژوانی سێبەر، چاپ کردووە.

شەوی یەکشەممە 2019/7/21 لە تەمەنی 67 ساڵی و لە دوای ملمالانێیەکی سەخت لەگەڵ نەخۆشیدا کۆچی دواییکرد.

دووەمین کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ئەنجامدرا

ڕێنمایی پێویست بۆ جێبەجێکردنی بڕیارو ڕاسپاردەکانی یەکەمین کۆبوونەوە درا

لێژنەی هاوبەش لەگەڵ بەغدا بەم زووانە دەست بە گفتوگۆ دەکەن

بەدەستخستنی زانیاری و بەڵگەنامەی پێویست لە ڕێی ماڵپەڕی نوێی حکوومەت www.gov.krd



دوێنێ دووشەممە 22ی تەمووزی 2019ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بە سەرۆکایەتی مەسرور بارزانی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران دووەمین کۆبوونەوەی خۆی ساز کرد. لە کۆبوونەوەکەدا ئەنجومەنی وەزیران بە توندی ڕووداوە تیرۆریستییەکەی تەقەکردن لە ڕێستورانتێکی هەولێر سەرکۆنە کرد و دەستخۆشی لە دەزگاکانی ئاسایشی هەرێمی کوردستان کرد کە لە ماوەیەکی کورتدا توانیان ئەنجامدەرانی کردەوەکە دەستگیربکەن. هەروەها ئەنجومەنی وەزیران هاوخەمیشی لەگەڵ کەسوکاری قوربانییانی ڕووداوەکە دەربڕی.

ئینجا گفتوگۆ لە بارەی ڕێوشوێنی جێبەجێکردنی بڕیارەکانی یەکەمین کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران کرا و وەزیرەکان سەرنج وتێبینی خۆیان خستەڕوو. سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران وەزیرەکانی ڕاسپارد لە داموەدەزگاکانی حکوومەتدا بە باشترین شێوە ڕێز لە هاوڵاتیان بگیرێ و جیاوازی لە مامەڵەکردندا نەکرێت.

پەیوەست بەمەش بڕیارە وەزارەتەکان ڕێنمایی تایبەت دەربکەن بۆ جێبەجێکردنی بڕیارەکانی ئەنجومەنی وەزیران. هەروەها فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون ڕاسپێردرا بەدواداچوون بۆ جێبەجێکردنی بڕیارەکان بکات.

پاشان سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران تیشکی خستە سەر سەردانی شاندی باڵای حکوومەتی هەرێم بۆ بەغدا کە بە شێوەیەکی زۆر ورد داتا و زانیاریی پێویستی لەبارەی مافە دەستوورییەکانی خەڵکی کوردستان بۆ بەرپرسە باڵاکانی حکوومەتی عێراق ڕوونکردبووەوە. کە بڕیارە شاندی هاوبەشی هەردوولا لە نزیکترین کاتدا دەست بە گفتوگۆی چڕ بکەن بۆ دانانی میکانیزمی چارەسەرکردنی کێشە هەڵپەرسێردراوەکان لەگەڵ بەغدا.

لە بەشێکی دیکەی کۆبوونەوەکەدا گفتوگۆ لەبارەی گرنگی و بایەخیی بە ئەلیکترۆنیکردنی کاروبارەکانی حکوومەت کرا وەک لە کارنامەی کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێمدا هاتووە.

ئاماژە بەوەش درا کە ئێستا ماڵپەڕی نوێی حکوومەتی هەرێمی کوردستان وەک ماڵپەڕێکی یەکگرتووی گشت وەزارەت و فەرمانگەکانی حکوومەت بە شێوەیەکی پرۆفیشناڵ و پێشکەوتوو کراوەتەوە و بڕیارە لە ئایندەدا لە ڕێگەی ئەو ماڵپەڕەوە خزمەتگوزاری گشتی و بەدەستهێنانی بەڵگەنامە و زانیاری پێویست پێشکەشی هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان بکات و ببێتە هەنگاوێک بەرەو بە ئەلیکترۆنیکردنی ئیشوکارەکانی حکوومەت.

22ی تەمووزی 2019

پرسەنامەی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ بنەماڵەی خاتوو حاجی خاڵ شیرین حەمە کەریم

بە بۆنەی کۆچی دوایی دایکی سێ شەهیدی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان، مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، پەیامێکی سەرەخۆشیی ئاراستەی خانەوادەی خاتوو حاجی خاڵ شیرین حەمە کەریم دەرەقەیسەری دەکات. ئەمەش دەقی پرسەنامەکەیە:

بۆ بنەماڵەی خاتوو حاجی خاڵ شیرین حەمە کەریم

بەداخەوە هەواڵی کۆچی دوایی خاتوو حاجی خاڵ شیرین حەمەکەریم دەرەقەیسەریان پێگەیشت کە لە بنەماڵەیەکی نیشتمانپەروەری دەڤەری هەورامانە و دایکی هەر سێ شەهید (جەلال و سەردار و سەباح) بە. پرسە و سەرەخۆشی گەرمی خۆمان ئاراستەی بنەماڵە تێکۆشەرەکەیان دەکەین و خوای مەزن بە بەهەشتی شاد بکات.

مەسرور بارزانی
سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان
2019/7/22

ئۆپەراسیۆنی ئیرادەی نەسر:

هێزە عێراقییەکان 50 گوندیان لە باشووری بەغدا لە شانە نووستووەکانی داعش پاکسازکردووە

ڕاگەیەندرا کە هێزە عێراقییەکان لە میانی قۆناغی دووەمی ئۆپەراسیۆنی ئیرادەی نەسردا، 50 گوندیان لە باشووری بەغدا لە شانە نووستووەکانی داعش پاکسازکردووە. ئەفسەر لە پۆلیسی بەغدا، نەقیب ئەحمەد خەڵەف سەبارەت پێشهاتەکانی قۆناغی دووەمی ئۆپەراسیۆنی "ئیرادەی نەسر" کە هێزە عێراقییەکان بە ئامانجی پاکسازیکردنی سنووری باکووری شاری بەغدا تا دەگاتە ناوچەکانی دەوروبەری پارێزگاکانی دیالە، سەلاحەددین و ئەنبار دەستیان پێی کردووە گوتی: لە میانی قۆناغی دووەمی ئۆپەراسیۆنەکەدا، هێزە عێراقییەکان، 50 گوندیان لە سنووری قەزای تارمییە باکووری بەغدا لە شانە نووستووەکانی داعش پاکسازکردووە، هەروەها دەستیان بەسەر ژمارەیەک چەک و بڕێک تەقەمەنییدا گرتووە. ئاشکراشی کردووە کە هەر لە میانی قۆناغی دووەمی ئۆپەراسیۆنی "ئیرادەی نەسر"دا، ژمارەیەک حەشارگەی شانە نووستووەکانی داعش لە باکووری بەغدا خاپوورکراون. جێی باسە ڕۆژی شەممەی ڕابردوو وەزارەتی بەرگریی عێراق، قۆناغی دووەمی ئۆپەراسیۆنی "ئیرادەی نەسر"ی ڕاگەیاندبوو. وەزارەتی بەرگریی عێراق ڕاشیگەیاندبوو کە قۆناغی دووەمی ئۆپەراسیۆنەکە پاکسازیکردنی سنووری باکووری شاری بەغدا تا دەگاتە ناوچەکانی دەوروبەری پارێزگاکانی دیالە، سەلاحەددین و ئەنبار دەگرێتەوە.

میدیاکانی عێراق دیدگای مەسرور بارزانی بۆ چارەسەری کێشەکان بە کراوەو ئەرێنی دەبینن







وتارەکەی مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان کە لە رۆژنامەی بەناوبانگی واشنتن پۆستی ئەمەریکی بڵاوکرایەوە، لە ئاستی ناوخۆی کوردستان و عێراق و دەرەوەشدا بایەخێکی زۆری پێدرا. رۆژنامە بەربڵاو و پێگە هەواڵییەکانی عێراق، تیشکی زۆریان خستە سەر وتارەکە و بە ئەرێنی و کراوەوەیەکی گەورە ناویان بردووە.

بەپێی مالپەڕی K24 رۆژی شەممە رۆژنامەی فەرمی عێراق (الصباح) بەبایەخەوە وتارەکەی واشنتن پۆستی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستانی هەڵسەنگاندووە و ئەو بەشەی پەیوەستە بە چارەسەری کێشەکان و کرانەوە بە رووی عێراقدا بە ئەرێنی و کرانەوەیەکی زیاتر ناوەبات و نوسیوویەتی: "وتارەکەی مەسرور بارزانی کە لە میدیاکاندا بڵاوکراوەتەوە ئیجابی و کرانەوەیەکی زیاترە بەسەر بەغدادا و ئامادەی بەوەکردووە ئێستا کاتی هاوبەشیی راستەقینەیە و بۆ ڕێککەوتنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا هەنگاوی پێویست دەگرێتەبەر کە لە ماوەی شازدە ساڵی ڕابردوو بەردەوام گرژی هەبووە و ئێستاش کاتی ئەوە هاتووە پەیوەندییەکی هاوسەنگ لەگەڵ بەغدا هەبێت".

هەروەها لە رۆژنامەکانی (الزمان و المدى) بە گرنگییەوە وتارەکەی سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستانیان بڵاوکردەوە و پەیامەکانی ناو وتارەکەی سەرۆک وەزیران و سەردانەکەی بۆ بەغدا بە ئومێدبەخش دەبینن.

چونکە سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە بەشێکی وتارەکەی رۆژنامە ئەمەریکییەکەدا باسی سەردانەکەی بۆ بەغدا دەکات و دەڵێت: وەک سەرۆک وەزیران، ئەم هەفتەیە سەردانی عادل عەبدولمەهدی، سەرۆک وەزیرانی عێراقم کرد و بە ئامانجی چارەسەرکردنی ناکۆکییەکانی نێوانمان لە پەیوەست بە نەوت، ناوچە جێناکۆکەکان، بودجە و ڕۆڵی هێزە چەکدارەکانمان، کۆمەڵێک پێشنیازم خستنەڕوو. دەمەوێ لە ڕێگای دابەشکردنی هاوسەنگ و دادپەروەرانەی بودجەوە، ڕێز لە ڕێککەوتنەکانمان بگیرێت. ئەم بڕیارەش دەتوانێت بناغەیەکی پتەوی هاوکاریی نێوانمان بێت بۆ ئایندە. دواڕۆژی ئێمە پەیوەستە بە عێراقێکی سەقامگیر و دیموکرات.

میدیاکانی عێراق لەو گۆشەیەی باسی پەیوەستبوونی ئایندەی هەرێمی کوردستان دەکات بە عێراقێکی سەقامگیر و دیموکراتەوە زیاتر ڕۆچوونەتە ناو پەیامەکە و وایدەبینن قۆناخێکی نوێ لەنێوان بەغدا و هەرێم بێتە ئاراوە، چونکە لە بەغداش حکوومەت گۆڕاوە و عادل عەبدولمەهدی سەرۆک وەزیرانی عێراقە کە بە کەسێکی "کراوە ناودەبرێت و باوەڕی بە کێشەی کورد هەیە".

لە دوای ڕووخاندنی رژێمی سەددام حسێن لە ساڵی 2003 تا سەردەمی کابینەی پێشووی حکوومەتی عێراق بە سەرۆکایەتی حەیدەر عەبادی، هەرێمی کوردستان هەوڵی زۆریداوە مافەکانی بۆدا. بەڵام پێشێلکارییە دەستوورییەکان و پەراوێزخستنی ئەو بڕگە و ماددە دەستوورییانەی کێشەکانی کوردیان تێدا جێکراوەتەوە، دۆخەکەی بەرەو ئاراستەی بەرەکەوتن برد. هەرێمی کوردستانی گەیاندە بڕیاری ریفراندۆمی سەربەخۆیی.

مەسرور بارزانی لە وتارەکەیدا باسی ریفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستانیشی کردووە و نوسیوویەتی: "ساڵی 2017 هەرێمی کوردستان ریفراندۆمی سەربەخۆیی ئەنجامدا، دەنگدانەکە هیچ پابەندبوونێک یان مولزەم نەبوو، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا 93% ی خەڵک، بە (بەڵێ) دەنگیان دا.

ئەمە لەکاتێکدا بوو کە چاوەڕوانی ئەوەمان لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەکرد، لە پەیوەست بە مافی بڕیاردانی چارەنووس، پشتگیریی زیاترمان بکات. کاری لەپێشینەمان بوونیادنانی کوردستانێکی بەهێز و سەقامگیرە، بۆ بەگوێرەی ئەو دەستوورە وەربگێڕێتەوە کە گەلانی عێراق لە ساڵی 2005 دەنگیان پێدا.

ئەمەش چاومان لە پشتگیریی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییە. لەم ڕووەوە چاوەڕوانی ددانپێدانان بە ڕۆڵی جیهانی و بوونیادنەرانەمان لەوانە دەکەین، کە لە پاراستنیاندا هاوکاریان بووین، ئەمەش بە هاوکاریکردنمان لە بوونیادنانی ئابووریەکەمان".

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەو وتاردا ئامانجەکانی کابینەکەشی بۆ کۆمەڵگای نێودەوڵەتی ڕوون کردووەتەوە و باسی ئەو کێشە و گرفتانەشی کردووە کە بەهۆی شەڕ و نەهامەتییەوە بەرۆکی خەڵکی کوردستان و ناوچەکەی گرتووە و نوسیوویەتی: بەدرێژایی تەمەنی چەندین نەوە، بە هۆی شەڕو ئاڵۆزی، هەموو خێزانێک لە هەرێمی کوردستانی عێراق، زیانی کەسیی بەرکەوتووە. چیتر نامانەوێ و ناشتوانین بە هۆی شەڕو ناکۆکی لایەنەکان و دراوسێکان، کە دەرهاوێشتەیەکی خراپیی بە جێهێشتوە، دەستبەرداری هەماهەنگی و هاوسۆزیی بین، یان ئەو قوربانییانە لەبەرچاو نەگرین، کە خەڵکێکی زۆر داویانە.

سەرنجی دۆست و هاوڕێیانی گەلی کوردستان و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی ڕاکێشاوە و داوای کردووە لە تێپەڕاندنی قەیرانەکان و چارەسەری کێشە سیاسی و ئابووریەکاندا هاوکار و یارمەتیدەربن، لەوبارەیەوە نوسیوویەتی: هەنووکە کاتی ئەوە هاتووە هەوڵی زیاتر بدەن و کاری لەمە زیاتر بکەن. سەر لەنوێ ڕۆڵی نێوەندگیرێکی پاک دەگێڕین، کە هەمووان متمانەی پێ بکەن.

ئەمەش لە ڕوانگەی دۆستایەتی و هاوڕێیەتی ڕاستەقینەوە دەکەین. دوای ئەوەی پاڵشتیی نەگۆڕی خۆمان بۆ بەرژەوەندیی هاوپەیمانەکانمان نیشاندا، لە نێویاندا ئەمەریکا، هەروەها پابەندیی خۆمان بە بەها و پرەنسیپە دیموکراتییەکان سەلماند. ئێستا پێویستیمان بەوەیە دۆستەکانمان، هاوکارمان بن لە سەرلەنوێ دەستپێکردنەوە.

سەرکردەیەکی سوننەکان: ئەگەر عێراق سەقامگیریی دەوێت پێویستە لەگەڵ حکوومەتی هەرێم ڕێکبکەوێت

سەرکردەیەکی سوننەکان دەڵێ، حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە کۆمەڵێک پێشنیارەوە سەردانی بەغدای کرد بۆ ئەوەی لەبارەی کێشەکانی نێوانیان بگەنە ڕێککەوتن و حکوومەتی عێراقیش گەر بیەوێت وڵاتەکە لە هەموو ڕووەکانەوە سەقامگیر بێت، پێویستە لەگەڵ هەرێم بگاتە ڕێککەوتن و کێشەکان چارەسەر بکات. د. عەلا مەکی، سەرکردەی سوننەکان، بە مالپەڕی فەرمیی پارتیی ڕاگەیاندووە: حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەیەوێت کێشەکان لەگەڵ بەغدا چارە بکرێن و چیی تر ئەو کێشانە بەردەوام نەبن، هەربۆیە سەرۆکی حکوومەتی هەرێم لە سەرەتای دەستبەکاربوونیدا سەردانی بەغدای کرد، کە ئەمەش دەستپێشخەرییەکی زۆر ئەرێنی بوو و پێویستە حکوومەتی عێراقیش لەگەڵ حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە هەمان شێوە بێت و پێشوازی لەو دەستپێشخەرییە بکات.

د. عەلا مەکی گوتیشی: حکوومەتی هەرێمی کوردستان کۆمەڵێک پێشنیاری بۆ چارەکردنی کێشەکان پێ بووە و گەیاندوویەتی بە بەغدا بۆ ئەوەی لەسەری بگەنە ڕێککەوتن، بۆیە هیوادارین بگەنە ڕێککەوتن و کێشەکانی نێوانیان چارە بکرێت. باسی لەوەش کردووە: حکوومەتی عێراق گەر بیەوێت لە ڕووی سیاسی و ئەمنی و ئابووریەوە عێراق سەقامگیر بێت، پێویستە لەگەڵ حکوومەتی هەرێمی کوردستان بگاتە ڕێککەوتن و کێشەکانی چارە بکات، چونکە لە هەر شوێنێکی عێراق کێشە هەبێت، سەقامگیری نابێت، بەتایبەت لەگەڵ هەرێمی کوردستان، بۆیە ناکرێت چیی تر کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغدا بەردەوام بن و پێویستە چارە بکرێن.

هاتنی عەرەب بۆ گۆڕینی ڕەوشی کەرکووک پێچەوانەی دەستووری هەمیشەیی عێراقە

دڵشاد پیرۆت: تا ئێستا 60 هەزار عەرەب لە ناوچەکانی دیکەی عێراقەوە هاتوونەتە کەرکووک

ئا/ قائید میرۆ: پڕۆسەی تەعریب و بەعەرەبکردنی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەردەوامە و بەڕێرسێکی کوردیش لە کەرکووک ئاشکرای کرد، بەپێی هەندێ ئامار تا ئێستا 60 هەزار عەرەبی شۆڤینی لە ناوچەکانی دیکەی عێراقەوە هاتوونەتە کەرکووک.

دڵشاد پیرۆت، ئەندامی لیستی برایەتیی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک، بە مالپەڕی فەرمیی پارتیی ڕاگەیاندووە: بەداخەوە پڕۆسەی تەعریب لە کەرکووک هێشتا درێژەی هەیە و ژمارەیەکی بەرچاوی خێزانی عەرەب لە ناوچە جیاوازەکانی عێراقەوە هاوردەی شاری کەرکووک و دەوروبەری کراون، لە بەرانبەردا کورد لەسەر زەویی باب و باپیرانی دەردەکرێت و دەست بەسەر زەوی و ملکی هاوواڵاتیانی کوردی کەرکووکدا دەگیرێت.

ئەندامەکەی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک گوتیشی: هاتنی عەرەب بۆ گۆڕینی ڕەوشی کەرکووک لە بەرژەوەندیی پێکهاتەیەک پێچەوانەی دەستووری هەمیشەیی عێراقە و پێویستە ڕەوشەکە ئاسایی بکرێتەوە، چونکە مەترسی بۆ سەر کەرکووک زیادی کردووە و لە زۆر ناوچەش هەڕەشە لە کورد دەکرێت بۆ تێکدانی خانووەکانیان. پەیوەیست بە ژمارەی ئەو عەرەبە شۆڤینیانەی هاتوونەتە کەرکووک، پیرۆت دەڵێت: لە دوای ڕووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەرەوە ئێمە نەگەڕاوینەتەوە بۆ شارەکەمان، بەڵام هەر خۆیان، ئەوانەی لە کەرکووکن، ئاماری هاوردەکردنی عەرەب بڵاوەکەنەوە و بەپێی ئاماری بەردەست تا ئێستا 60 هەزار عەرەب لە دەرەوە هاتوونەتە کەرکووک و زۆربەشیان لە سنووری قەزای دوبز جێگیر بوونە، چونکە ئەو ناوچەیە زۆربەی نەوتی کەرکووکی تێدایە.

مەسیحییەکان بە بەشداریی لە کابینەی نوێی حکوومەت گەشبینن

فەرید یەعقووب بۆ «خەبات»: گرنگە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پشتیوانیی کابینەی نوێ و پێکهاتەکانی کوردستان بکات



مەسیحییەکان خۆشحاڵن بە بەشداریی کارایان لە کابینەی نوێی حکوومەت و پەرلەمانتارێکی مەسیحی دەڵێت: گرنگە مەسیحییەکان وەزیرێکیان هەیە. وەحیدە یاقۆ هرمز، کەسایەتی کریستیان و پەرلەمانتاری پێشووی پەرلەمانی کوردستان بە خەباتی ڕاگەیاند: پۆستی وەزیری گواستنەوە دراوەتە مەسیحییەکان، لەگەڵ چەند بەڕێوەبەرێکی گشتی و چەند پۆستێکی دیکە، ئەمە بۆ مەسیحییەکان گرنگە و جێگای دڵخۆشی و دەستخۆشییە و دەمانگەیەنێتە کوردستانێکی بەهێز. گوتیشی: بڕیارە مانگی شوباتی ساڵی داهاتوو قەدەاسەتی پاپای ڤاتکیان سەردانی بەغدا بکات و دواتر سەردانی هەرێمی کوردستانیش بکات و لەو سەردانەدا پاپا ڕێز و دەستخۆشی و پشتیوانی لە کابینەی نوێی حکوومەت بە سەرۆکایەتیی مەسرور بارزانی بۆ گرنگیدان بە مەسیحییەکان دەکات و هاوکات و سەردانی کەمپی ئاوارەکانی مووسڵ دەکات.

هەر لەمبارەوە فەرید یەعقووب، پەرلەمانتاری لیستی ڕافیدەین لە پەرلەمانی کوردستان بە خەباتی ڕاگەیاند: مەسیحییەکان پێ خۆشحاڵبوون بە دانانی وەزیرێکی مەسیحی لە کابینەی نوێی حکوومەت و پشتیوانیی ئەو هەنگاوە دەکەین و پێیمانوایە دەبێت مەسیحییەکان ڕۆڵی گرنگ ببینن لە خزمەتکردنی خەڵکی کوردستاندا. ئەوەشی خستەڕوو: گرنگە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش لەم سۆنگەوە زیاتر پشتیوانیی کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و پێکهاتەکانی کوردستان بکات.



سەماوە... ئەمڕۆ دەست بە هەڵدانەوەی سێ گۆڕی بە کۆمەڵ دەکرێت

گوتەبێژی وەزارەتی شەهیدان بۆ خەبات: نزیکەی 400 بۆ 500 ڕووفات لەو سێ گۆڕەدا هەیە و زۆربەیان هی ئافرەت و منداڵن

شاندێکی وەزارەتی شەهیدان سەردانی پارێزگای سەماوە دەکات و پرسیار دەست بە هەڵدانەوەی سێ گۆڕی بەکۆمەڵ بکرێت.

بەکۆمەڵە دەکەن لە پارێزگای سەماوە، کە مێژووی بۆ ئەنفالی ساڵی 1988ی گەرمیانییەکان دەگەڕێتەوە.

گوتیشی: ئێمە پێشووتر لەگەڵ دەزگای شەهیدیان و پارێزگای سەماوە سەردانی مەیدانی شوێنەکان کردووە ڕێککەوتنمان کردووە لەسەر شێوە و هەڵکۆڵینی ئەو گۆڕانە. ئەوەشی خستەڕوو، نزیکەی 400 بۆ 500 ڕووفات لەو سێ گۆڕەدا هەیە، کە تەمەنیان لە نێوان 3 بۆ 70 ساڵییە و زۆربەیان ئافرەت و منداڵن.

گەورە ڕاوێژکار و زاوای تەرەمپ بۆ پلانی ئاشتیی سەردانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست دەکات

لە چوارچێوەی گفتوگۆکانی ئاشتیی ئیسرائیل-فەلەستین، گەورە ڕاوێژکار و زاوای دۆناڵد تەرەمپ، سەرۆکی ئەمەریکا، جارید کوشنەر کۆتایی ئەم مانگە سەردانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست دەکات.

بەپێی هەواڵێک کە لە ڕاگەیاندنی ئەمەریکادا پشتبەستن بە سەرچاوەکانی کۆشکی سپی بڵاوکراوەتەوە، جارید کوشنەر بۆ پشتیوانی لە پاکێجی گەشەپێدانی ئابووریی نێو پلانی ئاشتیی ئیسرائیل فەلەستین بە بەهای 50 ملیار دۆلار سەردانی هەرێک لە ئیسرائیل، ئوردن، میسر، سعوودیە، قەتەر و ئیمارات دەکات.لەو شانەی جارید کۆشنەر سەرۆکایەتی دەکات هەرێک لە نوێنەری تایبەتی ئەمەریکا بۆ خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، جاسۆن گرینبلاّت و بەرپرسی کاروباری دەرەکی، بریان هوک و جێگری جارید کۆشنەر، ئاڤی بێرکۆویتز یاوەری دەکەن. چاوەڕوان دەکرێت شاندەکە لە چوارچێوەی سەردانەکەیدا تیشک بخاتە سەر دەرەنجامەکانی ئەو کۆڕبەندە ئابوورییەی کە مانگی ڕابردوو لە بەحرێن سازکرا.

هەولێر.. کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق پلانی پێنج ساڵەی ڕاگەیاند

لە نیسانی 2020 هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان بە شاری کەرکووکیشەوە بەڕێوەدەچێ



کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق پلانی پێنج ساڵەی لە 2017 بۆ 2022 لە هۆتێل ڕۆتانا لە شاری هەولێر ڕاگەیاند بە ئامادەبوونی ژمارەیەک لە کۆمیسیارانی کۆمیسیۆنەکە و بەڕێوەبەرانی گشتی ئۆفیسەکانی لە پارێزگاکانی عێراق کە تێیدا چەندین پرسی پەیوەست بە هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی عێراقیش باسکران کە بڕیارە لە نیسانی 2020 لە پارێزگاکانی عێراق ئەنجامبدرێت جگە لە سێ پارێزگا نەبێت.

لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانییەدا کە بۆ سەرۆکی کۆمیسیۆن و ژمارەیەک لە کۆمیسیاران لە دوای کۆبوونەوەیەکی چەند کاتژمێری کە دوێنێ دووشەمە لە هۆتێل ڕۆتانا لە شاری هەولێر بەسترا، سەرۆکی کۆمیسیۆن، مەعن هیتاوی لە لێدوانێکدا بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندن گوتی: ئەم پلانە سێیەم پلانی ئێمەیە و هەوڵمان داوە بۆ ئەوەی ئەو پلانە دابنێین و بیکەین بە نەخشەڕێگەیەک بۆ ساڵانی داهاتووی کۆمیسیۆن، ئەو پلانە ڕوونە و لەگەڵ هاوبەشەکانمان جێبەجێی دەکەین. لای خۆیەوە گوتەبێژ بەناوی کۆمیسیونی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان، کەریم تەمیمی لەو کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەدا ڕایگەیاند: کۆبوونەوەیەکی فراوان کرا بۆ باسکردنی پلانەکە و جێبەجێکردنی، بڕیارە لە نیسانی 2020 هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان لە عێراق بکرێت، هەنگاوی زۆرمان بڕیوە بۆ جێبەجێکردنی پلانەکانمان بۆ بەجێگەیاندنی ئەو هەڵبژاردنانە، هەروەها باسی سەرجەم گرفتەکانمان کرد کە دێنە ڕێگەمان.

کەریم تەمیمی گوتیشی: هەموومان سوورین لەسەر ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان بە شێوەیەک کە شەفاف و بێ کێشە بێت، تاوەکو ئێستا گفتوگۆی زۆر هەیە لەگەڵ پەرلەمانی عێراق بۆ ئەوەی یاسایەک دەربکەین و تێڕوانینی هەموو لایەک لەنێویاندا هاوبەشانمان وەرگرتووە بۆ ئەوەی یاسایەکی دەوڵەمەند بێت.

هەر لە کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکەدا جێگری سەرۆکی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق، ڕزگار محەمەد گوتی: باسی زۆر شتمان کرد لەوانەی پەیوەندییان بە هەڵبژاردنەکانی 2020ی ئەنجوومەنی پارێزگاکانەوە هەیە، ئێستا پەیوەندییمان بە پەرلەمانەوە کردووە و بڕیارە یاسای هەڵبژاردنەکان هەموار بکرێتەوە، ماددەیەکی تایبەتیش بۆ کەرکووک دیاریکراوە کە هەندێک تایبەتمەندی لەنێو یاساکە هەیە پەیوەستە بەو پارێزگایە لەوانە وردبینی لە تۆماری دەنگدەران کە ئەگەر لەو ماوەیە نەکرا ئەوا لەماوەی شەش مانگ لە پاش هەڵبژاردنەکان ئەنجامبدرێت.

ڕزگار محەمەد ئەوەشی ڕوونکردەوە: لەگەڵ هەموو لایەنەکان لە پەیوەندیداین بۆ ئەوەی تۆماری دەنگدەران لە کەرکووک تۆمارێکی تەواو بێت و لەگەڵ چەندین وەزارەت و فەرمانگە لەسەر هێڵێن بۆ ئەو مەبەستە.

سەبارەت بە بڕی پارەی پێویستیش بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکانی عێراق و تۆماری دەنگدەران کە پێشتر کێشەی زۆری دروستکردبوو، سەردار محەمەد ڕایگەیاند: بوودجەی پێویست بۆ هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان کەمتر دەبێت لەوەی بۆ ئەنجوومەنی نوێنەران تەرخانکرابوو، هەروەها باسی ئەوەشمان کرد کە چۆن کۆگای پێویست و هاوچەرخی پارێزراو دروست بکەین.

ئەم پلانە پێنج ساڵانەییە پلانی سێیەمە لە جۆری خۆی بەدرێژایی مێژووی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق، پلانی یەکەمییان لە ساڵی 2007 بۆ ساڵی 2012 بوو، پلانی دووەمیش لە ساڵی2012 بۆ ساڵی 2017 بوو، ئەم پلانانەش لە چوارچێوەی ئەو یاسا و ڕێسایانە دێت کە پشتیان بەدەستووری عێراق بەستووە. پلانی ستراتیجیی 2017 بۆ 2022 کۆمەڵێک ڕێسای ڕێنیشاندەریی و بەهایە کە لە پێوەرە نێودەوڵەتییەکانەوە وەرگیراوە بۆ ئەوەی هەڵبژاردنەکانی عێراق هاوتەریب لەگەڵ ئەوانەی وڵاتانی بیانیی پێشکەوتوو بەرەو پێشەوە هەنگاو هەڵبنێت وەکو ئەوەی لە پلانەکەدا هاتووە.

لە ساڵی 2018دا بە هۆی خواردنەوەی ئاوی پیس 118 هەزار کەس لە بەسرە ژەهراوی ببوون

هیومان ڕایتس وۆچ: کاربەدەستانی عێراق نەیانتوانیوە کێشەی ئاوی خواردنەوە لە بەسرە چارەسەر بکەن





ڕێکخراوی هیومان ڕایتس وۆچ ڕایگەیاند کە بە دڕێژایی 30 ساڵی ڕابردوودا، کاربەدەستانی عێراق نەیانتوانیوە کێشەی ئاوی خواردنەوە لە پارێزگای بەسرە چارەسەر بکەن. هیومان ڕایتس وۆچ ڕۆژی دووشەمە ڕاپۆرتێکی لەژێر ناوی "بەسرە تینوویەتی و شکستی عێراق لە چارەسەرکردنی قەیرانی ئاو"دا بڵاوکردووەتەوە.

لە ڕاپۆرتەکەدا هۆشداری ئەوە دراوە، ئەگەر کێشەی ئاو لە پارێزگای بەسرە چارەسەر نەکرێت، ئەوا پەتاو نەخۆشی کوشندە لە پارێزگاکەدا بڵاودەبێتەوە، هەروەها ڕەوشی ئابووری بەسەرش خراپتر دەبێت. ڕێکخراوی هیومان ڕایتس وۆچ کاربەدەستانی عێراق بەوە تۆمەتبار دەکات کە وەک پێویست هەوڵەکانیان بە ئامانجی چارەسەرکردنی کێشەی ئاو لە بەسرە نەخستووەتەگەڕ.

لە ڕاپۆرتەکەدا ئەوە وەبیرهێنراوەتەوە کە لە ساڵی 2018دا بە هۆی خواردنەوەی ئاوی پیس، 118 هەزار کەس لە پارێزگای بەسرە ژەهراوی ببوون. لای خۆیەوە عێراق دەڵێن گوایە بە هۆی زۆری ڕێژەی بارانبارینەوە، کێشەی ئاو لە پارێزگای بەسرە چارەسەر دەکەن لە کاتێکدا پارێزگاکە ڕووبەڕووی کەمی ئاوی خواردنەوە و پیسبوونی ژینگە بووەتەوە. گوتیشی: بۆیە ئەگەر حکوومەت هەوڵەکانی بە ئامانجی دۆزینەوەی ڕێگەیەکی گونجاو بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ئاو لە پارێزگای بەسرە نەخاتەگەڕ، ئەوا لە چەند ساڵی داهاتوودا مەترسی زیاتر لە ڕووی پیسبوونی ژینگەوە بۆسەر دانیشتوانی پارێزگاکە دروست دەبێت.











ئێران: 17سیخوڕی ئەمەریکامان لەبەردەست دایەو و ژمارەیەکیان سزای لەسێدارەدانیان بۆ دەرکراوە

تەمپ: ئێران لەدۆخێک دایە خۆشی نازانێت چی دەکات بۆیە پروپاگەندەی ناڕاست بڵاودەکاتەوە

خەبات- ئاژانسەکان: لەگەڵ توندبوونی گوشارەکانی ئەمەریکا بۆ سەر ئێران، دەسەڵاتدارانی ئەم وڵاتەی دوایی بەردەوامن لەسەر دەستگیرکردن و لەسێدارەدان و سزادانی قورسی هەموو ئەو کەسانەی کە گومانی سیخوڕیکردنیان بۆ ئەمەریکا و رۆژئاوا لێدەکات. لەم چوارچێوەیەدا ئەم مانگە دەسەڵاتدارانی ئێران17 کەسیان بەتۆمەتی سیخوڕی بۆ ئەمەریکا دەستگیرکردووە و بەشێکیان سزای سێدارەیان بۆ دەرکراوە و ئەوانی تریش بەسزای قورس و دوورودرێژ حوکم دراون.

وەزارەتی هەواڵگیری ئێران، ئاماژەی بەوە کرد کە17 دەستبەسەرکراویان لەبەردەستدایە کە کاری سیخوڕیان بۆ ئەمەریکا ئەنجامداوە و ژمارەیەک لەوانە سزای لەسێدارەدانیان بۆ دەرکراوە. ئاژانسی هەواڵیی فارس بڵاویکردەوە، وەزارەتی هەواڵگیری ئێران، راگەیەندراوێکی لەبارەی تۆڕێکی سیخوڕی 17 کەسی بڵاوکردووەتەوە. لە راگەیەندراوەکەدا هاتووە: 17 کەس کە لە وڵاتدا لە پێگەی گرنگدا بوون، بەتۆمەتی کاری سیخوڕی بۆ دەزگای هەواڵگری ئەمەریکا CIA دەستبەسەرن. هەر بەپێی هەواڵەکە ژمارەیەک لە ئەندامانی ئەو تۆڕە سیخوڕییە کە لە 17ی حوزەیراندا دەستگیرکراون لە لایەن دادگاوە سزای لەسێدارەدانیان بۆ دەرکراوە.

لە کاردانەوەیەکی خێراشدا دۆنالد ترەمپی سەرۆکی ئەمەریکا لە تویتێکدا لە هەژماری تایبەتی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی تویتەر نووسیویەتی: ئەو هەواڵەی تاران لەبارەی دەستگیرکردنی سیخوڕانی دەزگای هەواڵگری ئەمەریکی CIA لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە بڵاوکردووەتەوە، هیچ بنەمایەکی راستی نییە. جەختیش دەکاتەوە، ئابووری ئێران رووە لە داڕمانە و تادێت دۆخی ئەو وڵاتە خراپتر دەبێت. تەرەمپ راشیگەیاندووە: ئێستا ئێران لەدۆخێک دایە، خۆشی نازانێت چی دەکات، بۆیە دەستی داوەتەوە تۆمەتەڵبەستن و پروپاگەندەی ناڕاست.

سەرۆکی پەرلەمانی ئێران: سوپای پاسداران وەڵامی چەتەی دەریایی بەریتانیای داوەتەوە



سەرۆکی پەرلەمانی ئێران، عەلی لاریجانی رایگەیاند، سوپای پاسداران بە دەستگرتن بەسەر کەشتییە نەوتییەکانی بەریتانیادا، وەڵامی چەتەی دەریایی ئینگلیزی داوەتەوە. لەکۆبوونەوەی گشتی پەرلەمانی ئێراندا لاریجانی وتارێکی پێشکەش کرد و لەبارەی دەستبەسەرداگرتنی کەشتییە نەوت هەڵگرەکانی بەریتانیاوە دوا.لاریجانی دەستبەسەرداگرتنی کەشتییە نەوتهەڵگرەکانی بەریتانیای لە گەروی هورمز لە لایەن سوپای پاسدارانی ئێرانەوە بە سەرکەوتنی گەورە ناوبرد و گوتی: بەریتانیا بە دەستبەسەرداگرتنی کەشتیی نەوتهەڵگری ئێران لە جەبەل تاریق چەتەی دەریایی کردووە. سوپای پاسداران بە دەستگرتن بەسەر کەشتییە نەوتییەکانی بەریتانیادا، وەڵامی چەتەیی دەریای ئینگلیزی داوەتەوە. جێی باسە رۆژی هەینی سوپای پاسدارانی ئێران دەستی بەسەر دوو کەشتیی نەوتهەڵگردا گرت لە گەروی هورمز کە یەکێکیان ئالای بەریتانیا و ئەوەی دیکە ئالای لیبێریای پێوەبوو کە ئەویش بەدەست ئینگلیزەکانەوە بووە.

کەرتی تەندروستی نەینەوا پێویستی بە 250 ملیار دینارە



تەندروست خزمەت بە سەرجەم هاوواڵاتیان بکات.

سەرۆکی لێژنەی تەندروستی لە ئەنجوومەنی پارێزگای نەینەوا ئاشکرای دەکات کە کەرتی تەندروستی پارێزگای نەینەوا سەردەڕای سەرجەم کەموکوڕییەکان رۆژانە لە خزمەت هاوواڵاتیانە و بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی پارێزگای نەینەوا و لێژنەی تەندروستی ئەنجوومەنی پارێزگا بەردەوام لە هەوڵدان بۆ ئەوەی زۆرترین کەلوپەل و ئامێر و دەرمانی پزیشکی بۆ نەخۆشخانە و بنکە تەندروستییەکانی شاری مووسڵ دابین بکەن، هەر لە چوارچێوەی هەوڵەکانمان توانیمان لە رێگەی سندوقی ئاوەدانکردنەوەی ناوچە زیان بەرکەوتووەکان چەند ئامێرێکی پزیشکی پێشکەوتوومان لە نەخۆشخانەی ئیبن سینا جێگیر کرد. خزر ئەلیاس دەشڵێت: لە ئایندەیەکی نزیکدا بەشی نەخۆشییەکانی دڵ و قەستەرەی دڵ لە نەخۆشخانەی ئیبن سینا دەکەوێتە خزمەت هاوواڵتیان.

بڕیاری تەرخانکردنی20 ملیار دینار بۆ هەر پارێزگایەکی عێراق لە لایەن سەرۆکوەزیرانی عێراق، عادل عەبدولمەهدی ئەنجوومەنی پارێزگای نەینەوا و هاوواڵتیانی پارێزگاکەی نیگەرانکردووە و داوای گوژمەی زیاتر دەکەن. سەرۆکی لێژنەی تەندروستی لە ئەنجوومەنی پارێزگای نەینەوا، خزر ئەلیاس لە لێدوانێکدا دەڵێت: دەستخۆشی لە سەرۆکوەزیرانی عێراق دەکەین کە بوودجەی تایبەت بۆ کەرتی تەندروستی سەرجەم پارێزگاکان تەرخان دەکات، ئەمە هەنگاوێکی ئەرێنی و باشە، بەڵام بەڕاستی نیگەرانین لەوەی کە دۆخی پارێزگای نەینەوا بەراورد نەکراوە لەگەڵ ئەو پارێزگایانەی کە هیچ شەڕێک تیایدا ڕوویناداوە. ئەمە نادادپەروەرییەکی گەورە لە هەمبەر خەڵک و ئیدارەی شارەکە، چونکە لە لایەک مووسڵ وێرانەیە و لە لایەکی دیکەش دووەم گەورەترین پارێزگایە.

سەرۆکی لێژنەی تەندروستی نەینەوا دەشڵێت: لە سەردەمی شەڕی داعش دا نەخۆشخانەکانی پارێزگای نەینەوا هاوشێوەی زۆربەی بالەخانەکانی ئەو شارە گەورەترین زیانیان بەرکەوت، نەخۆشخانەی ئیبن سینای600 قەرەوێلەیی و نەخۆشخانەی کۆماری 560 قەرەوێلەیی و نەخۆشخانەی سەلامی400 قەرەوێلەیی و نەخۆشخانەی بەتول ی 300 قەرەوێلەیی دەیان بنکەی تەندروستی دیکە لە سنووری پارێزگای نەینەوا بە هۆی جەنگەوە گەورەترین زیانیان بەرکەوت، سەرجەم نەخۆشخانەکان و بنکە تەندروستییەکان پێویستیان بە نۆژەنکردنەوەیە، ئەم هەموو زیانە گەورەیە بە 20 ملیار دینار قەرەبوو ناکرێتەوە، بەڵکو کەرتی تەندروستی پارێزگای نەینەوا پێویستی بە زیاتر لە 250 ملیار دینار تاوەکو بە شێوەیەکی کۆماری ئیسلامییەوە بڵاوکردووەتەوە، هیچ بنەمایەکی راستی نییە. جەختیش دەکاتەوە، ئابووری ئێران رووە لە داڕمانە و تادێت دۆخی ئەو وڵاتە خراپتر دەبێت. تەرەمپ راشیگەیاندووە: ئێستا ئێران لەدۆخێک دایە، خۆشی نازانێت چی دەکات، بۆیە دەستی داوەتەوە تۆمەتەڵبەستن و پروپاگەندەی ناڕاست.



سەرۆکی ئاژانسی نێودەوڵەتی وزەی ئەتۆمی، یوکیا ئامانۆ کۆچی دوایی کرد

سەرۆکی ئاژانسی نێودەوڵەتی وزەی ئەتۆمی، یوکیا ئامانۆ لە تەمەنی 72 ساڵیدا کۆچی دوایی کرد. سکرتاریەتی ئاژانسی نێودەوڵەتی وزەی ئەتۆمی رایگەیاند کە بە نیگەرانییەوە هەواڵی کۆچی دوایی یوکیا ئامانۆیان زانیوە. لە ڕاگەیەندراوەکەدا تیشک خراوەتە سەر ئەوەی کە ناوبراو بەر لەوەی کۆچی دوایی بکات ویستوویەتی دەست لەکارەکەی بکێشێتەوە، بۆیە بەشێک لەو پەیامەیان بڵاوکردۆتەوە کە کۆچکردوو بۆ دەستەی جێبەجێکاری نووسیووە.

ئامانۆ لە پەیامەکەیدا جەختی لە کارە گرنگەکان کردۆتەوە لە پێناو بەکارهێنانی وزەی ئەتۆمی بە ڕێگای ئاشتیبانە بە لەخۆبردوویی کارمەندانی ئاژانسی نێودەوڵەتی وزەی ئەتۆمی و پشتیوانی وڵاتانی ئەندام و نووسیوویەتی "شانازی بە کارەکانمانەوە دەکەم. سوپاسی وڵاتانی ئەندام و کارمەندانی ئاژانس دەکەم".

جێی باسە دیپلۆماتکاری ژاپۆنی یوکیا ئامانۆ لە 2009ـەوە سەرۆکایەتی ئاژانسی نێودەوڵەتی وزەی ئەتۆمی دەکرد.




وەزیری نەوتی ئێران:

بە سعوودیەو ئیمارات و عێراقەوە ناتوانن بۆشایی ئێران پڕبکەنەوە

وەزیری نەوتی ئێران، بێژەن نامدار زەنگنە رایگەیاند، لە ئەگەری ڕاوەستانی فڕۆشتنی نەوتی ئێران، ئەوا سعوودیە، عێراق و ئیمارات ناتوانن ئەو بۆشاییە پڕبکەنەوە کە بەم هۆیەوە دروست دەبێت. زەنگنە لە شاری تاران پایتەختی ئێران لەگەڵ وەزیرەکانی پێشووی نەوت کۆبووەوە و دواتریش لەبارەی پێشهاتەکانی ڕۆژۆف لێدوانی بۆ ڕۆژنامەکان دا.

زەنگنە لەبارەی بانگەشەی ئەوەی کە ئیمارات یان عێراق یان سعوودیە دەتوانن ئەو بۆشایە پڕ بکەنەوە کە بەهۆی وەستاندنی نەوتی ئێران دێتە ئاراوە، گوتی: هیچ وڵاتێک ناتوانێ جێگەی نەوتی ئێران پڕبکاتەوە. سعوودیە، عێراق و ئیمارات بازاڕی خۆیان هەیە. ئاماژەی بەوەشدا کە دەستبەسەرداگرتنی ئەو کەشتییە نەوتهەڵگرەی ئێران لە لایەن بەریتانیا لە گەروی جەبەل تاریق کاریگەری لەسەر خستنەڕووی نەوتی ئێران نەبووە و گوتیشی: ئەو کەشتییە نەوتهەڵگرەی دەستی بەسەرداگیراوە، بابەتێکی ڕۆژەڤی ئێمەیە. چونکە لەمبارەیەوە چەند سنووردارکرنێک لە ئارادایە. ئەمەریکا و هاوپەیمانان لەمبارەیەوە هەوڵی زیادکردنی سنووردارکردنەکان بۆ سەر ئێمە دەدەن.



ژاپۆن... لە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پیراندا شینزۆ ئابێ سەرکەوت

هاوپەیمانێتیی دەسەڵاتدار بە سەرۆکایەتیی سەرۆکوەزیرانی ژاپۆن شینزۆ ئابێ، لە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پیران کە باڵی سەرەوەی پەرلەمانی ئەو وڵاتەیە، سەرکەوتنی بەدەستهێنا. بەپێی ئەنجامە سەرەتاییەکان کە کەناڵی فەرمیی ژاپۆن NHK باڵاوی کردووەتەوە، پارتی لیبراڵ دیموکرات بە سەرۆکایەتیی شینزۆ ئابێ لەگەڵ کۆمیی هاوبەشی، لەکۆی 124 کورسیی ئەنجوومەنی پیران، 64یان بەدەستهێناوە. لای خۆیەوە ئابێ بە خۆشحاڵییەوە پێشوازیی لە ئەنجامەکان کرد و ڕایگەیاند، باوەڕی وایە گەلەکەی سەقامگیریی سیاسییان هەڵبژاردووە.

بەپێی داتاکانی وەزارەتی ناوخۆ و پەیوەندییەکان، ڕێژەی بەشداری کردن لە دەنگداندا سەدا 16 بووە و 17 ملیۆن و 62 هەزار و 771 دەنگدەر دەنگیان داوە. جێی باسە ئابێ کە ساڵی 2012 وەک سەرۆک وەزیرانی وڵاتەکەی دەستبەکاربووە، ڕایگەیاند کە ناتوانێت جارێکی دیکە خۆی هەڵبژێرێتەوە و هیوای خواست خاوەنی کورسیی پێویست بێت بۆ ئەنجامدانی هەمواکردنەوەی دەستوور کە دەیەوێت بەرلە هەڵبژاردنی گشتیی 2021 ئەنجامی بدات.

بەڕێوەبەرایەتی پارێزگای هەولێر: ئامادەکارییەکانمان بۆ چوونە چیاکانی سنوورەکە تەواو بووە

لەپێناو گرنگیدانی زیاتر بە چین و توێژە جیاجیاکانی سنوورەکە و شیکردنەوەی دواپێنی رووداو و پێشهاتەکان لەهۆڵی ئەنجومەنی سەرکردایەتی پارێزگای هەولێرو بەشێک لە ئەندامانی ئەنجومەن و ژمارەیەکی زۆر لە مامۆستایان و بەڕێوەبەری قوتابخانەکان و بەڕێوەبەری پەروەردە و سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی، لێژنە ناوچەی زانست، کۆڕێکی بەرفراوانی بۆ بڵند ئیسماعیل بەرپرسی لقی 16ی هەولێری پارتی دیموکراتی کوردستان سازکرد.

سەرەتای کۆڕەکە بە وەستانی خولەکێک بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی سەرجەم شەهیدانی کوردستان و سەروەریان بارزانی نەمرو کاک ئیدریسی هەمیشە لەیاد دەستی پێکرد، دواتر کاکەمین نەجار ئەندامی مەکتەبی سیاسی و سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی پارێزگای هەولێر ئاماژەی بەدواپێن ڕووداو و پێشهاتەکانی کوردستان و ناوچەکە کرد بە تایبەتی پارێزگای هەولێرو بەشێک لە ئەندامانی ئەنجوومەن و ژمارەیەکی زۆر لە مامۆستایان و بەڕێوەبەری قوتابخانەکان و بەڕێوەبەری پەروەردە و سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی، لێژنە ناوچەی زانست، کۆڕێکی بەرفراوانی بۆ بڵند ئیسماعیل بەرپرسی لقی 16ی هەولێری پارتی دیموکراتی کوردستان سازکرد.

سەرەتای کۆڕەکە بە وەستانی خولەکێک بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی سەرجەم شەهیدانی کوردستان و سەروەریان بارزانی نەمرو کاک ئیدریسی هەمیشە لەیاد دەستی پێکرد، دواتر کاکەمین نەجارِ ئەندامی مەکتەبی سیاسی و سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی پارێزگای هەولێر ئاماژەی بەدواپێن ڕووداو و پێشهاتەکانی کوردستان و ناوچەکە کرد بە تایبەتی پرسی پێکهێنانی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان کە بە کارنامەیەکی تۆکمەوە لەپێناو کوردستانێکی بەهێز و خۆشگوزەرانی زیاتر بۆ خەڵکی کوردستان دەستبەکاربووە.

لە بەشێکی دیکەی کۆڕەکەدا بەرپرسی لقی 16ی هەولێر ئاماژەی بەڕۆڵی گرنگ و پڕ بایەخی مامۆستایان کرد لە پێشخستنی ئاستی زانست و زانیاری لە کوردستاندا و پێگەیاندنی نەوەکانی مێللەتەکەمان و لەم سۆنگەیەشەوە ئەوەی لەتوانامانداا بێت بۆ خزمەتکردنی مامۆستایان و چارەسەرکردنی کێشە و گیروگرفت و ئاستەنگەکانی بەردەم پەروەردەو خوێندن دڕێغی ناکەین چونکە کەرتی پەروەردە و خوێندن کەرتێکی هەستیارە و پێویستی بە ئاوڕلێدانەوەی زیاترە، بێگومان کابینەی نوێی حکومەتی هەرێمی کوردستان و وەزارەتی پەروەردەش لەوەرزی نوێی خوێندندا بە بەرنامەیەکی تازەی تۆکمەوە زیاتر گرنگی بەکەرتی پەروەردە دەدەن و خزمەتی زیاتر پێشکەش بەمامۆستایان دەکەن.



ئەحمەد کانی: پشتیوانی بەهێزی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەبین



ئەحمەد کانی ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی و بەرپرسی لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان بە یاوەری کارگێڕانی لق و بەرپرسی لێژنەی ناوچەی هەولێر، سەردانی وەزارەتی دادی حکوومەتی هەرێمی کوردستانی کرد و لەلایەن فرسەت ئەحمەد وەزیری داد و دادوەرانەوە پێشوازیان لێکرا. لەو سەردانەدا، ئەحمەد کانی وێڕای ئەوەی پیرۆزبایی دەستبەکاربوونی لە فرسەت ئەحمەد کرد وەک وەزیری داد، دووپاتی کردەوە کە لقی دوو پشتیوانی بەهێزی حکومەتی هەرێمی کوردستانی دەبێ بۆ جێبەجێکردنی کار و بەرنامەکانی، جەختیشی لە سەروەری یاسا کردەوە و گوتی: هەموان لە سایەی یاسا یەکسان دەبن و مافەکانیان پارێزراو دەبێ.

هەر بەو بۆنەوە بەرپرسی لقی دوو، لۆگۆیەکی پیرۆزبایی پێشکەش بە وەزیری داد کرد کە گوزارشتی لە کاروانی ئاوەدانی و پێشوەچوونی ولاّت دەکرد لە سایەی حکومەتێکی بەهێز.

لە دیدارێکی دیکە، ئەحمەد کانی بەرپرسی لقی دووی بە یاوەری کارگێڕانی لق و بەرپرسی لێژنەی ناوچەی هەولێر، سەردانی وەزارەتی پلاندانانی حکومەتی هەرێمی کوردستانی کرد و لەلایەن د.دارا رەشید وەزیری پلاندانان و ستافی وەزارەتەوە پێشوازییان لێکرا.

لەو سەردانەدا، ئەحمەد کانی پیرۆزبایی لە پڕۆژەی بنیادنانی توانا و فێرکردنی بنەڕەتی و پڕۆژەی بنیادنانی ئاوەدانکردنەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەیاوەری راوێژکار و بەڕێوەبەری گشتی سەرپەرشتیکردنی پەروەردەیی، وەزیری پەروەردە دووپاتکردەوە، بە ئامانجی باشترکردنی ئەدای قوتابخانەکان وەک دامەزراوەیەک بۆ بەرەوپێشچوونی پڕۆسەی پەروەردە و فێرکردن، هەروەها پشتگیری خۆی بۆ سەرخستنی پڕۆژەکە دووپات کردەوە.

وەزیری پەروەردە پڕۆژەی بنیادنانی توانا‌کانی فێرکردن بەسەردەکاتەوە



بەئامادەبوونی ئالان حمە سەعید سالح وەزیری پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەیاوەری راوێژکار و بەڕێوەبەری گشتی سەرپەرشتیکردنی پەروەردەیی، وەرکشۆپێک ئەنجامدرا بۆ 40بەڕێوەبەر و سەرپەرشتیاری پەروەردەیی لە پاریزگاکان. مەبەست لە وەرکشۆپەکە ڕوونکردنەوە و چۆنیەتی جێبەجێکردنی پڕۆژەی بنیادنانی توانا‌کانی فێرکردنی بنەڕەتی و دواناوەندییە. کە لەلایەن بریتش کاونسڵ بۆ ماوەی پێنج ڕۆژ بەردەوام دەبێت.

وەزیری پەروەردە گرنگی هەڵسەنگاندنی قوتابخانەکانی لەلایەن سەرپەرشتیارانەوە دووپاتکردەوە، بە ئامانجی باشترکردنی ئەدای قوتابخانەکان وەک دامەزراوەیەک بۆ بەرەوپێشچوونی پڕۆسەی پەروەردە و فێرکردن، هەروەها پشتگیری خۆی بۆ سەرخستنی پڕۆژەکە دووپات کردەوە.

لە کۆتاییدا چەند گفتوگۆیەک ئەنجامدرا و وەڵامی پرسیاری ئامادەبووان درایەوە، پاشان وەزیری پەروەردە پشتگیریی خۆی نیشاندا بۆ سەرخستنی پڕۆژەکە، هەروەها پشتگیریی خۆی بۆ جێبەجێکردنی هەر پڕۆژەیەکی هاوشێوە دووپاتکردەوە بۆ بنیادنانی توانا‌کانی فێرکردن و بەرەپێشچوونی پڕۆسەی پەروەردە لە هەرێمی کوردستاندا.

حکوومەتی هەرێم 700 یەکەی نیشتەجێبوون دابەش دەکات



بڕیکاری وەزارەتی ئاوادانکردنەوەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ کاروباری ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێبوون رایدەگەیەنێت، پڕۆژەی خزمەتگوزاری بۆ 700 یەکەی نیشتەجێبوون دابەش کراوە، دوای تەواوبوونی خزمەتگوزاریەکانی یەکەکانی نیشتەجێبوونیش، بەسەر هاوواڵتیانداا دابەش دەکرێن. ئاگرین عەبدوڵڵا، بە مالپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند: لە سنووری بنەسلاوە 396یەکەی نیشتەجێوون، لە سۆران 144یەکە، لە هەڵەبجە 72یەکە و لە قەڵادزێ84 یەکەی نیشتەجێوون تەواو بوونە، کە لە لایەن وەزارەتی ئاوادانکردنەوەوە دروست کراون. عەبدوڵڵا ئاماژەی بەوەش دا، ئێستا وەزارەتی ئاوادانکردنەوە کار لەو پڕۆژانە دەکات بۆ گەیاندنی تۆڕی کارەبا، ئاو، شەقام و ئاوەڕۆ، کە ئەمەش لە ماوەیەکی نزیکدا تەواو دەبێت و دوای تەواوبوونیشی بەسەر هاوواڵتیانداا دابەش دەکرێن. بڕیکاری وەزارەتی ئاوادانکردنەوە ڕوونیشی کردەوە، یەکەکان بە گوێرەی یاسای ژمارە 16ی ساڵی 2011 دابەشی سەر فەرمانبەران و خەڵکی کەمدەرامەت دەکرێن، ئەو کاتیش ئەنجوومەنی وەزیران بڕیار دەدات کە بەسەر کام چین و توێژدا دابەشیان بکات.

سەرۆکایەتیی شارەوانی:

ناوچەی پیشەسازیی باکوور و باشووری هەولێر دەگوازرێنەوە



بڕیارە هەردوو ناوچەی پیشەسازیی باکوور و پیشەسازیی باشوور لە نێو سەنتەری شاری هەولێر بگوازرێنەوە، گوتەبێژی سەرۆکایەتیی شارەوانیی هەولێریش دەڵێ: ئێمە لای خۆمانەوە بڕیاری گواستنەوەی پیشەسازییەکامان دەکردووە و چاوەڕێی ڕێکارەکانین لەلایەن پارێزگای هەولێر و سەرۆکایەتیی ئەنجوومەنی وەزیرانەوە. هەردوو ناوچەی پیشەسازیی باکوور و باشووری هەولێر، کە دەکەونە دوو ناوچەی ستراتیژی شاری هەولێرەوە، بڕیارە بگوازرێنەوە و لە شوێنی ئەوان پڕۆژەی دیکە جێبەجێ بکرێت. لەو بارەیەوە، کرمانج دەشتەکی، گوتەبێژی سەرۆکایەتیی شارەوانی هەولێر، گوتی: شاری هەولێر زۆر فراوان بووە و کاتی خۆی کە ئەو ناوچانە کراونەتە شوێنی پیشەسازی، ڕەنگە تا ڕادەیەک گونجاو بووبێت، چونکە دەکەونە کۆتایی شارەوە، بەڵام ئێستا هەردوو پیشەسازی کەوتوونەتە چەقی شار و چەندین گەڕەکی نوێ دەوری هەردوو پیشەسازییان داوە و شاری هەولێر زۆر گەورە بووە، لەبەر ئەوە پێویستە بگوازرێنەوە شوێنی گونجاو.

ناوبراو دەشڵێت: پێشتر سەرۆکایەتیی شارەوانیی هەولێر بڕیاری گواستنەوەی هەردوو پیشەسازی دەرکردووە و زەوییش بۆ پیشەسازیی نوێ دابین کراوە، بەڵام لەبەر ئەوەی هەردوو پیشەسازی لە سەدان شوێن و دووکان پێک هاتوون و خەڵکێکی زۆر تێیاندا کار دەکەن، گواستنەوەی کارێکی ئاسان نییە و پێویستی بە دیراسەتی ورد هەیە.

دەشتەکی ڕوونیشی کردەوە: بە هۆی ئەو ڕەوشەی هەرێمی کوردستان پێیدا تێپەڕی، وەک شەڕی داعش و قەیرانی دارایی، پڕۆسەی گواستنەوەی هەردوو پیشەسازیی باکوور و باشوور دوا کەوت، بەڵام دواجار هەر دەبێ جێبەجێ بکرێت، چونکە پایتەخت پێویستی بە سیمایەکی جوان هەیە و ئێستا تەنها ڕەزامەندیی پارێزگای هەولێر و سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیران ماوە بۆ گواستنەوەیان.

پرسەو سەرەخۆشی

بۆ خانەوادەی فەرید زامدار–ی شاعیر

بەداخەوە هەواڵی کۆچی دوایی شاعیری ناسراو (فەرید زامدار)مان پێگەیشت، کە یەکێک بوو لەو ڕۆشنبیرانەی سەرجەم ژیانی خۆی لە پێناوی گەلەکەیدا بەخت کرد و خاوەنی خەرمانێک بەرهەمی ئەدەبی و هونەری و ڕۆشنبیری بوو، بۆیە بەناوی خۆمانەوە پرسە و سەرەخۆشی لە خانەوادەکەی دەکەین و خودا سەبوورییان پێ ببەخشێ و ڕەحمەتیش بە بەهەشتی خۆی شاد بکات.

انا لله و انا الیه راجعون

سەلام عەبدوڵلا

سەرنووسەری خەبات

* * *

بۆ خانەوادەی شاعیری ناسراو فەرید زامدار

بەداخ و پەژارەیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی شاعیری ناسراوی گەلەکەمان (فەرید زامدار)مان پێگەیشت، فەرید هەر لە سەردەمی لاوێتییەوە تا ئەمڕۆ وەکو کەسێکی ڕۆشنبیر و کوردپەروەر و ماندوونەناس لە بەرەی گەل و نەتەوەکەی خۆیدا بوو، کەسێکی هۆشیار و چالاکی نێو بزاڤی ئەدەبی و سیاسی کوردستان بووە و وەکو ئەندامێکی چالاکی یەکێتی نووسەرانیش لە شار و شاخ ڕۆڵی کاریگەری خۆی هەبوو. بەناوی دەستەی کارگێڕ و سەرجەم ئەندامانی نووسەران، پرسە و سەرەخۆشی لە خۆمان و خانەوادەکەی دەکەین و لە خودا دەپارێینەوە ئارامی بە هەموو لایەک ببەخشێ و ڕەحمەتیش بە بەهەشتی خۆی شاد بکات.

انا لله و انا الیه راجعون

لقی هەولێر–ی یەکێتی نووسەرانی کورد

سوپاس و پێزانین

بە ناوی بنەماڵەی مەلا یوسف گەزنەیی سوپاس و پێزانینمان دەردەبڕین بۆ بەڕێزان: بارەگای بارزانی وسەرۆکایەتی هەرێم و پەرلەمانی کوردستان و ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و ئەنجوومەنی وەزیران و ئەنجوومەنی سەرکردایەتی هەولێر و سلێمانی و گشت لق و ناوچە و ڕێکخراوەکان و فەرماندەیی و هەموو بەرپرسە سەربازییەکان و فەرمانگە حکومییەکان و لایەنە سیاسییەکان و مامۆستایانی ئایینی و دەزگاکانی ڕاگەیاندن و کەسایەتی و تەواوی خزم و دۆست و هەڤاڵانمان، لە هەر چوار پارچەی کوردستان و دەرەوەی وڵات، کە بەشداری پرسەکەمانیان کردووە چ بە ئامادەبوونیان یان بە تەلەفۆن و لە ڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە پەیامی هاوخەمی خۆیان دەربڕیوە.

بنەماڵەی مەلا یوسف گەزنەیی

پۆلیسی هەولێر: باندێکی دزیکردن دەستگیر کران

خەبات ـ سەید فاتیح بەرزنجی:

ڕائیدی مافپەروەر هۆگر عەزیز گەلاڵی گوتەبێژی پۆلیسی هەولێر ڕوونیکردەوە: باندێکی دزیکردنی سێ کەسی دەستگیر کراوە لەبەر ئەوەی کە خەڵکیان هەراسانکردووە و لێرەوە بە هاوواڵتیان ڕادەگەیەنین کە هێزەکانی پۆلیس شەو و ڕۆژ لەخزمەتی هاوواڵتیاندایە و هەمیشە چاوکراوەن و سەبارەت بەو باندەش گوتی: لەلایەن پۆلیسی نەهێشتنی تاوان بەدواداچوونی ورد کرا بۆ دەستگیرکردنی تاوانباران، ئەوەبوو توانرا سێ کەس دەستگیربکرێن کە بە گرووپ ژمارەیەک تاوانی دزیکردنیان لە ناو هەولێر ئەنجامداوە و خەڵکیان ترساندووە و دزیان لێکردوون، دیارە ئەو باندە ماوەیەک بوو تاوانی جۆراوجۆری دزیکردنیان ئەنجام دەدا و لە لایەن هاوواڵتیانیشەوە ژمارەیەک سکاڵایان لەسەر تۆمارکرابوو و تەواوی باندەکە دەستگیرکراون و لێکۆڵینەوەش لەگەڵ ئەو باندە بەردەوامە.

www.xebat.net
ساڵی شەشەم 2019/7/23 ژمارە (5795)

ژمارەیەک بازرگانی دەرمانی قاچاغ و ساختە دەستگیر کراون و دراونەتە دادگا

ڕاپۆرت/ سەید فاتیح بەرزنجی

دامەزراوەیەکی گرنگی وەکو کوالیتی کۆنترۆڵی دەرمان لەکوردستان تاڕادەیەکی بەرچاو توانیویەتی خزمەتی هاوواڵاتیانی کوردستان بکات لە ڕووی پشکنێ و بەدواداچوون لەسەر هەموو جۆرەکانی دەرمان بکات جگە لەوەش توانیویەتی ڕێنمایی گرنگ بە هاوواڵاتیان بدات. لەو ڕاپۆرتەدا خەبات ووردەکاری پشکنین و بەدواداچوون و ڕێنماییی و هوشیاری گرنگ بە هاوواڵاتیان دەدات.

هاوواڵاتیان: پێویستە کوالیتی کۆنترۆڵی دەرمان پشکنین بۆ دەرمانی گیاییش بکات



بەڕێوەبەرایەتی کوالیتی کۆنترۆڵی دەرمان:

لەوەتەی ئەو دەزگایە دامەزراوە تاڕادەیەکی بەرچاو دەرمانی ساختە ڕووی لە کەمبوونەوە کردووە

کارکردن لە پێناوی نەهێشتن و بنەبڕکردنی دەرمانی ساختەو قاچاغ

دکتۆر گۆران ڕۆژەیانی بەڕێوەبەری کوالیتی کۆنترۆڵی دەرمان بۆ خەبات ڕوونیکردەوە: جاران بەرلە دامەزراندنی ئەو دەزگایە کێشەی دەرمان کێشەیەکی زۆر گەورەبوو نەدەتوانرا چارەسەر بکرێت، بەڵام دوای دامەزراندنی ئەو دەزگایە هەموو ئەو دەرمانانەی کە دەهاتنە کوردستان بەشێوەیەکی بەربڵاو بوونی هەبوو، دوای دانانی ستافی پزیشکی و کارمەندی بە ئەزموون و بەتواناو بە هەوڵ و کۆششی وەزارەتی تەندروستی توانرا بەهاوکاری دەزگای کوالیتی کۆنترۆڵ کار بۆ پشکنینی جۆرەکانی دەرمان بکرێت و لەلایەن حکوومەتی بەغدا دان بەو دەزگایە بنرێت و بەدەزگایەکی گرنگ باسی دەکات و لێپرسینەوەش لەگەڵ هەموو ئەو کەسانە دەکات، کە دەرمانی ساختە دەهێنێتە کوردستان و ڕۆژانە بەهابەشی لەگەڵ تیمەکانی قایمقامیەتی هەولێرو فەرماندەی پۆلیسی شارەوانی و پۆلیسی ڕێککاری و ئاسایش توانراوە چەندین دەرمانخانەو کۆگای دەرمان داببخەین، جگە لەوەش توانرا ژمارەیەک بازرگانی دەرمانی قاچاغ و ساختە دەستگیر بکرێن و دراونەتە دادگا لەبەر ئەوەی بەشێوەیەکی نایاسایی دەرمانیان بۆ ناو کوردستان هێناوە و ڕێککاری یاسایی بەرامبەریان دەگیرێتە بەر و ڕۆژانە تیمەکان دەگەڕێن و بەدواداچوون بۆ دەرمانخانەکان دەکەن و داواش لە کۆگاکانی دەرمان دەکەین ئەوانەی کەپێداویستی پزیشکی وبەرهەمی جوانکاری دەفرۆشێت بەهیچ شێوەیەک نابێ مامەڵە بە فرۆشتنی ئەو جۆرە دەرمانانە بکات هەرشوێنێکیش ئەو جۆرە بەرهەمانە یان لەلایە دەتوانن بیگەڕێننەوە شوێنەکانی خۆیان

لەڕێگەی هەولێر-کۆیە چەندین دەرمانی نایاسایی دەستی بەسەرداگیرا

دواتر سەبارەت بەدەست بەسەرداگرتنی چەندین دەرمان بەڕێوەبەرایەتی کوالیتی کۆنترۆڵی جۆری دەرمان ڕوونیکردەوە: ڕۆژی 7/21 لەسەر ڕێگای هەولێر- کۆیەو لەبازگەی دێگەڵەوە دەست بەسەر باریک دەرمانی نایاسایی داگیرا، لەلایەن بەشی بازگەکانی کۆنترۆڵی جۆری دەرمان دەست بەسەر ئەو دەرمانانە داگیراوەو بریتی بوو لە باریک دەرمان و پرۆتینی نایاسایی و بەرلە داخیلبوونی بۆ شاری هەولێر لەلایەن بازگەی دێگەلەوە دەستی بەسەرداگیرا.

ئەو بەرهەمانەی کە بۆ دابەزاندنی کێش و بەهێزکردنی سێکس بەکاردێن ساختەن

هەرلەو ڕاپۆرتەدا بەڕێوەبەرایەتی کوالیتی کۆنترۆڵی دەرمان دەربارەی ئەو جۆرە دەرمانانە ڕوونکردنەوەی هەیە دکتۆر عیسا عەبدولڕەحمان گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی کوالیتی کۆنترۆڵی دەرمان ڕوونیکردەوە: ڕۆژانە لەلایەن تیمەکانەوە پشکنین بۆ چەندین دەرمان دەکەین و ڕێنمایی گرنگ بە شوێنەکان دەدەین، بەداخەوە ڕۆژانە چەندین کەنالی لۆکاڵی ڕیکلام بۆ دەرمان دەکەن و بۆ چەندین جاریش لەلایەن وەزارەتی تەندروستییەوە هوشیاری و ڕێنمایی گرنگ بۆ ئەو مەبەستە بڵاو دەکرێتەوە وەک دەرمانی دابەزاندنی کێش و چارەسەری لاوازی سێکسی و چەندین جۆری دەرمانی دیکە و ماوەی چەند ساڵێکیشە لە شارەکانی کوردستان بە دوو شێواز بەهەمە گژو گیاییەکان بانگەشەیان بۆ دەکرێ کە بۆ چارەسەری چەندین نەخۆشی بەکارێت و دەرمانەکان ساغ دەکرێنەوەو فرۆشتن بە شێوەی ئۆنلاین لەڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان، بەڵام کوالیتی کۆنترۆڵی دەرمانی سەر بە وەزارەتی تەندروستی جۆری دەرمانەکان و شێوازەکانی



د. عیسا عەبدولڕەحمان: ئەو دەرمانە ڕووەکییانەی لە کوردستان و عێراقدا هەن ساختەن و مۆڵەتیان نییەو مادەی دیکەیان تێدەکرێت

کەنالە لۆکاڵییەکان ڕیکلام بۆ دەرمان دەکەن و وەزارەتی تەندروستیش هۆشداری دەدات



ئەو بەرهەمانەی کە بۆ دابەزاندنی کێش و چارەسەری لاوازیی سێکسی بەکاردێن ساختەن

ساغکردنەوەیان ڕەت دەکاتەوە پزیشکانی پسپۆڕی بەرهەمە ڕووەکییەکان دەڵێن: ڕاستە بەرهەمەکانی ڕووەکی وەکو دەرمان سەیر دەکرێن، بەڵام ئەگەر هاتوو بەرهەمە ڕووەکییەکان بەشێوەیەکی زانستی ئامادە نەکرێن ئەوا نەوەک سوودی نابێت لەوانەیە زیانیشی هەبێت.

دواتریش دکتۆر عیسا گوتەبێژی کوالیتی کۆنترۆڵی دەرمان گوتی: بەرهەمی ڕووەکی زۆر گرنگەو وەکو تەواوکەری خۆراکی پۆڵێن دەکرێن و دامەزراوەی خۆراکی ئەمەریکی وەکو تەواوکەری ڕووەکی دەیانناسێنێت و لە زۆر لە توێژینەوەکاندا دەرکەتووە، کە هەندێک بەرهەمی ڕووەکی هەمان کاریگەری دەرمانیان هەیە، بەڵام ئەو دەرمانە ڕووەکییانەی کە لە کوردستان و عێراق هەیە ساختەن و مۆڵەتیان نییەو مادەی دیکەیان تێدەکرێت جگە لەبەرهەمی ئەو کۆمپانیایانەی کە بە ڕەسمی مۆڵەتیان پێدراوە.

دواتر گوتەبێژی کوالیتی کۆنترۆڵی دەرمان گوتی: ئەو ڕیکلامانەی کە دەکرێ بۆ دابەزاندنی کێش مەترسیدارن، ڕاستە لەماوەیەکی کەمدا کێش دادەبەزێنێ، بەڵام ئەو مادەیە دەروونی مرۆڤ تێک دەدات و زیانی بۆ میشکیش هەیە لەبەر ئەوەی مادەی سیرۆتیان تێدایە و داوا لە هاوواڵاتیان دەکەین کە هەر بەرهەمێکی گیایی ئەگەر مۆڵەتی نەبێت و ستیکەری وەزارەتی تەندروستی بەسەرەوە نەبوو نەیکڕن.

هاوواڵاتیان: پێویستە کوالیتی کۆنترۆڵی دەرمان کارەکانی چڕتر بکات

مونا هاونیشتیمانییەکی هەولێرە و لە نزیک بازاڕی لەنگە خەریکی کڕینی دەرمان بوو گوتی: ناوێرم دەرمانی دابەزاندنی کێش بکڕم دەترسم کاریگەری خراپی هەبێ بۆ دوا ڕۆژ. نەهلە بەدەست ئازار گورچیلەوە دەنالێنێت و گوتی: هاتووم دەرمانی ژانی گورچیلە بکڕم نازانم بەو دەرمانە چاک دەبێەوە یاخود نا.

لوقمان گەنجێکی قەڵەو بوو گوتی: لەبەر قورسی کێشم هیچم بۆ ناکرێ هاتووم تا دەرمانی دابەزینی کێش بکڕم ناشزانم سوودی هەیە یا ئەو پارەیەشم بەفیرۆ دەچێت.



شێخ ئیبراهیم محمد بەرزنجی*

ستراتیژی کوردستان لە بواری ئایینیدا بۆ سەرۆکایەتی هەرێم و حکوومەت

گەر سەرنج بدەینە وتارەکەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان رێزدار سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە کاتی خوێندنەوەی کارنامەی چوار ساڵی داهاتووی بەڕێزیان کارکردنە بۆ پاراستنی پێکەوە ژیان لە کوردستاندا و دانانی بەڕێز دکتۆر پشتیوان سادق بە وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایینی زۆر ڕوونە لە کابینەی ڕابردوودا کە بە وەکالەت پۆستی وزارەتی ئەوقافی بە ڕێوە دەبرد کەچی ڕۆڵێکی گرنگی هەبووە لە بەردەوە پێشچوونی بواری ئایینی لە کوردستاندا.

ستراتیژی داهاتوو

جەختکردنەوەی ڕێزدار سەرۆکی هەرێم نێچیرڤان بارزانی کە ستێ جار زیاتر جەختی لە سەر پاراستنی پێکەوە ژیان و دووركەوتنەوە لە دەمارگیری هەستکردنە بە بەر پرسیارێتی لە گەورەترین دەسەلاتی هەرێم و باسکردنی ئەم بابەتە لە بەرنامەی کاری حکوومەت جوانییەکی تری کوردستانی پیشان دا، بۆیە لە هەردوو سەرۆکایەتی فەرمانگەی تایبەت ڕۆڵی کاریگەریان هەبێت بە هە ماهەنگی لە گەڵ وەزارەتی ئەوقاف بۆ ئەم مەبەستە لە ساڵی 2016 لەژێر چاودێری ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکوومەتی ئەوکات وەزارەتی ئەوقاف کۆنفرانسی بەرو گوتارێکی هاوسەنگ سازکرد بە بەشداری سەدان وتارێژی کوردستان بە چەندین ڕاسپارد هاتەکایەوە لە وانە ڕێکخستنی وتاری هەینی کە 3200 وتاری هەینی هەیە لە کوردستان لە 4/10/ 2017وە جێ بەجێ کراوە بە لێژنەی تایبەت و پسپۆر کە شەرەفی سەرۆکایەتی کردنیم پێ ڕاسپێراوە کە 2 ناونیشان دەستنیشان دەکرێت و وتارێژ ئازادە لە هەڵبژاردنی و دارشتنی بەڵام چەندین وتار بێژ هەیە تا ئێستا پابەند نەبوو بەم کارە چونکە بۆچونی حیزبی و کەسی کاریگەری هەیە لە سەر وتارەکەیان لە داهاتوو دا دەبێت ئەم کارە باشتر و چر تر کاری لە سەر بکرێت و چونکە ئێمە بە ئاسایشی نیشتیمانی تێدەگەین و گەر زیاتر کۆنترۆڵ نەکرێت کاریگەری نامۆی لە سەر کارو بەرنامەی حکوومەت دەکات. پاشان گەر تەماشای کار و بەرنامەی وەزاتەتی ئەوقاف بکەین زۆر بەڕوونی بە دیار دەکەوێت کە زۆڵی سەرەکی هەبووە بە شاهێدی هەموو جیهان لە پارێزگاری کردنی پێکەوە ژیان لە ساڵی 2018 پەیمانگەی کوردستانی دامەزراند بۆ شیاندن و پەرەپێدانی توانای وتار بێژان کە پێنج خولی تەواو کرد بە بەژداری زیاتر لە300 وتارێژ لە سەردەم پارێزگاکانی هەرێم و سەرجەم هزر و بۆ چون کە لە ناو وتار بێژان هەیە نزیکبونەوە وە ئەنجامی زۆر باشی لێکەوتەوە بەڵام دەبێت لە داهاتوو دا زیاتر خولەکان بەردەوامی هەبێت و پەرە بە توانا و زانستی وتار بێژی بدرێت. پاشان گەشتی مامۆستایانی ئایینی بۆ ناسینی کەلتوری وڵاتان و تێکەڵ بوون بە دونیای دەرەوە کاریگەری باشی هەبو لە سەر چینی مامۆستایانی ئایئنی کە وڵاتی ئەرمینا و سعودیا و دوایان سەردانی شاری بەغدا بوو. ستراتیجی سەرۆکایەتی هەرێم و حکومەت دەبێت کار کردن بێت بۆ گفتوگۆ کردن لە گەڵ کونسلخانەی وڵاتانی دیاری کراو بۆ بەردەوام بوونی ئەم کارانە و نزیکردنەوەی زیاتری پیاوانی ئایئنی ئایئنەکانی تر لە گەڵ مەلا و شێخ و مزگەوت وەدامەزراندی فەرمانێگەی ئەکتیف و کەسانی شارزا و لێهاتوو بۆ ئەم مەبەستە چونکە نایشارینەوە کە هەیە چاوی بە ئەم پێکەوە ژیانە هەڵ نایە هەوڵی نزۆک هەیە بۆ دروست کردنی ئاستەنگ بۆ کاری جوان و باش وەجاری وا هەیە سامانی نیشتمانیش لەم بوارەدا بەهەدەر دەدرێت؟!! بە واتای ئەوە ئەو کەس و لایەن و ڕێکخراوانەی کە نایەڵەدن لە کاروباری ئەوقاف و پێکەوەژیان دەبێت دور بخرێنەوە چونکە لە ئەلف و بێی بابەتەکە نەگەیشتون خۆیان بە پسپۆری بوارەکە دادەنێن.

* بەرپرسی ئیرشاد و توێژینەوە لە وەزارەتی ئەوقاف.



هەنگاونان بەرەو نووسینەوەی دەستووری کوردستان



2

مافپەروەر:
جەواد مستەفا ستوپەیی

جۆرەکانی دەستوور لەڕووی نووسینەوەوە

دەستوور لە ڕووی نوسینەوەوە دوو جۆرە دەستووری نوسراو و دەستووری نەنوسراو (دەستووری نەریتی)، بەڵام لە ڕاستیدا مانای ئەوە نییە دەستووری نوسراو هیچ نەریتێکی دەستووری تێدا نەبێت، هەروەها بە پێچەوانەشەوە دەکرێت دەستووری نەریتیش هەندێک بەڵگەنامەی نوسراو هەبێت وەک دەستووری بەریتانیا کە زیاتر لە حەوت بەڵگەنامەی نووسراو هەن و هاوشێوەی دەقەکانی دەستوور کاریان پێ دەکرێت. وەک بەڵگەنامەی بەڵێننامەی گەورە(العهد الاعظم) لەساڵی 1215وە (عریچە الحقوق) لە ساڵی 1628و یاسای ماف لە ساڵی 1689و یاسای (تواڕپ علی العرش) لە ساڵی 1701 و یاسای پێدانی ماف بە ئافرەتان کە ببێتە ئەندامی پەرلەمان لە ساڵی 1958 و ....تاد. سەرەتا باسی دەستووری نوسراو دەکەین.

دەستووری نوسراو:

دەستووری نوسراو: بریتییە لە بەڵگەنامەیەک یان چەند بەڵگەنامەیەکی نوسراو لەلایەن کۆمەڵەی دامەزرێنەرەوە دەنووسرێنەوە، کە ئەم کۆمەڵەیە تایبەت بو نووسینەوەی دەستوور دامەزراوە. بەگشتی دەستوور لە لوتکەی سەرەوەی هەرەمی یاساکانی وڵات و نەریتی دەستووریدایە و هێزی یاسایی دەستووری خۆی هەیە، لە دەستووری هەر وڵاتێکدا ئەرک و ماف و ئازادییەکانی تاک زامن دەکات بو ئەوەی دوور بێت لە ستەم و زوردارای کەنووسینەکانی قەد تەواو نابن و هەر زۆرتر و زۆرتر ئەبن و نووسەرەکانی زۆرتر کەسانی ڕەخنەگری بێ بنەمان، کە هەموو ڕۆژێک لە خەو هەڵدەستن لە بێسوودی و خۆ تێکەڵکردن لە هەموو تەوەرێکی ژیان لە باسکردن سەبارەت بە بۆنی فاسۆلیای سووتاوی دراوسێ تاکوو دوایین بیردۆزەکانی فیزیای کوانتۆم و چۆنیەتی بەڕێوەبردنی وڵات و هەزاران باسی جیاواز کە هیچ پەیوەندیەکی بە ژیانیانەوە نیە بەشدار دەبن، کێبڕکێی ئەم نووسەرانە سڕکەرە و خوێنەر بێهۆش دەکا و هەموو بنەما جوانەکانی ژیان لەناودەبەن، ناوی ئەم کێبڕکێیە قازیەکانی ئازادیمان کێبڕکێی (قەسەی خەڵک)ە .

3- ئازادی بە جل و بەرگی دکتۆرەوە

ئەم ئازادیە کەسانێک بەڕێوەیدەبەن کە وا هەستدەکەن پسپۆڕی چارەسەرکردنی هەموو کێشەیەکن، وا هەستدەکەن کە ئەگەر بێن و خۆیان بە ژیانماندا شۆڕ بکەنەوە دەبنە پاڵەوانانی مرۆڤایەتی.

وا نییە ! چونکە خویان نەخۆشن :

وا مەکە ... وابکە،

وا مەڵێ ... وا بڵێ،

بۆ سوور ؟ نەخێر مۆر،

بۆ ئاو ؟ ماستاو !

بۆ "چا" ئەی 2019ـە نییە؟!

.. "قاوە".

بەهەرحاڵ ئازادی هەموو جل و بەرگێکی لەبەرە جگە لە جل و بەرگی سپی ناوەڕۆکی خۆی.

جلی ماموستا لەبەردەکات و فێرمان دەکات،

جلی دکتۆر لەبەردەکات و چارەسەرمان دەکات،

جلی قازی لەبەردەکات تاکوو دواین بڕیاری ژیانمان بدات،

جلی قات و ڕیباتیشی لەبەرە، بەڵام گەر ئەم جلانە بدرێنی ئەم کەسانە قەسابن و کاریان سەر بڕینی خەونەکان و ئامانجەکانمانە، بەڵام پێویستە هەموو لایەکمان بزانین کەوا ئازادی بۆ دروستکردنی خوشبەختییە نەک بۆ کڕین و فرۆشتن.

مانگی تەموز/ ئەستەنبوڵ



جلوبەرگەکانی ئازادی



زیلان سارمەمی

1- ئازادیەکی قات و بژێنباخ لەبەر (ئازادی بۆ کڕین و فرۆشتن)

لەگەڵ زۆرتر ئاڵوودەبوونی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بە ڕواڵەت پەرستی ،ئیتر چەمکی ئازادی دەبێتە تابلۆیەکی ڕازاوە و پڕ لە بریسکەی باڵەخانەیەکی چۆڵ و تاریک، نە واتای تەواوی خۆی ئەبەخشێت نە گرنگیشی دەمێنێت .

بازرگانەکانی ئازادی بە دروشمە بێ ناوەڕۆک و کردارەکانیان تەنانەت مافی پرسیارکردنیش ناهێڵن، لای ئەوان بەهای دراو بڕیاردەری هەموو بواردێکی ژیانە.

ئازادی مافی هەنگاونان و گەیشتن بە ئامانجەکانە، مافی بەدیهێنانی خەونەکانە، بێگومان تاکو ئامانجەکە بەنرختر بێت بەهای ئازادیەکەشی ئەستەمترە.

ئەوان لە ئازادیتان ئەترسێن، لە هۆشیاری و فێربوونی مانای هیوای گەیشتن بە خەونەکان دەترسن، هۆشیاری و تێگەشیتن لە ناوەڕۆکی دیموکراسی بازرگانیەکانیان لەناو دەبات، بۆیەش هەمیشە لە بەندینخانەیەکی گەڕۆک دەمانبەستنەوە ! گوێیەکامان ئەگرن و لە بیستنی دەنگی ئازادی دوورمان دەخەنەوە، دەمان دادەخەن و ناهێڵن پرسیار بکەین، چونکە وەڵامیان نییە، چاویشمان بۆ بینین کوێرئەکەن، تەنها ئەتوانین بە ئاراستەی ویستی ئەوان بجوڵێین.

ئەوان ڕووبارەکانی ژیانی ئێمەیان پێ زەریایە بۆیەش هەوڵی وشککردنی دەدەن تاکو تاکێکی خەوتوو دروست بێت و تەنها بە جەستە زیندوو بێت نەک خاوەن ژیان، بەڵام دەبێ ئەوە بزانین کە ئازادی بۆ خولقاندنی پێشکەوتن و دڵخۆشیە نەک بۆ بانگەشە و پۆز !

هەرچەند بانگەشەچیان بەدەنگی بەرز هاوار دەکەن و ناوی ئازادی دەهێنن بەڵام خۆیان دیل و کۆیلەی قات و ڕیباتن ! ئەوان ترسی لەدەستدانی جل و بەرگەکانیان هەیە، بەڵام با ئێمە لێیان بدرێنین تاکو ئازادی بۆ هەموو نەوەکان و هەڵبژاردەکان و ئایدۆلۆژیاکان بێت .

2- ئازادی بە جل و بەرگی قازیەوە

کۆمەلێکی تر هەن کە بڕیار دەدەن و کێبڕکێی یاسایان نییە ! کێبڕکێکی گەورەتریان هەیە جیهانیدا خواردبوو بە هەڵ زانی کار بە دەستووری نووسراو بکەن بو پاراستنی ماف و ئازادیەکانی تاک و خۆ ڕزگار کردن لە ستەمی سەرکردەکانیان، زۆرێک لەم وڵاتانە هەوڵیاندا دەستووری وڵاتەکانیان بە پێی بەرژەوەندی گشتی وڵات و بە شێوەیەکی پێشکەوتوو بینوسنەوە وەک: دەستووری ڕوسیای ساڵی 1918و دەستووری نەمسای ساڵی 1920و دەستووری تورکیای ساڵی .1924

دەستووری نوسراو بەوە جیاەکرێتەوە کە بە زۆری دەستووری جێگیرە و دەقەکانی ڕون و ئاشکرایە و هاوڵاتیان بە ئاسانی دەتوانن شارەزای ماف و ئەرکەکانی خۆیانبن. دەستووری نووسراو لە ڕووی هەموار کردنەوە دەکرێت دەستوور بەستەلەک یان نەرم بێت.

دەستووری نەنوسراو (دەستووری نەریتی):

دەستووری نەریتی: بریتیە لەو بنەما یاساییانەی لە نەریتەوە هاتوون و لە هیچ بەلگەنامەیەکی فەرمیدا نە نووسراونەتەوە، واتە بریتییە لەو نەریتانەی بە درێژای کات دووبارە دەبنەوە و مەرجە ئەم نەریتانە لەلایەن خەلکەوە پەسەند بێت. ئەو وڵاتانەی دەستووری نەریتییان هەیە سەرچاوەی دەستوورەکەیان بریتییە لە نەریت و پێشینەی دادگاکان. دەستووری نەریتی لە ڕووی هەموار کردنەوە دەستوورێکی نەرمە و دەسەلاتی یاسادانان دەتوانێت هاوشێوەی دەرکردنی یاسا ئاساییەکان دەستووری نەریتی هەموار بکات. بو زیاتر ڕوونکردنەوەی ئەم بابەتە پێویستە جیاوازی بدەینە نێوان دەستووری نەریتی و نەریتی دەستووری.

دەستووری نەریتی: بریتییە لەو بنەما یاساییانەی لە نەریتەوە هاتوون و لە هیچ بەلگەنامەیەکی دەستووریدا نە نوسراونەتەو. یاخود ئەو بەڵگە نامە کۆنانەی هاوتای دەستور کاریان پێدەکرێت. بونمونە لە سێیەم دەستووری فەرەنسادا مافی هەلوەشاندنەوەی پەرلەمان درابوو سەرۆک کۆمار، دەکرا ئەم مافە بە نەریت هەموار بکرێت، بەلام ئەم مافە دەستوریە سووتا و نەما لەبەر جێبەجێ نەکردنی، چونکە نەریت بریتییە لەو ڕووداوانەی ماوە ماوە دووبارە دەکرێنەوە.

لە کونەوە زۆربەی وڵاتان پەیڕەوی دەستووری نەریتییان دەکرد، بەلام لە دوای پێشکەوتنی باری سیاسی و ئابووری و کۆمەلایەتی وڵاتان، دواتر هەموو وڵاتانی جیهان دەستووری وڵاتەکانیان نووسیەوە و پەیڕەوی دەستووری نوسراویان کرد بێجگە لە بەریتانیا، ئێستا لەم سەردەمەدا پێشکەوتووترین دەستووری نەریتی بریتییە لە دەستووری بەریتانیا، لە هەمان کاتدا لەم وڵاتەدا نەریتی دەستووریش هەیە، سەرەڕای بوونی زور بنەمای یاسایی جێگیر لەم وڵاتەدا و ئەم بنەمایانە نووسراو نین بەڵام هەن. سەرچاوەی سەرەکی دەستور لەم وڵاتەدا بریتیە لەو نەریتە کۆنانەی بەردەوام دووبارە دەبنەوە و پێشینەی دادگاکانیش سەرچاوەیەکی سەرەکی یاسای دەستووری ئەم وڵاتەیە، هەروەها کۆمەلێک بەلگەنامەی کۆنی نووسراویشیان هەیە و وەک دەقەکانی دەستور کاریان پێ دەکرێت، هەروەک لە سەرەتای ئەم بابەتە ئاماژەمان پێکرد.

مەرجەکانی نەریتی دەستووری دەتوانین لەم خالانەی خوارەوەدا کورت بکەینەوە:

بەردەوام دووبارە بوونەوەی ڕووداو.

ئەم ڕووداوە نەریتیانەی دووبارە دەبنەوە و دەبێت لەلای خەلک پەسەند بێت و هاوڵاتیان گلەییان لێ نەبێت.

دەبێت ماوەیەکی دیاریکراو لە نێوان ڕووداوی ڕووداو نەریتییەکاندا هەبێت.

دەبێت دووبارە بوونەوەی ئەم ڕووداو نەریتیانە بەردەوام و جێگیر بێت.

دەبێت ئەم ڕووداوانە ڕوون و ئاشکرا بێت و پێویستییان بە شرۆڤەکردن نەبێت.

داستانی خواکورِک شۆڕشێک لە کاتێکی گونجاودا



یونس حەمەد ـ ئۆسلۆ

لە نێوان کۆتاییەکانی مانگی 7 تا سەرەتاکانی سیپتەمبەری 1988دا ، لە ناوچەیەکی گرینگ و ستراتیژیدا پێشمەرگەی کوردستان بە ڕابەرایەتی سەرۆک مەسعود بارزانی لە سێ گۆشەیەکی تەنگ و شاخاویدا گەورەترین داستان تۆمارکرا، ناوچەی خواکورِک سەنتراڵ و ناوەندێکی گرینگ بووە هەم بۆ مێژوو هەمیش جوگرافیا ، لە چوارچێوەی مێژوودا لانەیەکی ستراتیژ بووە بۆ شۆڕشەکانی کورد چ لەسەردەمی شۆڕشەکانی بارزان، هەروەها لە کاتی پەڕینەوە مێژووەکەی بارزانیی نەمر وهەڤاڵانی لە ڕووباری ئاراس و دواتر چوونیان بۆ یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو، سەبارەت بە جوگرافیاش ناوچەیەکی تەنگ و تۆڵ و شاخاوی و دۆڵ و پانایی، لێردا ئەستەمە مرۆڤ بتوانێت لێی خۆ ڕاگرێت.




دوای ئەوەی هەردوو ڕژێمی عێراق و ئێران لە هەشت ساڵ جەنگی مالوێرانی نەرمیان نووساند، هاتنە نێوانی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بۆ ڕاگرتنی شەڕ ،ئەوەبوو ڕۆژ بە ڕۆژ فشارەکانی ڕژێمی بەغدا لەسەر گەلی کورد چ لە شار و هەروەها لە شاخیشدا بەرفراوانتر دەبوون، پێش ئەویش بە چەند مانگێک پرۆسەکانی بەدناوی ئەنفال و کیماباران زیاتر کوردی ماندوو هیلاک کردبوو، تا ڕادەیەک تروسکایەک لە ئومێد نەدەبینرا، ئەمەش وایکرد پرۆسەی لەناوبردنی گەلی کورد هەنگاوی جیددی ببینێت ، چونکە گوشارەکان لە شارەوە دەستی پێکرد ، سوپا و هێزە جۆراوجۆرەکانی ڕژێمی بەغدا بەرەکانی باشوور و ناوەندییان چۆڵ کرد بەهەموو تواناوە بەرەو کوردستان هاتن ، مەبەستیش بەرپاکردنی گەورەترین هێرشی سەربازی بۆ سەر هێزی پێشمەرگە، کە دوای پرۆسەی ئەنفال، جگە لە پێشمەرگەکانی پارتی دێمۆکراتی کوردستان ، زۆربەی هێزەکانی دیکەی پێشمەرگە خاکی باشووری کوردستان (هەرێمی کوردستان) بەرەو وڵاتانی دەوروبەر جێهشت، بۆ ئەوەی بەرگری کە تەواوی هێرشەکانی سوپا و هێزەکانی عێراقیان تێکشکاندو گەڕانەوە بنکەوبارەگاکانیان و گەورەترین داستانیان لە مێژووی خەباتی گەلی کوردستان تۆمارکرد ، کە خۆی لە خۆیدا ئەم داستانە وەڵام و شۆڕشێک بوو لە کاتێکی گونجاودا، چونکە سەرەتا ڕژێم وا هەستی کرد بەوەی دوای پرۆسەی بەدناوی ئەنفال و کیمیاباران کوردستان ، کورد پاشەکشە نەگوترێت خەباتی چەکداری کورد پەیوەستە بە جەنگی عێراق و ئێران ، پارتی دێمۆکراتی کوردستان بڕیاری بەرگری و مانەوەیدا ، ئەوەبوو ناوچەی خواکورِک بووە گۆڕەپانی هێرشی چەکدارانی ڕژێم و بەرگری بەتێنی پێشمەرگەی شۆڕشگێری کوردستان بە سەرپەرشتی ڕاستەوخۆی سەرۆک مەسعود بارزانی ، لەم داستانەدا بە سەدان ئەفسەر و سەرباز و هێزەکانی دیکەی ڕژێم کوژران و بەدیل گیران ، دواتر بە بەرنامەیەکی دارێژراو دوای زیاتر لەمانگێک جەنگی دەکات و پێشمەرگەش ئەو هێزەی جارانی نەماوە ، جا لەبەر ئەم هۆکارە هێرشی ئەنجامدا ، بەڵام لەهەمانکاتدا دووچاری گەورەترین شکست بۆوە کە بەپێی ئاژانسەکانی هەواڵی ئەو سەردەم کە زیاتر ئیزگەکانی وواڵاتانی ڕۆژئاوابوو ، داستانی خواکورِک یان بە گەورەترین جەنگ لە ناوچەکەدا لە قەڵەمدا کە دوای جەنگی جیهانی دووەم بەرپابووبێت.. لە ڕووی سیاسیەوە داستانی خواکورِک بووە بەڵگە و مەدرەکێکی گرنیگ لە خوڕاگریدا ، هەورەها ئەم داستانە ئەوەی نیشاندا بەوەی هیچ کات پرس و خەباتی کورد پەیوەست نەبوو بە هیچ دەوڵەتێک ، بەڵکو خەباتی ڕاستەقینەی کورد بۆ گەلی کورِدە لە پێناو ڕزگاری کوردستانە.. ئەگەر هەنگاو بەهەنگاو بەرەو دواوە بچین دەبینین لە کاتی خەڵاتکردنی پێشمەرگە قارەمانەکانی سەرکەوتووی داستانی خواکورِک سەرۆک مەسعود بارزانی وتارێکی مێژووی پێشکەشکرد، ووتارەکە زیاتر ڕووی لە دوا ڕۆژ و ئایندەی ناوچەکە کرد ، ئاماژەدان بوو بەوەی ڕژێم لەو پەڕی لاوازییدایە، بۆیە هەر هیچ نەبێت دەیەوێت خۆی دەربخات هەروەها دەربازبوون لە قەیرانی ئابووری کە ڕژێم دوای کۆتایی هاتنی جەنگ تێکەوتبوو، پێشبینیەکەی سەرۆک بارزانی دەرکەوت لە کاتی مەراسیمی هەڵبژاردنی بەڕێزیان بە سەرۆکی هەرێمی کوردستان، کە زۆر لە سەرۆک حیزب و کەسایەتی سیاسی لەسەر ئاستی ناوخۆی هەرێم و عیراق ونوێنەرانی وڵاتانی ئیقلیمی و نێودەوڵەتی ئامادەی بوون، هەروەها چەندەها نامە و بڕووسکەی پیرۆزبایی ئاراستەی بەڕێزیان کراوە لەسەر ئاستی وڵاتە زلهێزەکان.

نێچیرڤان بارزانی ڕۆڵێکی گرنگی هەبووە لە پەرەپێدانی ڕێبازی بارزانیی نەمر و یاریدەدەر و پاڵپشتێکی بەهێز بووە بۆ سەرۆکی هێژا مەسعوود بارزانی لە جێبەجێکردنی فەرمانەکانی و لە کاتی هەڵبژاردنە گشتیەکان و بۆنە نەتەوەیی و حیزبیەکاندا.

لە کاتی ئێستادا بەڕێزیان ژمارەیەکی گرنگ و بەهێزە لە هاوکێشە سیاسیەکان وەک سەرکردەیەکی بەتوانا لە ئاستی کوردستان و عیراق و وڵاتانی ئیقلیمی و نێودەوڵەتی و جێگای متمانەی پارتی دیموکراتی کوردستان و سەرۆک مەسعوود بارزانی و هەموو خەڵکی کوردستانە بۆ بەرەو پێشبردنی هەرێمی کوردستان و پاراستنی لە هەموو پیلان و خراپکارییەک.

لە کانگای دڵمانەوە پیرۆزباییەکی گەرم پێشکەشی ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی وەک سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەکەین و ئومێدەوارین بە پاڵپشتی خودای گەورە و میهرەبان و سەرۆک مەسعوود بارزانی و میللەتی کورد هەمیشە لە کار و ئەرکەکان و ڕێکخستنەوەی نێو مالی کورد و کارکردن بۆ گەڕاندنەوەی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێم سەرکەوتوو بێت و بەردەوام بێت لە پەرەپێدانی سیستەمی دیموکراسی و پتەوکردنی هەستی برایەتی و هاونیشتمانیێتی لەناو هەموو چینەکانی خەڵکی کوردستان و چەسپاندنی سەروەری یاسا و بەرەوپێشبردنی هەرێمی کوردستان لە هەموو بوارەکان و بەهێزکردنی پێگەی لەناو عێراق و وڵاتانی ئیقلیمی و نێودەوڵەتی. هەر بۆ پێشەوە وەک سەرۆکی هەرێمێکی بەهێز و سەرکەوتوو.

دوای دوو ساڵ هاتە جێگای خۆی کە تائێستا ئاسەوارەکەی دیار و بەرچاوە ، بەڵام مخابن دوای ئەو شکستە بەردەوامیانەی ڕژێمی عێراق چ لەسەردەمی شۆڕشی ئەیلولدا یان گولان بەتایبەتی داستانی خواکورِک، ئێستاشی لەگەڵ دابێ ڕژێمی عێراق نەیتوانی سوود وانە وەربگرێت، بەردەوام هەوڵی نکۆڵی دەدات لە مافە نەتەوەییەکانی گەلی کوردستان.



پەروین ڕەمەزان دوسکی

سەرکردەیەکێ کورد ل کۆشکا ئەلیزێ

نێچیرڤان بارزانی سەروکێ هەرێما کوردستانێ ل فەرەنسا ل گەل ماکرون کومبو، ل کوشکی ئیلیزێ کو کوشکی سەروک کومار و جهێ کومبونەوەی گرنگن حکومەتا فەرەنسایە، ئاماەکاریەکا تەواو بو پێشوازی ل نێچیرڤان بارزانی، دووەمین سەروکێ هەرێما کوردستانێ هاتە کرن و هەروسا ئەگەر ژلایێ میژوویی ڤە بەرێ خو بکەینە پەیوەندییێن دناڤبەرا هەرێما کوردستانێ و حکومەتا فەرەنسا ماوەیەکێ زورە پەیوەندییێن دوستانە هەنە، فرەنسوا ئولاند ئێکەم سەروک کومار بوو کو سەردانا کوردستانێ کری و پشتی سەرهلدانا پیرۆز ل سالا 1991ێ ژی، فرەنسا ئێکەم وەلات بو پێشنیارا دەڤەرا دژە فرین کری ل هەرێما کوردستانێ و هەروەسا ئێکەم وەلات بو پشتی کێشەییێن شانزدەی ئۆکتوبەرێ بو چارەسەریا کێشەیا بانگەهێشی نێچیرڤان بارزانی کری، بو هندێ ببیتە هاریکار کو وان کێشانە چارەسەر بکەت. ئەزمونا حوکمی ل هەرێما کوردستانێ پشتی چەندین ڕویدانێن عیراقی ونیڤدەولەتی هاتە ڕویداین، وهەمیا پێکڤە کاودان وەدلیڤەکا گونجای پەیدا کر بۆ گەلێ کوردستانا عیراقێ داکو دەزگەهێن خۆ پێن سیاسی بدامەزرینیت. گرنگترین ڤان ڕویدانا کوچا ملیونی بوو یا گەلێ کوردستانێ پشتی سەرهلدانا پیرۆز لهەیڤا ئادارا 1991، ئەڤ کوچە وەرچەرخانەکا دیروکی بوو بۆ هەرێمێ، چونکی بوو ئەگەرێ دەرچوونا بڕیارا جڤاتا ئاسایشێ ژمارە 688ل 1991/4/5، و پێرابوون و بڕیارێن نیڤدەولەتی پێن دویڤدا هاتینە وەرگرتن ژلایێ دەولەتێن هەڤپەیمان بۆ مایتێکرنێ ل عیراقێ بۆ پاراستنا گەلێ کورد ژحوکمەتا سەددامی، وەکی دامەزراندنا دەڤەرەکا ئارام ل باکورێ هێلا پەحناهییێ 36 ب ڕێکا پروسەیا دابین کرنا ئارامیێ (operation of provide comfort) کو هاتە بجهئینان بڕێکا دوو پێرابوونا: دامەزراندنا دەڤەرەکا ئارام (safe haven) و فەرزکرنا قەدەغەیا ئەسمانی ل باکورێ هێلا پەحناهییێ 36، و هەروسا دەولەتێن هەڤپەیمان قەدەغەیا ئەسمانی ب هێزتر لێ کر ب ڕێکا دامەزراندنا بنگەهەکێ لەشکەری ل تورکیا د گوتنێ چەکوچێ ئامادە (poised hammer) . لوی دەمی حوکمەتا عیراقێ دەزگەهێن کارگێری و لەشکەری پێن عیراقی خوڤەکێشا ژ هەولێرێ و سلێمانیێ و دهۆکێ و هندەک دەڤەرێن کەرکوکێ و دیالا ل 1991/11/26، ئەو ژی پشتی سەرنەکەفتنا هەڤپەیڤینا دناڤبەرا بەرەیا کوردستانی و حوکمەتا عیراقێ و بڤی شێوەی عەردێن بن دەستهەلاتا حزبێن کوردستانی هاتنە ڤەبرین ژێ عیراقێ. لەورا بەرەیا کوردستانی بڕیاردا دەزگەهێن تەشریعی و بجهئینانێ و قەزائی بهێنە دامەزراندن ل وان دەڤەرا. ل 4/8/ 1992 بەرەیا کوردستانی دوو یاسا دەرکرن، ئێک یاسایا هەلبژارتنا جڤاتا نشتیمانی یا کوردستانا عیراقێ بوو (یاسایا ژمارە 1یا سالا 1992)، و دوو یاسایا هەلبژارتنا سەرکردێ بزافا رزگاریخوازا کوردی بوو (یاسایا ژمارە 2یا سالا 1992).وپشتی هنگی ئێکەم هەلبژارتن هاتە کرن ل هەرێمێ بۆ هەلبژارتنا ئەندامێن جڤاتا نشتیمانی یا کوردستانی ل 5/19/ 1992 وئێکەم ڕوینشتنا خۆ گرێدا ل 6/4/ 1992 وحوکمەتەک هاتە پێکئینان و بڤێ چەندێ ڤالاتیا تەشریعی وحکومی هاتە تژیکرن و هەرێم ژ قوناغا دەستهەلاتا (الامر الواقع) هاتە ڤەگوهاستن بۆ قوناغا دەستهەلاتا شەرعی.



شێخ تاهیر شوشی

پەرلەمانی کوردستان لە بەرواری 5/28/ 2019 بە بڕیارێکی گرنگ و مێژوویی ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی بە سەرۆکی هەرێمی کوردستان هەلبژارد. نێچیرڤان بارزانی کوڕی سەرکردەی تێکۆشەر خوالێخۆشبوو ئیدریس بارزانییە و نەوەی ڕابەر و باوکی ڕۆحیی میللەتی کورد مەلا مستەفا بارزانیی نەمرە و لە ڕۆژی 26ی ئەیلوولی 1966 لە ناوچەی باڵەکایەتی لەدایک بووە، لەکاتێکدا شۆڕشی مەزنی ئەیلوول لە گەرمەی خەبات و تێکۆشانی سەختی بێچان بوو لە پێناو بەدەستهێنانی مافە ڕەواکانی میللەتی کورد.

نێچیرڤان بارزانی هەر لە منداڵییەوە لەناو ژینگەیەکی شۆڕشگێرانە و سەخت لە باوەشی باوکی و باپیری چاوی بە دونیا هەڵاتووە و فێری ڕێڕەوەی ژیان و دابونەریتی بووە، ڕۆژ لەدوای ڕۆژ بووەتە هەڵگری خەسڵەتەکانی جوامێری و ئازایەتی و کوردپەروەرانە و مرۆڤایەتی و هەمیشە خۆی بە شاگرد و موریدی قوتابخانەی کورایەتی و ڕێبازی بارزانیی نەمر زانیوە و سەرەتاکانی ژیانی لەناوجەرگەی ڕۆژانی سەخت و ڕووداوە پڕ لە شەڕ و مەینەتیەکانی شۆڕشی ئەیلوول بردووەتە سەر و وەک هەموو کوردێکی شۆڕشگێر تووشی کارەسات و ئاوارەیی هاتووە.

نێچیرڤان بارزانی لە تەمەنی 13 ساڵیدا بابەگەورەی مستەفا بارزانی کۆچی دوایی کرد و پاشان تەمەنی 20 ساڵی تێنەپەڕاندبوو لە ساڵی 1987 باوکی شەهیدی جوانەمەرگ ئیدریس بارزانی چووە بەر دڵۆڤانی خودای گەورە و میهرەبان، بۆیە نێچیرڤان بارزانی لە دوای ئەو هەموو ڕووداوانەی پڕ ئەزموون وکاریگەر و بەهێز لە ژیانی نێچیرڤان بارزانی، کە بوونە بنەمایەکی پتەو بۆ قۆناغی داهاتووی سیاسی بەڕێزیان.

نێچیرڤان بارزانی ڕۆڵێکی گرنگی بینیوە لە دامەزراندنی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و دامودەزگاکانی هەروەها دەستێکی باڵای هەبوو لە ڕێکخستنەوە و پتەوکردنی شیرازەی نێومالی کورد و چەسپاندنی بیروبۆچونی دێموکراسی لە سەرتاسەری کوردستان .

نێچیرڤان بارزانی بە سیاسەتی حەکیمانە و پشوودرێژی و شانبەشانی کەسانی دڵسۆز و شارەزا توانی چارەسەری زۆر لە گرفت و قەیرانەکانی کوردستان بکات وەک لە بواری ئابووری و دابینکردنی خەرجیەکانی پێشمەرگە لە کاتی شەڕی داعش و وەرگرتنی هەزارەها پەنابەری سووری و عێراقی و نیشتەجێ کردنیان و هاوکاری کردنیان بەهەموو شێوەیەک، هەروەها گێڕانەوەی شکۆی هەرێمی کوردستان پاش خیانەت و هێرشەکانی 16ی ئۆکتۆبەری ساڵی 2017 و پاراستنی خاک و بەرژەوەندیەکانی خەڵکی کوردستان لە هەموو پیلان و ئاژاوەگێڕیەکی دڕندانە، کە لە ئێستادا هەموو خەڵکی کوردستان شایەتحاڵی ڕۆڵی حەکیم و بەرپرسیارانەی بەڕێزیانن.

نێچیرڤان بارزانی شوێن پەنجەی دیار و ئاشکرای لە هەموو بوارەکاندا هەبووە وەک پێشمەرگەی قارەمان، خۆی خستە نێو بەرپرسیارەتی تێکۆشانی خەباتی کوردایەتی و ڕاپەڕاندنی ئەرک و کاری ڕۆژانەی شۆڕش و لە ماوەیەکی کەمدا دروشم و چالاکیەکانی لەسەرتاسەری کوردستاندا دەنگیان دایەوە وەک ئەستێرەیەکی پرشنگدار لە هەموو بواریکی حیزبی و پێشمەرگایەتیدا دەدرەوشایەوە.

نێچیرڤان بارزانی لەبەر زیرەکی و لێهاتوویی لە ساڵی 1989 لەلایەن سەرکردایەتی پارتی هەڵبژێردرا بۆ ئەندامی مەکتەبی سیاسی و لەو کاتەوە بەرپرسیاریەتی زیاتر کەوتە ئەستۆی و شانبەشانی سەرۆک مەسعود بارزانی و سەرکردەکانی هێزی

مديرية الجنسية العامة لاقليم كوردستان
مديرية الجنسية والاحوال المدنية لمحافظة اربيل
الواقعات
العدد: ١٠١٩٥
التأريخ: ٢٠١٩/٧/١٨
قدمت المواطنة (نيكار احمد محمد) دعوى في هذه مديرية لتبديل اللقب من (شنك) الى (اغا) فمن لديه اعتراض مراجعة هذه مديرية خلال (١٥) أيام من تأريخ نشرة في الجريدة وبعكسه فسوف تنظر هذه المديرية في المدعوى وفق أحكام المادة ٢٢ من قانون البطاقة الوطنية رقم (٣) لسنة ٢٠١٦.
اللواء/ هيثم فاضل الغرباوي
مدير الاحول المدنية والجوازات والاقامة/ وكالة

* * *

وون بوون
ناسنامەی دەزگای سەتەلایەتی کوردستان بەناوی هەلمەت مولود عمر وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

* * *

وون بوون
مەنەفێست بەناوی کۆمپانیای سید نهرۆ سید محمد جۆری ئۆتۆمبێل: تویوتا لانگروز/ ستیشن ٨ بستن رەنگ: سپی مۆدێل:٢٠١٦ ژمارەی ئۆتۆمبێل: ١٠٣٢٨ کاتی هەولێر ٢٠١٦ ژمارەی شاصی JTMHX01J9G4129072 وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

* * *

وون بوون
ناسنامەی دەزگای سەتەلایتی کوردستان بەناوی محمد فخرالدین محمد نوری وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

* * *

محكمة احوال شخصية اربيل/٣
العدد: ٣٢٩٥/ش٣/٢٠١٩
التاريخ: ٢٠١٩/٧/٢٢
اعلان
المدعية (ساهرة خالد ياسين)
المدعى علية (نصير عاصي احمد) محل اقامتك مجهول
اقامت زوجتك المدعية اعلاه الدعوى الشرعية المرقمة (٣٢٩٥/ش٣/٢٠١٩) لدى محكمتنا و التي تطلب فيها (التفريق للهجر) و لمجهولية محل اقامتك بموجب اشعار مختار منطقة (قرية عوينات التابعة لقضاء تكريت) لذا قررت المحكمة تبليغك عن طريق جريدتين يوميتين تصدر في العراق لغرض الحضور امام محكمتنا في صباح يوم المرافعة (٢٠١٩/٨/٢٢) الساعة التاسعة صباحا او من ينوب عنك قانونا وفي حالة عدم حضورك امام المحكمة ستتخذ الاجراءات القانونية بحقك بموجب القانون.
القاضي/ صباح قادر كاملا

* * *

سەرۆکایەتی لیژنەی دووەمی زەوی دەست بەسەراگرتن لە هەولێر
ژمارە: ٤٥
بەروار: ٢٠١٩/٧/٢٢
ئاگاداری
سەرۆکایەتی لیژنەکەمان هەڵدەستێت بە پشکنین و لێکۆڵینەوە بەمەبەستی راستکردنەوەی ناو:- لەسەر داوای خاوەن مافی رەفتار (حبیبە قاضی محی الدین) کە لەداواکاریەکەی داهاتووە لە بەروارى ٢٠١٩/٧/٢١ داوا دەکات راستکردنەوەی ناوی بۆ بکرێت لە (حبیب قاضی محی الدین) بۆ (حبیبە قاضی محی الدین) لە بڕیاری تەسویەی پارچە زەوی ژمارە (٥٩) کەرتی ١٧/گراو، کە لەسالانی تەسویە بەهەلە تۆمار کراون، پێویستە لەسەر خاوەن داواکە بەڵگەنامەی فەرمی و یاساییەکان لەگەڵ شاهیدەکان و موختاری گوندەکە ئامادە بکەن لە رێکەوتی (٢٠١٩/٨/٧) کارەکەمان ئەنجام دەدەین بەمەبەستی راستکردنەوەی ناو تایبەت بەم پارچە زەویانەی سەرەوە.
سەرۆکی لیژنە / کاوە جعفر محمود

* * *

سەرۆکایەتی لیژنەی یەکەمی زەوی دەست بەسەراگرتن لە هەولێر
ژمارە: ٨٣
رێکەوت: ٢٠١٩/٧/١٥

ئاگاداری
ئاماژە بەنووسراوی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو/ بەرێوەبەرایەتی گشتی زەوی و زاری کشتوکاڵی/ بەرێوەبەرایەتی دەست بەسەراگرتن و کۆزاندنەوە ژمارە (٤١٤٠) لە ٢٠١٩/٧/١١ هاوپێچەکەی سەرۆکایەتی لێژنەکەمان هەڵدەستێت بە مەبەستی پشکنین و لێکۆڵینەوە لەسەر پارچە زەوی ژمارە (١/١٩) کەرتی ٢٠/ قتوی بە مەبەستی هەڵوەشاندنەوەی (حل) کردنی پارچە زەوی سەرەوە بەپێی یاسای (١١٧)ی ساڵی ١٩٧٠ وە بڕیاری (١٢٥٣)ی ساڵی ١٩٨٥ وە رێنمایی (٩) ی ساڵی ١٩٨٨ کە ڕووبەرەکەی سیفەتی کشتوکاڵی لەدەستداوە و پێویستە سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر و بەرێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی یەکەمی هەولێر نوێنەریان ئامادەبێت لەگەڵ خاوەن مولکەکان و جووتیارەکان و موختاری گوند لەرێکەوتی ٢٠١٩/٨/١٥ کارەکەمان ئەنجام دەدەین بەپێی یاسا.
کاروان ابراهیم اسماعیل/ سەرۆکی لیژنە

* * *

فەرمانگەی دادنووسی (یەکەمی هەولێر)
ئاگاداری
بەروار: ٢٠١٩/٧/١٦
بەپێ ئەو داواکاریەی کە پێشکەش کراوە بۆ ئەم فەرمانگەیە لەلایەن (رێبوار انور فرج) لە بەرواری ٢٠١٩/٧/١٥ کە داوای تۆمارکردنی ئامێرەکانی کردووە دەگرێتەوە بۆ خۆی وئێستا دانداوە لە (ریگای مخمور) و وسفەکانی لە خوارەوەدا دیاریکراوە, بۆیە ئەوکەسەی پەیوەندی بەمە و کەلوپەلە وەسفکراوەکان هەیە پێویستە رێوشوێنی یاسایی بگرێتەبەر بۆ سەلماندنی و گەواهیەك پیشانی ئەم فەرمانگەیە بدات بەمەبەستی راگرتنی تۆمارکردن لەماوەی پازدە رۆژدا, واتە رۆژێك دوای بڵاوکردنەوەکە, وە تۆمارکردنەکە بەدواکەوتوو دادەنرێت تاکاتی یەکلاکردنەوەی داواکەو نارازیبوون بۆماوەی حەوت رۆژ لەلایەن دادگای پەیوەندیدار, بە پێچەوانەوە کەلوپەلەکانی تۆمار دەکرێت بەناوی داواکاری تۆمارکردنەکە بەگوێرەی یاسا دادنووسی ژمارە (٣٣)ی ساڵی ١٩٩٨ و بڕوانامەی تۆمارکردنیشی پێ دەدرێت.
دادنووسی یەکەم / مریوان قرەنی ابراهیم
ئامێرەکان:
١- ووردکردنی توتن بێ ژمارە دروستکراوی ئێرانی مۆدێل ٢٠١٨ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٢,٥ معەسەل.
٢- خەلاتی تێکەڵ کردنی توتن بێ ژمارە دروستکراوی ئێرانی مۆدێل ٢٠١٨ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W١,٥.
٣- حەقنی دروستکردنی معەسەل بەقیاس بێ ژمارە دروستکراوی ئێرانی مۆدێل ٢٠١٨ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٧,٥.
٤- تێکردنی معەسەل بۆ ناو کیسە و کپس کردن بێ ژمارە دروستکراوی ئێرانی مۆدێل ٢٠١٨ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٢,٥.
٥- بەستێت کردنی معسل کارتۆنی گەورە بێ ژمارە دروستکراوی ئێرانی مۆدێل ٢٠١٨ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٢,٥.
٦- بەستێت کردنی پاکەتی تاك تاك و لێدانی لەزگە لە پاکەت بێ ژمارە مۆدێل ٢٠١٨ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W١,٥.
٧- دوو کۆمپرێسەری هەوایی بێ ژمارە دروستکراوی عیراقین مۆدێل ٢٠١٩ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٢ ٢,٥*.

* * *

بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی/هەولێر
ژمارەی دۆسیە/٢٠١٩/٧
رێکەوت/٢٠١٩/٧/٢٢
جاڕدان
بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی هەولێر بەشی قەرزار مولکی ژمارە ١٥٨/١٠٨ کە کەوتوەتە کەرتی ٤٥ وارش دەفرۆشێت, خاوەنەکەی قەرزار محمد عزیز علی کە گلدانەوەی خراوەتەوە سەر لەجیاتی قەرزی حلیمە حمد خدر بەبڕی/ ٤١,٧٦٠,٠٠٠ ملیۆن دینار هەرکەسێ ئارەزوومەند ٣٠ سی رۆژ لە رۆژی دوای ئەم بڵاوکردنەوەیە لەگەل بارمتەی یاسایی کە ١٠٪ نرخە قرساوەکەیەتی ولاتنامەی عێراقی ئامادە بێت و پارەی تۆمارکردن و دەلالیش لەسەر کڕیارە.
جێبەجێکاری داد / ئاری فیصل دەباغ
١ – شوێن و ژمارەی/ هەولێر ١٥٨/١٠٨ ك ٤٥ وارش
٢ – رەگەزو جۆری/ مولکی تەواو
٣ – سنوورو ئاگاداری/ هەر وەك لەنەخشەکەدا هاتووە
٤ – پێکهاتەکەی/ لە دوو خانووی مکشوف وەك یەك نهۆم لە دوو ژوورو مطبخ و حمام و مرافق.
٥ – ڕووبەرەکەی/٢٧٠ م٢
٦ - پلەی ئاوەدانکاری/
٧- نیشتەجێکەی/
٨ – نرخی قرساو/ ٥٤,٠٠٠,٠٠٠ پەنجا و چوار ملیۆن دینار.

* * *

ئاگاداری
وەزارەتی دارایی و ئابووری هەڵدەستێت بە بەکرێدانی ڕووبەری (٣٣)م٢ لە پارچە زەوی ژمارە (٤٥) ك (٢٦) بێخال بە مەبەستی دروستکردنی (نانەواخانە) بۆ ماوەی (١٠) ساڵ بە زیادکردنی ئاشکرا بە پێی یاسای ژمارە (٣٢) ساڵی (١٩٨٦) و رێنمایی دارایی ژمارە (٥)ی ساڵی (١٩٨٦) , جا هەرکەسێك ئارەزووی بەشداریکردنی هەیە لە زیادکردنەکە سەر لە بەرێوەبەرایەتی میری لە سۆران بدات لە ماوەی (٣٠) ڕۆژ کە دەست پێ دەکات لە رۆژی دوای بڵاوکردنەوەی سەعات (١٠)ی سەرلەبەیانی بە مەرجێك بارمتەی یاسایی (٢٠٪) یەدەگی پێ بێت لە بری پارەی خەملێنەراو , گشت خەرجییەکانی بەکرێ دانیش لە ئەستۆی کرێچییە.
د.کمال طیب قادر
بەرێوەبەری گشتی باجەکان و خانوبەرەی میری

* * *

پارێزگای هەولێر
بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتییەکان
ژمارە: ١٩٣
رێکەوت: ١٨ / ٧ / ٢٠١٩
ئاگاداری
کەم کردنەوەی نهێنی / ژمارە (٩٤)
پارێزگای هەولێر/ بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتییەکان / کەم کردنەوەی نهێنی رادەگەێنێت بۆ پڕۆژەی (قیرتاوکردنی چەند شەقامێك لە گەرەکی سەروچاوە و نۆژەنکردنەوە و قیرتاوکردنی چەند شەقامێك لە گەرەکی بارزان لە سۆران) کە (پارێزگای هەولێر/ کارگێری خۆجێ یەتی) پێی هەڵدەستێت. جا هەر بەڵێندەر و کۆمپانیایەك ئارەزووی بەشداربوونی هەیە با سەر لەبەڕێوەبەرایەتی ژمێریاریان بدەن بەمەبەستی وەرگرتنی وێنەیەك لەتەندەر و مەرجەکانی بەڵێندەرایەتی پڕۆژەی سەرەوە بەمەرجێك وەرگرتنی ئەو تەندەرانە دەبێ لەناو زەرفێکی مۆرکراو دابێ و وە ناونیشانی بەڵێندەر یا کۆمپانیا لەسەر نووسراو بێت و پێشکەش بەسکرتێری لیژنەی کردنەوەی تەندەرەکان لەدیوانی پارێزگای هەولێر / کارگێڕی خۆجێ یەتی بکرێ وە دوا کاتیش بۆ وەرگرتنەوەی تەندەرەکان کاتژمێر (١٢)ی نیوەڕۆ ڕۆژی (دوو شەممە) رێکەوتی ٥ / ٨ / ٢٠١٩ دەبێت.
وە مەرج نییە فەرمانگەکەمان بەنزمترین نرخی تەندەر رازی بێت, وە کرێی بڵاوکردنەوەی راگەیاندنی دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسەی کە کەم کردنەوەی لەسەر دەگیرسێتەوە.
مەرجەکانی وەگرتنی تەندەر:
- کۆمپانیا لە پلە (٧) کەمتر نەبێت.
- باجی دەرامەت نوێ کراو بێت.
- بەڵێننامەی نووسراو بۆ دەستەبەرکردنی تەندەر (التعهد الخطی) لەنێوان بەرێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتیەکان و بەڵێندەر.
- دەبێت ناسنامەی کۆمپانیا و یەکێتی بەڵێندەران نوێ کراوە بێت و لەگەل خۆی بێنێت و بەناوی خۆی بێت وە پارەی یاسایی (١٠٪) لەگەڵ خۆی بهێنێت, وە ئۆتۆمبێلەکە خەملاندراوە بەنرخی: ١٦,٥٠٠,٠٠٠ شازدە ملیۆن و پێنج سەد دینار).
دادوەری یەکەم / دیار محمد علی

* * *

سەروکاتیا باژێڕانیا فایدە
مولکایەتی
ژمارە: ٣٢٦/٢٧/٢٧/ ١٣٢٩
رێکەفت: ٢٠١٩/٧/٢١
راگەهاندن
لدیف نفیسارا ریڤەبەریا گشتێ یا باژێڕانیا ل پارێزگەها دهوکێ یا ژمارە (٦١٤٠) ل ٢٠١٩/٧/١٨ نەخشێن بنیاتی ئەوا ئاماژە دایە نڤیسارا ریڤەبەریا نەخشەدانانا ئافەدانی ل دهوکێ یا ژمارە (١٨٨٤) ل ٢٠١٩/٧/١٦ سەبارەت راستڤەکرنا نەخشێ روونکری یێ هەڤپێچ کری ل سەر پارچا ئەردی یاژمارە (١١٥٦٨/١) کەرتێ ٤١ گرێ پانێ کو رەگەزێ وێ ژ بازرگانی و بەفرەهیا پاشەرۆژێ هاتیە کهورین بو پیشەسازیا ئاهین خارنی و کارگەهین پیشەسازی یین سفك هەر کەسەکی یان جهەکی میری گازندەك هەبیت یان نەرازیبوونەك بلاپێش کێشێ سەروکاتیا باژێڕانیا فەیدیێ بکەت دماوێ ٣٠ روژا و فەرمان یا هەوەیە.
ئەندازیار/ اسماعیل سلیمان عبدالکریم
س.ب. فایدە

* * *

بەرێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی دهوك
ژمارە:١٤٨٠/٢٠١٩
رێکەوت: ٢٠١٩/٧/٢٢
ئاگاداری
بریار هاتە دان ب فروتنا (الابنیة و المنشات) ئافاهێ و ئەو تشتێن هاتینە ئافاکرن کو دکەڤنە (دهۆك- گرێ باصێ) و هاتینە دەستەسەرکرن لدیڤ داخازا قەردەر (نجیبە مصطفی سیف الدین) بکوژمێ (٩١,٦٨٩,٧٥٠) نۆت و ئێك ملیون و شەش سەد و هەشتێ و نەهـ هزار و حەفت سەد و پێنجی دینار, هەرکەسێ بڤێت بکڕیت سەرەدانا ریڤەبەریا مە بکەت دماوێ (١٠) دهـ روژادە کو دەست پێ دکەت ژ روژا پشتی راگەهاندنێ و تەئمیناتێن یاسایی دگەل خودا بینیت بڕێژا (١٠٪) ژ کوژمێ خەملاندی کو دبیتە (٢١,٦٠٠,٠٠٠) بیست و ئێك ملیۆن و شەش سەد هزار دینار دگەل رەگەزنامـا عیراقی. بو زانین رەسمێ تومارکرنێ و دەلالیەت لسەر بکری یە..
سالوخەت:
جهـ و ژمارە: دهوك – گرێ باصێ
جور:- پێك هاتیە ژ خانیێ ئا کنجیبو و نێ
سنورو سالوخەت:- پێك دهێت ژ (دوو قاتان) قاتی عەردی پێك دهێت ژ (دوو ژوریت نڤستنێ، هۆل داخلی و لێنانگەهـ و پێك هاتێن ساخلەمیێ) و قاتێ ئێکێ: پێك دهێت ژ دوو ژوریت نڤستنێ، و هۆل داخلی بجیك)
کوژمێ خوملاندنی:- ٢١,٦٠٠,٠٠٠ بیست و ئێك ملیون و شەش سەد هزار دینار.
جێبەجێ کاری داد/ هلات عبدالکریم محمد

* * *

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەرێوەبەرایەتی پشکنین و بەدواداچوون
ژمارە: ٣٧١٩
رێکەوت: ٢٠١٩/٥/٢٠
بڕیاری سرینەوەی کۆمپانیا سنووردار دوای تەواو کردنی سەرجەم ڕێکارەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیای (OTANA PETROL LIUM) بۆ (بازرگانی گشتی – هێنان و بردن/ سنووردار) وە پالپشت بە ئەحکامی ماددەی ١٧٧ لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ هەموارکراو.
من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریارمدا بە سرینەوەی ناوی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لە تۆمارەکانمان بەمەرجێ ئەم بریارە بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
اراس رؤوف عارف
بەرێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان/ بەوەکالەت

* * *

Vacancy Announcement

Petoil is looking to fill the following vacancy in the Kurdistan Region of Iraq

Job Title: Corporate Social Responsibility (CSR) Officer
Job Reference: VA-23
Job Location: Sulaimani

Position Overview:
As our Corporate Social Responsibility (CSR) Officer, you will be reposnible for coordinating and implementing CSR activities according to the company strategy, in its ongoing commitment to become a more sustainable and socially responsible organization.

Qualifications:
- Bachelor's degree in Public Relations or Business Administration.
- Previous working experience in the field of CSR is preferred.
- Proficient computer skills, including Microsoft Office Suite (Word, PowerPoint, Outlook, and Excel).
- Excellent verbal and written communication/public relations skills.
- Accurate and precise attention to detail.
- Ability to analyze problems and strategize for better solutions.
- Ability to work well with management and staff at all levels.
- Goal-oriented, organized team player.

ئەگەر ئەو مەرجانەی لای سەرەوەت تێدایە , تکایە سیڤی خۆت بە زمانی ئینگلیزی بنێرە بۆ dashne@petoil.com.tr **و ئاماژە بە ناوی پۆستەکە بکە. دوا ڕۆژی وەرگرتنی** CV **:**
2019/07/30.

سەرۆکایەتی دادگای تاوانی سێیەم لە هەولێر
ژمارە/ ٨٦/ج/٢٠١٩/٣
رێکەوت: ٢٠١٩/٧/٢١
بۆ/ تۆمەتباری هەلاتوو (عبدالستار السعید بن احمد)
ئاگادارکردنەوە
لەبەر ئەوەی تۆ تۆمەتباری بەپێی بەشی ٢٤ لەیاسای هاتووچۆ وە سەلماندنی هەلاتنت و نادیاری جێگاکەت لە کاتی ئێستادا بۆیە بریاردرا پاڵپشت بەمادەی ١٤٣ لەیاسای بنەما دادگاییەکانی سزایی بەپێی راگەیاندنت لە دوو رۆژنامەی ناوخۆیی بۆ ئامادەبوونت لەبەردەم دادگای تاوانی سێیەم لە هەولێر لەرۆژی ٢٠١٩/١٠/٨ وە بەپێچەوانەوە دادگایی کردنەکە ئەنجام دەدرێت دەرهەقت بەشێوەی پاشملە بەپێی یاسا.
دادوەر/ زرار محمود مرادخان
* * *

دادگای تاوانی هەولێر/١
ژمارە: ٢٦٨/ج/٢٠١٨
رێکەوت: ٢٠١٩/٧/١٧
بۆ تۆمەتباری هەلاتوو/ رشید سلیم خضر
ئاگادارکردنەوە
لەبەر ئەوەی تۆ تۆمەتباری بەپێی مادەی ٢٨٩-٢٩٨ لەیاسای سزا و سەلماندنی هەلاتنت وە نادیاری جێگاکەت لە کاتی ئێستادا بۆیە بریاردرا پاڵپشت بەمادەی ١٤٣ لەیاسای بنەما دادگاییەکانی سزایی بەپێی راگەیاندنت لە دوو رۆژنامەی ناوخۆیی رۆژانە بۆ ئامادەبوونت لەبەردەم دادگای تاوانی یەکەم لە هەولێر لەرۆژی ٢٠١٩/٩/٢٤ وە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێن بەشێوەی پاشملە/ غیابی بەپێی یاسا.
سەرۆک/ عبدالباسط عبدالله فرهادی
* * *

بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێ کردنی عەنکاوە
ژمارە: ٢٠١٨/١٢١
رێکەوت: ٢٠١٩/٧/١٨
ئاگاداری
بۆ/ بەڕێوەبەری رێپێدراوی کۆمپانیای D.H dream house
لەبەر نەزانین و نادیاری شوێنی نیشتەجێ بوونت, بۆیە پاڵپشت بە مادەی (٢٧) لەیاسای جێ بەجێ کردن, بریاردرا لەڕێگای رۆژنامەیەکی ناوخۆوە پێت رابگەیەنین تا لەماوەی (١٥) رۆژ لەدوای رۆژی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە لە بەردەم ئەم بەڕێوەبەرایەتییە ئامادە بێت بۆ ئەنجامدانی رێکارەکانی جێ بەجێ کردنی وەرگرتنەوەی کەل و پەلەکان لەناو مولّکی ژمارە (٤١٦ ك ٥ عنکاوە).
جێبەجێکاری داد/ سراج الدین محمد عبدالله
* * *

دادگای باری کەسی هەولێر/٤
ژمارە:٢٠١٩/٤ش/٥٥٧٦
رێکەوت:٢٠١٩/٧/١٧
جاردان
بۆ/ داوالێکراو (اومید مقصود محمد شوێنی دانیشتنت نادیارە
داواکار (چیمن کریم حسن) داوای ژمارە (٢٠١٩/٤ش/٥٥٧٦)ی لەم دادگایە لەسەرت تۆمارکردووە تیایدا داوای (التفریق للهجر) دەکات لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی اشعارەکانی مختاری (مامزاوە) بۆیە دادگا بڕیاری دا بەپێ راگەیاندنت بەهۆی دوو رۆژنامەی ناوخۆیی رۆژانە بەمەبەستی ئامادەبوونت لەم دادگایە لە رۆژی دادبینی ٢٠١٩/٨/٥ بەپێچەوانەوە دادبینی ئەنجام دەدرێ بەشێوەی ئاشکراو پاشملە.
دادوەر/ صباح حسن رشید
* * *

دادگای باری کەسێتی سلێمانی/١
ژمارە: ٢٠٤٧/ش/٢٠١٩
رێکەوت: ٢٠١٩/٦/١٧
ئاگانامە
داواکار/ ارکان عثمان احمد ناونیشان: سلێمانی
داوالەسەرکراو/ یەنی کارولین: ناونیشان نادیارە
داواکار (ارکان عثمان احمد) داوایەکی بەژمارە (٢٠٤٧/ش/٢٠١٩) لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەرت وە لەم داوایەدا هاتووە بە (پەسندکردنی طلاقی دەرەکی وە لەبەر نادیاری شوێنی نیشتەجێبوونت دادگا بریاری دا ئاگادارتان بکاتەوە بەهۆی دوو رۆژنامەی ناوخۆی رۆژانەوە بەمەبەستی ئامادەبوونت لەرۆژی دادبینی کە دەکەوێتە بەرواری ٢٠١٩/٨/٢٨ کاتژمێر (١٠:٠٠)ی سەر لەبەیانی بەپێچەوانەوە ئامادەنەبن خۆتان یان بریکارتان ئەوا داواکە ئەبینێ بەپێی یاسا.
دادوەری یەکەم/ د. سردار علی عزیز
* * *

دادگای کەتنی چەمچەماڵ
ژمارە: ٢٣٣/ك/٢٠١٩
رۆژ: ٢٠١٩/٦/١٩
سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی سلێمانی
بلاوکردنەوەی پسوولەی ئاگادارکردنەوە بۆ تۆمەتباری هەلاتوو (کامران حسین صالح)
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی مادەی (٤٤٦) لەیاسای سزادان وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠١٩/١٠/٢٠ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر / سەروەر علی جعفر
* * *

ئاگەهداری

ئاگەهداریا گشت لایەکی دکەین کۆ کومپانیا (لارین Lareen) بۆ بازرگانیا گشتی – هاورده و هەنارده / سنوردار) بریارا پاکتاوکرنا کومپانیێ دایە لەومە هەر لایەنەك و کەسەکی مافەك ل سەر کومپانیێ هەبیت بلا ددەمێ یاسایی دا ئاگەهداریا پاکتاوکەری بکەن ل (باژێرێ دهوکێ) بۆ ئێکلاکرنا کێشەیان .

پاکتاوکەر / جمال یاسین ابراهیم

ناڤ و نیشان / زاخو – رکاوە

ژمارا موبایلێ / ٠٧٥٠٤٠٩٢٢٤٩

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تومارکردنی کومپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی کومپانیان دهوك
بەشێ کومپانییێن نیشتیمانی

ژمارە / ٣٤٣٤
بەروار /٢٠١٩/٧/٢١

بریارا پاکتاوکرنا کومپانیا (سنوردار)

پاڵپشت ب ناڤەڕۆکا بریارا دەستەیا گشتی یا کومپانیا (لارین Lareen) بۆ (بازرگانی گشتی – هاورده و هنارده / سنوردار) ل رێکەفتی (٢٠١٩/٧/٣) ێ تاییەت ب دانانا کومپانیێ ل ژێر پاکتاوکرنێ دا ۆ دانانا بەرێز (جمال یاسین ابراهیم) وەکو پاکتاوکەرێ کومپانیا ناڤبری .
ئەز وەکو رێڤەبەرێ کومپانییێن دهوکێ بریارا سەری پەسەندکم ب مەرجەکی بهێتە بەلاڤ کرن لدیڤ ئەحکامێن ماددەیا (١٦٠) ێ ژ یاسایا تومارکرنا کومپانیا یا ژمارە (٢١) ێ سالا (١٩٩٧) ێ یا هەموارکری .
و ئەڤ بریارە هاتیە نڤێسین ل رێکەفتی (٢٠١٩/٧/٢١)
مافپەروەر / شێروان حیتو عبدالرحمن
رێڤەبەرێ کومپانیان دهوك

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوون و پشکنین
ژمارە: ٥٣٠٣
رێکەوت: ٢٠١٩/٧/٢١
بڕیاری سرینەوەی کۆمپانیا سنووردار
دوای تەواو کردنی سەرجەم رێکارەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیای (MATELEC IRAQ) بۆ (بەڵێندەرایەتی کارەبایی و میکانیك و دابین کردنی کەرەستەی وێستگە و تۆری کارەباییەکان/ سنوردار) وە پالپشت بە ئەحکامی ماددەی ١٧٧ لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ هەموارکراو.
من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریارمدا بە سرینەوەی ناوی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لە تۆمارەکانمان بەمەرجێ ئەم بریارە بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
اراس رؤوف عارف
بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان/ بەوەکالەت

DNO EST - 1971

کۆمپانیای (DNO) کە لە بواری گەران و بەرهەمهێنانی نەوت کار دەکات، پێویستی بە کارمەندی (ناوخۆ) هەیە بە پێی ئەم بوارو مەرجانەی کە لە خوارەوە هاتوون :

Job Title	Trainee E&I Technician
Work Location	Tawke + Peshkabir (Field)
Application Closing date	7 Days from the date of this announcement

Additional Details and requirements

Key Responsibilities:

- Works with the E&I Technicians on preventive maintenance routines on process control instrumentation and electrical distribution and control systems
- Support the installation of temporary electrical power supply and lighting systems
- Supports activities such as trouble-shooting and repair of process control instrumentation and electrical distribution and control systems
- Helps the E&I teams in preparing and planning maintenance tasks including ordering spares, support services and developing risk assessments and work permits
- Helps with the testing and repair of faulty electrical and electronic equipment

Required Qualifications & Experience:

- Degree or diploma in Electrical or Instrumentation and Control
- Good communication in English

Notes for interested Candidates

- Please submit your application by e mailing your CV to (dno-kurdistan@dno.no).
- Please specify the Job Title in the e mail subject.

DNO Iraq AS
Empire Business Complex, Building C2, Floor 3, Erbil, Kurdistan Region of Iraq
Org. no 988 714 526 **Office** +964 66 252 9950/ +47 22 01 56 64/6 65
dno.no

DNO EST - 1971

کۆمپانیای (DNO) کە لە بواری گەران و بەرهەمهێنانی نەوت کار دەکات، پێویستی بە کارمەندی (ناوخۆ) هەیە بە پێی ئەم بوارو مەرجانەی کە لە خوارەوە هاتوون :

Job Title	Gas Plant Trainee Operator
Work Location	Tawke + Peshkabir (Field)
Application Closing date	7 Days from the date of this announcement

Additional Details and requirements

Key Responsibilities:

- Assist in the monitoring and checking the plant condition and status and operating parameters on site in accordance with set schedules for taking readings, samples and general observation of plant and equipment
- Assist the operator for maintenance activities and monitor and maintain a high standard of house-keeping
- Assist in the design and application of process isolations to facilitate the safe execution of maintenance activities
- Assist the Production Team Leader in gathering the necessary information for daily and weekly reporting
- Seeks process and procedural improvement opportunities

Required Qualifications & Experience:

- Petroleum Engineering or Diploma or oilfield experience
- Excellent in English communication

Notes for interested Candidates

- Please submit your application by e mailing your CV to (dno-kurdistan@dno.no).
- Please specify the Job Title in the e mail subject.

DNO Iraq AS
Empire Business Complex, Building C2, Floor 3, Erbil, Kurdistan Region of Iraq
Org. no 988 714 526 **Office** +964 66 252 9950/ +47 22 01 56 64/6 65
dno.no

کۆمپانیای (DNO) کە لە بواری گەران و بەرهەمهێنانی نەوت کار دەکات، پێویستی بە کارمەندی (ناوخۆ) هەیە بە پێی ئەم بوارو مەرجانەی کە لە خوارەوە هاتوون :

Job Title	E&I Technician
Work Location	Tawke + Peshkabir (Field)
Application Closing date	7 Days from the date of this announcement

Additional Details and requirements

Key Responsibilities:

- Ensures that maintenance procedures, HSSE policies are properly followed
- Able to read and update blueprints, loop sheets, and schematic diagrams.
- Performs a wide variety of duties as required in the maintenance and installation of plant Electrical and Instrument systems, including but not limited to the following: diagnose, troubleshoot, repair, calibrate and install all plant electrical and instrument equipment including power systems, motors and controls, burners, chillers, wiring, digital, electronic and pneumatic instruments.
- Work in Computerized Maintenance Management System (CMMS) for work order tracking, time entry, parts procurement, etc.
- Performs maintenance per defined interval/schedule in a timely manner.
- Preparing and planning maintenance tasks including support services and developing risk assessments and work permits
- Recognizes and corrects potential equipment failure or unsafe conditions and communicates this to Acting Supervisor
- Work independently, be able to prioritize work, and be a self-starter.
- Effectively communicate and work in a team environment.
- Responsible for proper care/cleaning of tools, parts, materials and work area.
- Responsible for providing coverage in the absence of other Maintenance Technicians.
- Be able to work both in independently and in a team, environment completing objectives efficiently with a sense of responsibility.
- Be able to safely complete the physical tasks associated with the essential job functions.

Required Qualifications & Experience:

- Degree or diploma in Electrical /Instrument Engineering
- Minimum 5 years industrial experience E&I technician in the Oil & gas Industry
- Experience with CMMS software a plus

Notes for interested Candidates

- Please submit your application by e mailing your CV to (dno-kurdistan@dno.no).
- Please specify the Job Title in the e mail subject.

DNO Iraq AS
Empire Business Complex, Building C2, Floor 3, Erbil, Kurdistan Region of Iraq
Org. no 988 714 526 **Office** +964 66 252 9950/ +47 22 01 56 64/6 65
dno.no

کۆمپانیای (DNO) کە لە بواری گەران و بەرهەمهێنانی نەوت کار دەکات، پێویستی بە کارمەندی (ناوخۆ) هەیە بە پێی ئەم بوارو مەرجانەی کە لە خوارەوە هاتوون :

Job Title	Gas Plant Operator
Work Location	Tawke + Peshkabir (Field)
Application Closing date	7 Days from the date of this announcement

Additional Details and requirements

Key Responsibilities:

- Ensures that operating procedures, HSSE policies are properly followed
- Ensures that Field Gas processing operations such as Inlet sour gas compression, Gas sweetening, Gas dew pointing, Gas dehydration, export compression, and high-pressure injection compressors are operating within the window.
- Monitor and check the plant condition and status and operating parameters on site in accordance with set schedules for taking readings, samples and general observation of plant and equipment
- Undertake minor maintenance activities and monitor and maintain a high standard of house-keeping
- Assist in the design and application of process isolations to facilitate the safe execution of maintenance activities
- Management of chemical dosing and stock levels
- Assist the Production Team Leader in gathering the necessary information for daily and weekly reporting
- Seeks process and procedural improvement opportunities

Required Qualifications & Experience:

- Engineering Degree holder (In Petroleum, Process, Chemical, Mechanical engineering) BS in science with 5 yrs. experience in relevant field with knowledge in DCS and SCADA systems is an advantage
- Diploma holder in above mentioned subjects and minimum 7 yrs. experience with knowledge in DCS and SCADA systems is an advantage
- Excellent in English communication

Notes for interested Candidates

- Please submit your application by e mailing your CV to (dno-kurdistan@dno.no).
- Please specify the Job Title in the e mail subject.

DNO Iraq AS
Empire Business Complex, Building C2, Floor 3, Erbil, Kurdistan Region of Iraq
Org. no 988 714 526 **Office** +964 66 252 9950/ +47 22 01 56 64/6 65
dno.no

کۆمپانیای (DNO) کە لە بواری گەران و بەرهەمهێنانی نەوت کار دەکات، پێویستی بە کارمەندی (ناوخۆ) هەیە بە پێی ئەم بوارو مەرجانەی کە لە خوارەوە هاتوون :

Job Title	Mechanical Technician
Work Location	Tawke + Peshkabir (Field)
Application Closing date	7 Days from the date of this announcement

Additional Details and requirements

Key Responsibilities:

- Ensures that maintenance procedures, HSSE policies are properly followed
- Identify, troubleshoot and repair mechanical, hydraulic, pneumatic problems on plant facilities and production equipment.
- Performs maintenance per defined interval/schedule in a timely manner.
- Preventive maintenance routines on a variety of static and rotating mechanical equipment including pipework, valves, vessels, generators, pumps, compressors
- Preparing and planning maintenance tasks including ordering spares, support services and developing risk assessments and work permits
- Recognizes and corrects potential equipment failure or unsafe conditions and communicates this to Supervisor
- Interface with projects with regard to construction, pre-commissioning and commissioning of new equipment
- Test and repair of faulty mechanical components
- Responsible for proper care/cleaning of tools, parts, materials and work area.
- Responsible for providing coverage in the absence of other Maintenance Technicians.
- Be able to work both in independently and in a team, environment completing objectives efficiently with a sense of responsibility.
- Be able to safely complete the physical tasks associated with the essential job functions.
- Be able and willing to work in non-ideal environments such as: confined spaces, working at heights etc.

Required Qualifications & Experience:

- Degree or diploma in Mechanical Engineering
- Minimum 5 years industrial experience in variety of static and rotating mechanical equipment including pipework, valves, vessels, generators, pumps, compressors (Reciprocating compressor maintenance is an advantage)
- Maintenance experience in the Oil and Gas, field

Notes for interested Candidates

- Please submit your application by e mailing your CV to (dno-kurdistan@dno.no).
- Please specify the Job Title in the e mail subject.

DNO Iraq AS
Empire Business Complex, Building C2, Floor 3, Erbil, Kurdistan Region of Iraq
Org. no 988 714 526 **Office** +964 66 252 9950/ +47 22 01 56 64/6 65
dno.no

کۆمپانیای (DNO) کە لە بواری گەران و بەرهەمهێنانی نەوت کار دەکات، پێویستی بە کارمەندی (ناوخۆ) هەیە بە پێی ئەم بوارو مەرجانەی کە لە خوارەوە هاتوون :

Job Title	Trainee Mechanical Technician
Work Location	Tawke + Peshkabir (Field)
Application Closing date	7 Days from the date of this announcement

Additional Details and requirements

Key Responsibilities:

- Works with the Mechanical Technicians on preventive maintenance routines on all Rotary equipment's and process equipment's related to mechanical job
- Participate in the installation commissioning and startup
- Supports activities such as trouble-shooting of all mechanical equipment's
- Helps the Mechanical teams in preparing and planning maintenance tasks including ordering spares, support services and developing risk assessments and work permits
- Helps with the testing and repair of faulty equipment's

Required Qualifications & Experience:

- Degree or diploma in Mechanical Engineering
- Good communication in English

Notes for interested Candidates

- Please submit your application by e mailing your CV to (dno-kurdistan@dno.no).
- Please specify the Job Title in the e mail subject.

DNO Iraq AS
Empire Business Complex, Building C2, Floor 3, Erbil, Kurdistan Region of Iraq
Org. no 988 714 526 **Office** +964 66 252 9950/ +47 22 01 56 64/6 65
dno.no

www.xebat.net
ژمارە (5795) 2019/7/23 ساڵی شەممە
خەبات

بەریتانیا بۆ ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی:

دەستبەسەرداگرتنی کەشتییەکەمان پێشێلکردنی یاسا نێودەوڵەتییەکانە



ئا: خالید گەردی

دوا بەدوای دەستبەسەرداگرتنی کەشتیی (گریس 1)ی گوێزەرەوەی نەوتی ئێرانی بە بیانووی پێشێلکردنی سزا سەپێنراوەکان بەسەر وڵاتی سوریا لەلایەن بەریتانیاوە, ئێوارەی رۆژی هەینی رابردوو سوپای پاسدارانی ئێرانیش دەستیان بەسەر کەشتییەکی گوێزەرەوەی نەوتی بەریتانی بە ناوی (ستینا ئیمبیرو) داگرت بە تۆمەتی پێشێلکردنی یاسا دەریاییە نێودەوڵەتییەکان کە خەریکی پەڕینەوە بوو لە گەرووی هورمز ، دواتریش کەشتییەکەیان بەرەو کەنداوی بەندەر عەباس برد.

ئەم رووداوە سەرکێشەکردنێکی بەرفراوانی نێودەوڵەتی لێکەوتەوە.

رۆژی یەکشەممەش موراد‌وللا عەفیفی بەرێوەبەری گشتی بەندەر و دەریاوانی لە هەرێمی هورمزجانی ئێرانی بە تەلەفزیۆنی فەرمی ئێرانی راگەیاند: سەرجەم سەرنشینانی کەشتییەکە کە ژمارەیان (23) کەسە، سەلامەتن و تەندروستیشیان باشە.

لەندەن لەگرتنەبەری چەندین شێوازی رەتدانەوە دەکۆڵێتەوە

دوای دەست بەسەرداگرتنی کەشتییەکە، تۆماس ئیلودی وەزیری بەریتانیا رایگەیاند، بۆ وەلامدانەوەی ئێران وڵاتەکەی سەرقاڵی تاوتوێ کردنی چەندین رێوشوێنە لە دژی ئێران.

ناوبراو بە تۆڕی (سکای نیوز)ی بەریتانی گوت، بەرپرسیارێتی گرنگ و سەرەکیمان، گەیشتن بە چارەسەرێکە بۆ ئازادکردنی کەشتییەکەو زامن کردنی سەلامەتی ئەو کەشتییانەی دیکەشە کە هەڵگری ئاڵای بەریتانیین.

لەوەلامی پرسیاری ئەگەری سەپاندنی سزا بەسەر ئێران، ناوبراو رایگەیاند، لەمبارەوە لەگەڵ هاوپەیمانە نێودەوڵەتییەکانمان قسە دەکەین، کە ئاخۆ دەتوانین لە واقیعدا چ هەنگاوێکی گونجاو بنێین.

راپۆرتە هەواڵەکانیش ئاماژە بەوەدەکەن حکومەتی بەریتانیا خەریکی ئامادەکردنی نەخشەیەکە بۆ سەپاندنی سزا بەسەر حکومەتی ئێران.

رۆژنامەی (تەلیگراف)ی بەریتانیاش لە راپۆرتێکیدا ئاماژەی بەوە کردووە جیرێمی هانتی وەزیری دەرەوە بەرتانیا بانگهێشتی هەڵسوراوی کاروباری ئێرانی لە لەندەن کرد. ناوبراویش لە نووسینێکیدا لە پێگەی خۆی هەڵگیرساندنی شەڕی ناو دەبەن.


لەلای خۆیەوەش بەریتانیا لە نامەکەیدا ئاماژە بەوە دەکات گرژییەکانی ئێستا مایەی نیگەرانییەکی زۆرن، هەرچەندە کاری لە پێشینەمان ئارامکردنەوەی دۆخەکەیە نەک ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئێران، بەڵام هەڕەشەکان لە نێو ڕێڕەوە دەریاییە نێودەوڵەتییە دانپیانراوەکاندا لەکاتی پەڕینەوەی کەشتیەکان ، کارێکە مایەی قبوڵکردن نییە بەواتای تێکدانی سەقامگیری ناوچەکەیە.

جیرێمی هانتی وەزیری دەرەوەی بەریتانیا لە نووسینێکیدا لە پێگەکەی دەڵێت: کاردانەوەمان یەکلاکەرەوە دەبێت، ئێمە هەوڵمان دەدا ڕێگایەک بۆ چارەسەرکردنی بابەتەکە بدۆزینەوە، بەڵام ئێستا بیر لە زامن کردنی سەلامەتی کەشتییەکانمان دەکەینەوە.

مایەی باسە دوا بەدوای ڕووداوەکە بەریتانیا بانگهێشتی هەڵسوراوی کاروباری ئێرانی لە لەندەن کرد. ناوبراویش لە نووسینێکیدا لە پێگەی خۆی نووسیویەتی، پێویستە حکومەتی بەریتانیا ئەو هێزە سیاسییە نێوخۆییانە ئیحتوا بکات کە هەوڵ بۆ گرژترکردنی ڕەوشی نێوان ئێران و بەریتانیا دەدەن دەیانەوێت لە بابەتی کەشتییەکەش تێپەڕێنن، کە بەراستی لەو ڕەوشە ئاڵۆزەی ناوچەکە پێی گوزەر دەکات هیچ حیکمەتێکی تیا نابینرێت و مەترسیداڕە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئێران خۆڕاگرەو بۆ هەموو سیناریۆکان ئامادەیە.

سەرچاوە:
ئەلشەرقولئەوسەت ئۆن لاین

کاریکاتێر



مانشێت



سکای نیوز:
لە کۆریای باکوور پرۆسەی هەڵبژاردنی خۆجێیی بەڕێوە چوو و ڕێژەی دەنگدان تیایدا گەیشتە 99.98%.



ئاسۆشێتد پرێس:
ئێرانیەکان ئاڵای وڵاتی خۆیان لەسەر کەشتیە بەریتانیە دەستبەسەرداگیراوەکە هەڵکرد و ئەمەش پێشێلکردنی یاسا نێودەوڵەتیەکانە.



ڕۆژنامەی ئەلحەیات:
لە شارۆچکەی دیرە ئیسماعیل خان، لە باکووری ڕۆژئاوای پاکستان ، ئافرەتێک خۆی تەقاندەوە و لە ئەنجامدا 6 کەس کوژران .



ڕۆژنامەی ئەلشەرقولئەوسەت:
حکومەتی نیوزلەندا هەڵمەتی کرپنەوەی چەکی لە هاوڵاتیان ڕاگەیاند و لە ڕۆژی یەکەمدا خەڵک زیاتر لە 10 هەزار پارچە چەکیان ڕادەست کرد.



بی بی سی:
دوو وەزیر لە حکوومەتی مای ڕایانگەیاند ئەگەر جۆنسۆن بەبێ بە سەرۆکوەزیران، ئەوان دەست لە کارەکانیان دەکێشنەوە.



ئەی ئێف پی:
دۆنالد ترامپ داوای لەو چوار کۆنگرێسمانە ئافرەتە کرد کە پێشتر هێرشی کردبوونە سەر کە داوای لێبوردن لە خەڵکی ئەمەریکا بکەن.

www.xebat.net
ژمارە (5795) 2019/7/23 ساڵی شەشەم

لەوەرزی هاوین بۆچی پێویستە خۆخ بخۆین؟

خۆخ یەکێکە لە میوە هاوینەکان کە تامێکی جیاوازی هەیە و سوودی زۆرە، بۆیە بەردەوام شارەزایانی بواری خۆراک ئامۆژگاری خواردنی دەکەن بەدرێژایی وەرزی هەبوونی لە بازاڕدا.

گرنگترین سوودەکانی خۆخ بریتییە لە:

خۆخ رێژەیەکی بەرزی لە ڕیشاڵ تێدایە کە کار دەکات بۆ رێکخستنی فرمانی ریخۆڵەکان و دەیانپارێزێت لە توشبوون بە قەبزی.

خۆخ بەوە بەناوبانگە کە بڕێکی کەم یەکەی گەرمی (کالۆری) تێدایە بۆیە هاوکارە لە بەرنامەی دابەزاندنی کێش و کار دەکات بۆ دەربازبوون لە کێشی زیاد بەتایبەتی کە خواردنی چەند دانەیەک خۆخ هەستی تێربوونی خێرا دەبەخشێت و ئەو هەستەش بۆ چەند کاتژمێرێک بەردەوام دەبێت.

ژمارەیەکی زۆر لە تووخمە گرنگەکانی تێدایە وەک ئاسن کە بە تووخمێکی کاریگەر دادەنرێت بۆ چارەسەرکردنی حاڵەتەکانی ئەنیمیا وکەم خوێنی بۆیە ئامۆژگاری ئەو کەسانە دەکرێت کە ئەو نەخۆشیەیان هەیە بەردەوام خۆخ بخۆن.

خۆخ سووڕی خوێن لە جەستەدا چالاک دەکات.

مرۆڤ دەپارێزێت لە نەخۆشیەکانی سەرما و هەوکردنی قورگ بەهۆی هەبوونی رێژەیەکی بەرز لە ڤیتامین C لە پێکهاتەکەیدا.



چەند زانیارییەکی کشتوکاڵی بە سوود



یەکەم _لە کاتی زیادبوونی تووخمی نایترۆجین کەمتر گوڵەکان دەبن بە بەر و ئەگەری توشبوون بە مێرووی زیاد دەبێت.

دووەم _زیادبوونی فۆسفۆر هۆکارە بۆ کەمی تۆتیا zn و ئاسن fe.

سێیەم _زیادبوونی پۆتاس دەردەکەوێت کاتێک مەگنیسیۆم mg و کالیسیۆم ca کەم دەبێت.

چوارەم _ئەگەر هەورە بروسکە رووید‌ا ئەوە خاکەکە نایترۆجین وەردەگرێت.

پێنجەم _رشاندنی بەروبووم بە ئۆکیسینەکان + هیومیک + تۆتیا + فۆسفیت (پۆتاس + فۆسفۆر) لە دوو کاتدا پێش گوڵکردن و دوای دروستبوونی بەر دەبێتە هۆی زیادبوونی بەرهەم بە رێژەی 85-90%.

شەشەم _رشاندنی پەتاتە پێش چاندن بە ئاسنی میخلەبی EDDHA6 دەبێتە هۆی زیادبوونی بەرهەم لە یەکەی دۆنم.

حەوتەم _ئەو هۆرمۆنانەی هاندەری گەشە و درێژبوونی کۆمەڵەی سەوزن وەک جبریلینەکان دەبێتە هۆی وەستانی گەشەی کۆمەڵەی ڕەگی هەمان رووەک.

هەشتەم _مادەدی ئۆرگانی دەبێتە هۆی چەسپاندنی فۆسفۆر بە شێوەی فۆسفۆری یەکان یان دووانەی کالیسیۆم کە رووەک سوودی لێ وەردەگرێت.

نۆیەم _نایترۆجین دەچێتە زۆرێک لە پێکهاتەکانی گوڵ و بەر و دەست بەسەر توانای رووەک دەگرێت سەبارەت بە مژینی فۆسفۆر و پۆتاس.

دەیەم _فۆسفۆر جوڵەی کەمە لە نێو خاکدا، بەڵام زۆر بە جوڵەیە لە نێو رووەکدا.

یازدەهەم _لە کاتی رشاندنی ئۆکسینەکان توانا و کاریگەرییەکانی بەندە بە هەبوونی مادەدی ئۆرگانی و زیندەگی.

دوازدەهەم _ئەو مادە ئۆرگانییەی کە لە رووەک دروستکراوە باشتر بۆ بەکارهێنان و نابێتە هۆی پەیدابوونی کەڕوو لە خاکدا و رووەکەکە دەپارێزێت لە نەخۆشییە ڤایرۆسییەکان.

سێزدەهەم _مادەدی ئۆرگانی ئاسەواری لەسەر بەرهەڵستی ڤایرۆس دەبێت کە توشیی رووەک دێت.

چواردەهەم _بەکارهێنانی مادەدی فۆسفیت توانای پێشگیری بە رووەک دەدات دژی نەخۆشیی کەڕوو و PHی خاک دادەبەزێنێت و قەبارەی بەر گەورە دەکات.

پازدەهەم _زیاد بەکارهێنانی پۆتاس بۆ داری مزرەمەنی (پرتەقاڵ و لیمۆ و ...) دەبێتە هۆی گەنینی ناوکی مزرەمەنییەکان وەک پرتەقاڵ نەک وەک باوە بە هەڵە کە نەخۆشییەکی کەڕووە.

شازدەهەم _رشاندنی داری میوە بە ئاوێتەکانی ئۆکسینەکان پێش گوڵکردن و دوای هەڵپاچینی بەر وەرینی گوڵ و بەرەکان کەمدەکاتەوە.

حەڤدەهەم _لە کاتی کەمبوونی زۆری تۆتیا و مەنگەنیز نیشانەی توشبوون بە کەڕوو دەردەکەوێت بۆیە گرنگە بایەخ بە رشاندنی توخمە دەگمەنەکان بدرێت.

هەژدەهەم _بەکارهێنانی پەینی نایترۆجینی لە کاتی گوڵکردندا هۆکاری کەوتنی خێرای گوڵەکانە.

نۆزدەهەم _رشاندنی رووەک بە توخمی مس یان قڕکەری کەڕوو کە مسی تێدا بێت دەبێتە هۆی وەرینی پێشوەختەی گوڵەکان.

گەڵای توو جێگرەوەی ئەنسۆلینە

ئەو لێکۆڵینەوانەی کە توێژەران ئەنجامیان داوە لەسەر گەڵای توو دەری دەخەن کە چەندین مادەدی زیندەکی و ئاوێتەیی کیمیایی هاوشێوەی پێکهاتەی ئەنسۆلین لە گەڵای تووداً هەیە کە هەمان فەرمانی ئەنسۆلین لە جەستەدا ئەنجامدەدەن وەک سووتاندنی شەکری زیاد و رێکخستنی لە رێژەیی سروشتیدا، لەهەمانکاتدا گەڵای توو چەند مادەدیەکی دیکەی تێدایە کە هانی پەنکریاس و رژێنە بەرپرسیارەکانی دەردانی ئەنسۆلین دەدەن بۆ ئەوەی لە رێژەی خۆیان زیاتر ئەنسۆلین دەربدەن و لە ئەنجامدا رێژەی شەکر لە خوێندا کەمدەبێتەوە، بەهەمان شێوە کار دەکات بۆ سووتاندنی چەوری پێش گۆرینی بۆ شەکری زیانبەخش. رۆژانە دوو تا سێ جار ئەو ئاوەی کە لە ئەنجامی کوڵاندنی گەڵای توو لە نێو ئاودا دەستدەکەوێت دەخورێتەوە وەک جێگرەوەی ئەنسۆلین ودەرمانەکانی دیکە.



هەبوونی شیلەی گوڵ و کاریگەری لەسەر کۆمەڵەی هەنگدا

شیلەی گوڵ چییە؟ شیلەیەکی ڕوونە کە گوڵی گیا و درەخت بەهۆی خانەی شلەدەری تایبەت بە شلە دەری دەدات.

هۆکارەکانی دەردانی شلە چین ؟

بەگشتی هۆکارێکی زۆر جیاواز هەن لە دەردانی شیلە وەک چۆنیەتی و ئەندازە و کوالێتی و خەستی و ڕوونی .

هۆکارەکانی تر وەک : باران کاتی باران و پێش و پاش کەوتنی، جۆری گیا ، هەیکەلی گیا ، رێژەیی شێ لە خاکدا لە هۆکارە گرنگەکانن.

گیاکان کاتی گوڵ کردن و گەشەکردنیان جیاوازی زۆر هەیە. بۆیە کاتی شلەدانیش بەپێی گوڵ و گیا و درەخت جیاوازە، هەندێک لە گوڵەکان بەرەبەیان شلەدەردەدەن و هەندێکی تریان دوای نیوەڕۆ شلە دەردەدەن. بەڵام هەندێکیان لەتەواوی ڕۆژدا شلە دەردەدەن.

بەرزی و نزمی پلەی گەرما بۆ دەردانی شلە لە خانەکانی دەردانی شلەدا لە گیایەک بۆ گیایەکی تر جیاوازە، جیا لە هۆکارەکانی پلەی گەرما ، لە ڕۆژانی هەتاودا شلە زیاترە لە ڕۆژانی هەوردا، چونکە خانەکانی دروستکەری شلە کە خۆر بەدەرەوەیە کردارەی ڕۆشنەپێکهاتنphotosynthesis ئەنجام دەدەن.

ژمارەی خانەکانی دروستکەری شلە لە هەر گوڵێکدا وە شوێنی گوڵەکان لەسەر گیاکان هۆکارن لە کەمی و زیادی لە رێژەی دەردانی شلەدا.

لە لێکۆڵینەوەکاندا دەرکەووتووە کە هەرچەندە هەنگ لە گوڵێک شلە بێنت گوڵەکە زیاتر شلە دەردەدات.

ساڵی 1953 لێکۆڵەر ویکس wickes سەلماندی کە ئەگەر لە ماوەی کەمدا شلەی گوڵ هەڵ بگیرێت ئەوە رێژەیی زیاد دەکات وە رێژەی شەکر لە شلەکەشدا زیاد دەکات. بەڵام لەگەڵ بە تەمەن داچوونی گوڵەکە رێژەی شەکر لە شلەکەدا دادەبەزێت، ئەوەش وادەکات کە هەنگەکان سەردانی گوڵێک نەکەن کە رێژەی شەکر 20% کەمتر بێت. ئەوەش دەریدەخات کە لەرێگای رێژەی شەکر لە شلەی گوڵەگان دا بتوانرێ دەری بخەن کە هەنگەکان سەردانی دەکەن یاخود نا .



هۆکارەکانی کەم بوونی شیلە:

یەکەم- وشکە سالی کاریگەری راستەوخۆی هەیە لەسەر کەمبوونی شیلە.

دووەم- دابەزینی لەناکاوی پلەی گەرمی ئەگەر بارانیشی لەگەڵ بێت دەبێتە هۆی وەستانی شلە.

سێیەم- بایەکان بە تایبەتی بای تووند و گەرم دەبنە هۆی بەهەڵم بوونی شلەی گوڵەکان، شلە زۆر کەم دەکات.

چوارەم- ڕووناکی لە هەوای تەمومژاویدا دەردانی شلە لە گوڵەکان زۆر کەم دەکات.

پێنجەم- لەراوە بەدەری بارینی باران کاریگەری راستەوخۆی دەبێت لەسەر گیا و درەخت، گەش و بەرهەمیان نۆرماڵ نابێت و کرداری شیلە و هەڵاڵە لە گوڵەکاندا گۆرانکاری بەسەردا دێت بەتایبەتی لە درەختدا دەبێتە هۆی تەمەن کورتی گوڵ و وەراندنی گوڵەکانی، لە گیا کانیشدا گیا بااڵ بەرزەکان زاڵ دەبن بەسەر قەد کورتەکاندا وەک پێویست ڕووناکی هەتاو لێیان نادات تا شلە و هەڵاڵەی پێویست دەربدەن.

هۆکارەکانی زیاد بوونی شیلە لە سروشتدا:

1- شێدار‌ی و تەڕی خاک ئاوی زیاتر لە ئختیاری خانەکانی شلەدەری گوڵدا دەدەن، ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی شیلە زیاتر بدات.

2- هەرکات لە هوای گەرمدا باران ببارێت و دوای بارانەکەش هەوا گەرم بێت شلە چەند بەرامبەر دەبێت.

چۆنیەتی گواستنەوەی شیلە لە لایەن هەنگەوە :

هەنگەکان چۆن گوڵەکان دەدۆزنەوە؟

بە کورتی بە وتەی زانایان هەنگ لە دوورەوە بەهۆی ڕەنگەکانەوە دەیاندۆزێتەوە، لە نزیکیشەوە بەهۆی بۆنەوە.

شلەدانی هەنگ لە توانای دایە 70ملی گرام شلە هەڵبگرێت، بەڵام ئەندازەی ناوەندی 20 بۆ 40 میلی گرامە. ئەو ئەندازەیەش پەیوەستە بە پلەی گەرمی و جۆری شلە و گیا.

هەنگەکان شیلەی گیاکان کە رێژەی شەکریان لە 20%بێت پەسەند ناکەن، زیاتر سەردانی گوڵێک دەکەن کەرێژەی شەکریان لە سەرووی 20%بێت و چری شلەکەیان زیاتر بێت.

رێژەی شەکرەکان لە گوڵەکاندا جیاوازە لە نێوان 25%بۆ 80-75%کەوایە هەنگەکان لە هەڵبژاردنی گوڵەکاندا دوو پێوەریان هەیە رێژەی شەکر لە شلەدا و چڕی شلە.

لێکۆڵەر پارک 1932لە لێکۆڵینەوەکانیدا سەلماندی کە چڕی شلە لە شلەدانی هەنگدا لە کاتی گواستنەوەدا لەنێوان گوڵەکان تا پورە هەنگەکە کەم دەکات ئەو دیاردەیەش بە هۆی هەردوو ئەنزیم و لیکی دەمی هەنگەکە ڕوودەدات، رێژەی دابەزینی چڕی شلە کە لە شلەدانی هەنگدا 1%تێپەڕ نادات.

رێنمایی چییە بۆ هەنگەوانان لە ساڵێکی بێ شلە و خۆراکی هەنگ لە سروشتدا؟

خۆراکی هەنگ لە سروشتدا تەنها هەڵاڵە و شیلەیە. هەروەک سروشتی هەنگ کە کاتێک خۆراک زۆرە لە سروشتدا کۆمەڵەی زۆر دەکات و لە هەمانکاتیشدا ئەگەر لە سروشتدا خۆراک کەمیکرد کۆمەڵەی دادەبەزێت. ئەوە ئاماژەیەکی جوانە بۆ هەنگەوان کە هەستی کرد لە سروشتدا خۆراک نیە یان کەمبووە دەبێت خێرا خۆراک دابین بکات بۆ هەنگەکان چونکە لە کەمی خۆراک هەنگەکان بە خێرای کۆمەڵەیان دادەبەزێت، دابەزینی کۆمەڵە یەکسانە بە ڕاگرتنی گەرا و نەخۆشی و کەمی بەرگری و دەبێتە هۆی فەوتانیان لە زستاندا.

چۆن نەهێڵین کۆمەڵەیان دابەزێت؟ بەهار و هاوین هەنگی تەمەن کورتە بە زحمەت دەگاتە چل ڕۆژ، ئەگەر خۆراک زۆر بێت وەک پڕۆتین وڤیتامینەکان، دوای وەرزی بەهار هەنگ تەمەنی لە 35ڕۆژ تێناپەڕێت.

ئەگەر لە جەستەیاندا کەمی پڕۆتین و ڤیتامین هەبێت ئەوە تەمەنیان بە پێی کەم و زیادەیی لە رێژەی پڕۆتین لە جەستەیاندا کەم و زیاد دەکات.

ئەگەری پڕۆتین لە سروشتدا کەمبوو هەنگەکان توشی دابەزینی کۆمەڵە و ڕاگرتنی گەرا و زیاد بوونی نەخۆشی دەبن.

لە لێکۆڵینەوەکاندا دەرکەوتووە ئەو هەنگەی رێژەی پڕۆتین لە جەستەیاندا لە 30%کەمتر بوو بەرگەی زستان ناگرن.

کەوایە پڕۆتین پێویستە بە ئەندازە بدرێت بە هەنگەکان بۆ پێشگیریکردن لە کۆمەڵە دابەزین. دوای ئەوە بەردەوامی تێستی ڤاروا بکرێت چونکە دەبێتە هۆی بڵاوبونەوەی کۆمەڵێک نەخۆشی و کێشەی گەورە دروستەدکات بۆ هەنگەکان لە ئایندەدا.

ئامادەکردن و نووسین:
عەبدولقادر ڕەسول



پارێزگەرێ دهوکێ پیروزباهیێ ل یانا زاخو یا وەرزشی دکەت

ب هەلکەفتا ب دەستپێکرنا پلا نایاب ژلایێ یانا زاخو یا وەرزشی ل سەر ئاستێ ئیراقێ بناڤێ کارگێریا پارێزگەها دهوکێ گەرمترین پیروزباهیا ئاراستەی هەموو ستافێ یانێ دکەین، بێ گومان ئەڤ سەرکەفتنە بەرهەمێ رەنج وزەحمەتا یاریکەر وراهێنەرایە ونیشانا دارشتنا پلانا هونەری یا ساخلەم وپشتەڤانی وچاڤدێریا کارگێریە.

هیڤی دارین بەردەوام پاراستنا ئاستێ خوبکەن بو وێ یەکێ ئەڤ دەستکەفتە ببیتە پێنگاڤەک بو ب دەستڤەئینانا ئەنجامێن باشتر وئەڤ سەرکەفتنە ودگەل کارگێریا نوو یا یانێ ببیتە قوناغەکا تازە ژکاریّ یانا زاخو ، سەرکەفتنا هەوە شانازیە بو هەموو پشتەڤان وجەماوەرێ وەرزشی.

دووبارە پیروزباهیێ ودەستخوشیێ ل هەموو ستافێ یانێ وجەماوەر وپشتەڤانێن وەرزشی دکەین هیڤیدارین ل پاشەرۆژێ سەرکەفتنێن مەزنترب دەستڤەبینن.

فەرهاد ئەمین ئەترویشی
پارێزگەرێ دهوکێ

ڕێڤینگ مەحمود:
پلەی یەکەمی ماراسۆنی تورکیام بەدەستهێنا بەڵام کەس دەستخۆشی لێنەکردم



دیانە: سەرهەنگ نەجمەدین

لەشاری هەولێر یاریزانی ئاست بەرزی گۆڕەپان و مەیدان و ماراسۆن مان لەپەنجەی دەست تێناپەڕێت ، یاریزانی ئاراراتر ڕێڤینگ مەحمود یەکێکە لەیاریزانە هەرە باشەکانی شاری هەولێر لەڕاکردنی ماوە درێژەکان، ئەو یاریزانە ماوەی ڕابردوو لە تورکیا بەشداری ماراسۆنێکی گەورەی ئەو وڵاتە کرد و ناوبراو لەوێ توانی بەپلەی یەکەم بگەڕێتەوە کوردستان، بۆ ئەم مەبەستە و وەرگرتنی زانیاری لەبارەی چۆنیەتی بەشداری کردنی لەماراسۆنەکەی تورکیا ڕێڤینگ مەحمود بۆ خەبات ڕایگەیاند: خۆشبەختانە مانگی ڕابردوو لە تورکیا بەشداری گەورەترین ماراسۆنی تورکیام کرد کەتیایدا زیاتر لە 700یاریزانی ناوخۆ و وڵاتانی بیانی بەشداریان تێدا کردبوو، خۆشبەختانە لەماراسۆنەکە بەدرێژایی 14کم توانیم بەیەک کاتژمێر ونۆ خولەک پلەی یەکەمی وڵاتی تورکیا بەدەست بهێنم، ئەم ئەنجامە تارادەیک زۆر دڵخۆشکی کردم، بەڵام بەداخەوە دوای گەرانەوەم لەوڵاتی تورکیا هیچ کەس لەبەرپرسانی وەرزشی شاری هەولێر بۆ ڕێزگرتن لەئەنجامەکەم دەستخۆشیان لێنەکردم.

هەر لەبارەی ئەو کەسانەی کەهاوکاریان کرد بەمەبەستی گەشت کردنی بۆ وڵاتی تورکیا ڕێڤینگ بۆ ئەم مەبەستە گوتی: زۆر سوپاسی د. ئەنوەر دوڵەمەری سەرۆکی فیدراسۆنی شاخەوانی کوردستان دەکەم بەهەموو شێوەیەک پاڵپشت و هاوکاری کردم لەگەشت کردن و بەشداری کردنم لەماراسۆنەکەدا.


هەر لەبارەی ئامادەکاریی بۆ ماراسۆنێکی دیکەی وڵاتی تورکیا کە وابیارە لەماوەی داهاتوو لەئەستەنبوڵ ئەنجام بدرێت بۆ ئەم پرسە یاریزان ڕێڤینگ گوتی: بێگومان ڕۆژانە بەچڕی مەشق وڕاهێنان ئەنجام دەدەم بەمەبەستی بەشداریکردنم لەماراسۆنی نێو دەوڵەتی وڵاتی تورکیا ، هەمیشە بیرم لەوە کردۆتەوە تەنها و تەنها بۆبەدەستهێنانی ئەنجامی بەرز ڕووبکەمە ئەو وڵاتە، داواکارم لەهەموو بەرپرسانی وەرزشی شاری هەولێر هاوکار وپاڵپشتم بن تا بتوانم ئەنجامێکی بەرز بەناوی کوردستان لەوڵاتی تورکیا تۆمار بکەم.

بارزان.. پێشبرکێیەکی مەلەوانی بەڕێوەچوو

مسلم دۆلەمەری ژ بارزان

لەدرێژەی کاروچالاکی و خزمەتکردن بە تۆڕی لاوان وبەئامادەبونی ژمارەیەک لە بەرپرس ونوێنەرانی ئیداری و حزبی و ڕێکخراوەیی ولاوان و وەرزشدۆستان، ناوەندی بالای بارزانی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان هەستان بە ڕێکخستنی پێشرکێیەتی مەلەوانی لە بەندەوی ڕێزان. شایانی باسە لەم پێشبرکێیەدا 23مەلەزانی سنووری ناوەندی ناوبراو بەشداربوون و لە ئەنجامدا یاریزان دلێر جەمیل پلەی یەکەم وعامر ئەحمەد پلەی دووەم وئەمیر مستەفا پلەی سێیەمیان بەدەست هێنا ، لە کۆتاییشدا خەلات بەسەر سەرکەوتواندا دابەشکرا .

زلاتان گاڵتە بە خولی ئەمەریکی دەکات



زلاتان ئیبراهیمۆڤیچی یاریزانی یانەی لۆس ئەنجلۆس گالاکسی ئەمەریکی بەردەوامە لە لێدوانە سەرنج ڕاکێشەکان و ئەمجارە گاڵتە بە خولی ئەمریکی دەکات کە خۆی یاری تیا دەکات. زلاتان ئەمجارەش هاتریکێکی دیکەی تۆمار کرد و دوای ئەم هاتریکەش گوتی: خولی ئەمەریکی لەئاست خولی ئەوروپا نییە ، با ڕاستگۆ بین لەگەڵ خۆمان، پێشتر لەگەڵ یاریزانێک یاریم کردووە یان لە ئاست من بووە یان نزیک بووە لە ئاستم، من وەکو فیراریم لێهاتووە لە نێو فیئاتەکان، ئەو شەوە وادەرکەوتم کە گوایە من باشترین یاریزانی ئەو خولە بم.

جێی باسە تا ئێستا زلاتان 44یاری لەگەڵ لۆس ئەنجلۆس ئەنجامداوە و لە 38یاریدا گۆڵی تۆمارکردووە و 10 گۆڵیشی دروست کردووە.

سوکایەتییەکەی زێدان بە بەیل هەرا دەنێتەوە

دوو ڕۆژە دوا لێدوانی زینەدین زێدانی ڕاهێنەری یانەی ڕیال مەدرید سەبارەت بە گاریس بەیل، هەرایەکی ناوەتەوە و هەریەک لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن لای خۆیەوە بەشێوەیەک گوزارشتی لێ دەکات پێیان وایە ئەو لێدوانەی ڕاهێنەری ڕیال جگە لە سوکایەتی هیچی تری لەپشتەوە نەبووە.

جۆناسان بارنیتی بەڕێوەبەری کاروبارەکانی گاریس بەیلی یاریزانی ڕیال مەدرید لەبارەی ئەو لێدوانەی زێدان دەڵێت: ئەوەی زێدان گوتی جگە لە سەرشۆڕی هیچی تر نییە ، چونکە هیچ ڕێزێکی بۆ ئەو یاریزانە نەهێشتەوە کە چەندین ساڵە خزمەتی یانەی ڕیال مەدرید دەکات.

جێی باس پێشتر زێدان ڕایگەیاندبوو کە پێستا بەرپرسانی ڕیال مەدرید کار لەسەر ئەوە دەکەن گاریس بەیل بگوازنەوە لە سانتیاگۆی نەهێڵن.



بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیلی:
reklam@xebat.net
بەشی تاگاداریی‌یەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT info@xebat.net
www.xebat.net
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla

خەبات XEBAT
Tue, 23. Jul. 2019 No: (5795)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر

کوردستان باوەشی گەرمی دایکمە و هەمیشە شانازی بەکوردبوونمەوە دەکەم

گۆرانیبێژ نادیە یاسین: لەنێوان گۆرانی و سەما کامیان هەڵدەبژێرێت؟



وریشە عومەر:

خانمە گۆرانیبێژی لاو نادیە یاسین لەبەرنامەیەکی تەلەفزیۆنی لەسەر ژیانی هونەری و تایبەتی خۆی دواو گوتی: هۆکاری دووریم و بێ دەنگیم بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کەمن نامەوێت لەسەرخۆم بدوێم من ژیانی تایبەتی خۆم هەیە و سەرقاڵی ژیانی تایبەتی خۆمم، کە بەرهەمم نەبێت بۆ دەربکەوم ،دەمەوێت کاتێک دەربکەوم کەبەرهەمم هەبێت.

جگە لەهونەری گۆرانی وتن ئەوهونەرمەندە گوتی: حەزم بەهونەری سەمایە و حەزم لەمیوزیک بوە لام پیرۆزن، هەرشتێک بێت هەستی خۆتی پێ دەربڕیت خۆشە ، بەڵێ من چووم بۆ قوتابخانەی سەما و ئێستاش هەر بەردەوامم، هیوادارم هەمیشە ئەوە لەژیانمدابێت و بتوانم خۆشی لێ ببینم.لەنێوان گۆرانی و سەما ئەوخاتونە دەڵێت: بۆنابێت هەردوو کیانم هەبێت؟گەربڕیاربێت یەکێکیان هەڵبژێرم بێگومان گۆرانی چونکە کاتێک بێتاقەت بیت دەتوانی گوێ لە گۆرانییەکی خاو بگریت یان گۆرانیەکی خاو بڵێیت خۆت لەبێزاری لابدەیت، بەڵام مرۆڤ کە بێزاربوو ناتوانێیت سەما بکات.

لە بەشێکی دیکەی قسەکانی گوتی: بەڵێ چەند کارێکی نوێم لەبەردەستە کاریان لەسەردەکەم هیوادارم بتوانم کارێکی باش بکەم و پێشکەشی هەوادارانمی بکەم.لەدوابەشی قسەکانی دەبارەی نیشتیمان ئەم هونەرمەندە کوردە کەلەدەرەوەی کوردستان دەژیت دەڵێت: نیشتیمان هەرتۆم هەیت هەمیشە ئەو وشەیەم لەسەردەمە ، نیشتیمان باوەشی گەرمی دایکە ، راستە من لەدەوەی وڵات گەورە بووم، بەڵام پەروەردەیەکی کوردانە کراوم هەمیشە فەخر بەشەهیدان و قوربانی دانی پێشمەرگەوە دە کەم و هەر چوارپارچەکەی کوردستانم خۆش دەوێت. گۆرانیبێژ نادیە یاسین لە ساڵی 1999وە دەستی بە کاری هونەری کردووە و گۆرانیی (شادم) یەکێک بوو لەو گۆرانییانەی پێی ناسرا و دواتریش ئەلبوومێکی هونەری بڵاو کردەوە بەناوی (تۆم لە بیرە) ، دوایین کاری هونەریشی لە ساڵی 2012 بەناونیشانی (هەی نێرگز) بوو ، لە دوای ماوەیەک لە کاری هونەری دابڕا، پاشان بەرهەمێکی بە شێوەزاری بادینی بڵاوکردەوە بەناوی (لێک جودا دەبین) ، ئێستە لە کەنەدا دەژی و ژیانی هاوسەری پێکهێناوە و خاوەنی دوومندالە.



ناونیشانی نووسینگەی «خەبات» لە شاری سلێمانی:
شەقامی سالم، پشت لقی چوار

ژمارەی تەلەفۆن:
07501725513
07501124578



ئۆتۆمۆبیلی کارەبایی دەبێتە جێگرەوەی هەموو وزەکان

ئاشتی گەرمیانی/ مۆنەندا

دەمێکە گوێمان لەوە دەبێت کە ئوتومۆبیلی کارەبایی دەبێتە جێگرەوەی هەموو وزەکان، لەم ساڵانەی دواییدا کۆمپانیاکانی جیهان بە شێوەیەکی نیو جێگری ئەو تەکنیکە خزمەتگوزاریەیان خستە نێو پلانی وەبەرهەمهێنانی ئۆتۆمۆبیلەکانەوە ، هەر ئەوەش وای کرد سەرەتا هەندێک لەو سیستەمە بخەنە نێو میکانیکی ئۆمبیلێکەوە کە بە بەنزین و کارەبا کار بکات، دواتر هەموو سیستەمەکە کراوە بە وزەی کارەبایی، بێگومان کۆمەڵێک هۆ هەن کە مرۆڤی تەکنیکاڵەکان بیریان لەم تەکنەلۆژیایە کردۆتەوە ، لەوانە جێگرەوەی وزەی بەنزین و گاز و و غاز وە پاک ڕاگرتنی ژینگە کەلە سەرشەقامەکانی جیهان وە پر لەهەموو تەکنەلۆژیاکان وەکو عەقڵی زیرەک و پیکا واتە ئەسپی تەواو و دارشتنی بڕدی کۆمپیوتەری گشتی وە هەموو حەساسە هەستیارەکان و لەگەڵ گۆڕان کاری بە دیزاینی ناوەوە وە دەرەوەی ئۆتومۆبیلەکان و بێدەنگی مۆتۆڕ و ڕێشتنی بە چڕپە، لەهەمان کاتدا هێزی کۆکردنەوەی وزەی کارەبا تا 400کم دەتوانێت بپارێزێت، وە پڕکردنەوەی لە 20خولەکدا بە بڕێک پار، وە 50خولەک بە بڕێکی تری پارەیە، مۆدێلی 2019وە 2020ئەو گۆرانکاری یە تەکنەلۆژیایەیە کە ئیدی مرۆڤ دوور دەخاتەوە لە پیس بوونی ژینگەو دوکەڵی ئۆتۆمۆبیلی گاز و بەنزین و غاز ..بەفراوانی بڵاو دەبێتەوە.



ئۆتۆمۆبیلەکاندا بڕی دوکەڵی تێدا نەماوە و ڕۆن و قایشی تایمکێسی تێدا نییە، لەگەڵ ئەوەی کە پیاوە تەکنیکییەکان بیریان لەوە کردۆتەوە کە ڕۆژێک دێت ئەو جۆرە ووزانەی کە لەژێر زەوی دەردەهێنرێت کۆتایی پێ بێت ، هەرچەندە لەساڵی 2003 یاسین لە ساڵی 1999وە دەستی بە کاری هونەری کردووە و گۆرانیی (شادم) یەکێک بوو لەو گۆرانییانەی پێی ناسرا و دواتریش ئەلبوومێکی هونەری بڵاو کردەوە بەناوی (تۆم لە بیرە) ، دوایین کاری هونەریشی لە ساڵی 2012 بەناونیشانی (هەی نێرگز) بوو ، لە دوای ماوەیەک لە کاری هونەری دابڕا، پاشان بەرهەمێکی بە شێوەزاری بادینی بڵاوکردەوە بەناوی (لێک جودا دەبین) ، ئێستە لە کەنەدا دەژی و ژیانی هاوسەری پێکهێناوە و خاوەنی دوومندالە.

بەرزاییەکەی دوو هەزار و 150مەترە، چیای نەمروود سەرنجی گەشتیارانی ڕاکێشاوە



چیای نەمروود لە سنووری پارێزگای ئادیامانی باکووری کوردستان کە خراوەتە ناو لیستی شوێنەوارە جیانییەکانی ڕێکخراوی یونیسکۆ سەربە نەتەوە یەکگرتووەکان، سەرنجی گەشتیارانی ڕاکێشاوە و گەشتیاران بە لێشاو ڕووی تێ دەکەن. چیای نەمروود کە شوێنەواری میژوویی ناوازە و دەگمەن لەخۆدەگرێت، بەرزاییەکەی دوو هەزار و 150مەترە و دەکەوێتە سنووری قەزای کاهتا سەربە پارێزگای ئادیامان.چیاکە بووەتە جێگەی بایەخ و سەرنجی گەشتیارانی بیانی بە تایبەتیش گەشتیارانی، ژاپۆن، نەمسا ، ڕووسیا ، چین و ڕۆمانیا . دانیشتوانی ناوچەکەش ناوی خۆشترین شوێنی جیهانیان لە چیاکەیان ناوە بەو پێیەی لەسەر چیاکە دیمەنی خۆرهەڵاتن و خۆرئاوابوون دەبیندرێت. جگە لەوەش ژمارەیەک پەیکەری شوێنەواری لە چیای نەمروود بەرچاو دەکەون کە دریژییەکەیان دەگاتە 49مەتر و پانییەکەیان دەگاتە 152مەتر.